# دیداری
# چیرۆکڤانی

وەڕگێرانی حەمەکەریم عارف

ناوی کتێب: دیداری چیرۆکڤانی
بابەت: دیمانە
ناوی وەرگێڕ: حەمە کەریم عارف
پیتچنین: رزگار حەساری
هەڵەچن:سەرگوڵ محەمەد ئەمین
چاپخانە:ئارابخا / کەرکوك
چاپی یەکەم: 2005

# دیمانەیەك لەگەڵ

## جان دۆس پاسۆس

سازدانی :دەیڤید ساندیرز

به ماوەیەکی کەم پاش ئەوەی دۆس پاسۆس لە ساڵی 1936دا زنجیرەی U.S.A تەواو کرد، جان پۆل سارتەر وتارێکی دەربارەی نووسی و بە "گەورەترین نووسەری زیندووی" لە قەڵەمدا، لە ساڵی 1939دا گۆڤاری (نیو مەسیس) رەخنەیەکی توندی دەربارەی رۆمانی (خۆسەرییەکانی پیاوێکی گەنج)ی پاسۆس نووسی و بە بابایەکی (تروتیسکیست)ی لە قەڵەمدا. ئەگەرچی هیچ رایەك لەو دوو رایە ناکۆکە نموونەیەکیان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی کارەکانی پاسۆس بە دەستەوە نەدەدا، لێ بەلای کەمەوە دەربڕی ئەمە بوو کە ئەم پیاوە هەڵوێستی خۆی لە موتڵەقێکەوە بۆ موتڵەقێکی دیکە گۆڕیوە. واتە لە هەڵوێستی چەپەوە لە رۆمانێن: (سێ سەرباز، منهتن ترنسفر، یو، ئێس، ئەی- U.S.A) بۆ هەڵوێستی ڕاست لە ناوچەی کۆلومبیاو نیوەی سەدە، وەرچەرخاوە. ئەم وەرچەرخانە تەنیا لە رۆمانەکانیدا نابینرێ، بەڵکو پیاو بە ئاسانی دەتوانێ لە چالاکییە سیاسییەکانی دۆس پاسۆس-شدا بیدینێ.

لەبری هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری (نیومەسیس)دا بەرەو لای گۆڤاری (ناشنال ریو ریو) بایدایەوەو هاوکاری لەگەڵ ئەودا کرد. لەجیاتی کارکردن لە نەخۆشخانەی (نورتون هارجز) مامۆریەتی گۆڤاری (لایف)ی بۆ نووسینی ڕاپۆرێك دەربارەی (سینەمای پاسیفیك) لە ئەستۆ گرت، لە کۆنفرانسی ڤیرسیاوە گەییە دادگای نورنبرگ، لە دوا ئەنجامدا وازی لە گەشت و گەڕانی بەردەوام هێناو ژیانێکی ئارام و هێدی لە مەزراکەی بابیدا هەڵبژارد.

بەدەر لەم هەموو گۆڕانکاریانەو تەنانەت بە پێچەوانەی ئەوەوە کە مروۆ لە ڕۆمانەکانیدا هێڵێکی (ژیننامەنووسی)ش دەبینێ، هەمیشە نووسەرێکی نا ئاسایی بووە. ئێستاش لێی دەپرسن، ڕێك وەکو چۆن لە ساڵانی 1920 لێیان دەپرسی: "تۆ لەگەڵ ئێمەی یان دژی ئێمەی؟" نووسەرێکی لە رادەبەدەر پڕ کار بووەو. لە دوای زنجیرەی U.S.A ـەوە 18 کتێبی دیکەی بڵاوکردۆتەوە. ئەم پیاوە بە رادەیەك فرەکارو سەرقاڵە کە تەنانەت دەرفەتی ئەوەی بۆ نەماوەتەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەش بداتەوە کە دەربارەی خودی خۆی دەکرێن.

ئەم هەڤپەیڤینە لەگەڵ دۆس پاسۆس دا، لە ساڵی 1968داو لە مەزراکەی خۆیدا لە دەڤەری (سپنس بۆینت) لە باکوری ویلایەتی ڤیرجینادا ئەنجام دراوە. مەزراکەی پارچە زەوییەکی خیزەڵانی پڕ درەختی کاژە، کەوتووەتە نێوان (راپاهانوك)و روباری (پوتەماك). شارێگەی 301ی ئەمریکا بە بەر مەزراکەی ئەودا رەتدەبێ و لە دووریانێکی ئەو نزیکانەوە پێچ دەکاتەوەو بە زێدگەی (واشنتن)و (مونرو) دەگات. رۆژی هەورو پڕ بای مانگی حوزەیران نەیکردە کارێك کە نووسەرو هاوسەرە هەرە جوانو دڵگیرەکەی بەر لە ئەنجامدانی گفتوگۆیەکە – یان ئەنجامدانی هەر کارێکی دی- هاوڕێ لەگەڵ گفتوگۆ سازدا لە روباری پوتوماکدا مەلە بکەن. دۆس پاسۆس، دەربارەی ئەو دوا کارانەی کە بە دەستییەوە بوون یان ئەوانەی بەنیاز بوو دەستیان پێبکات. بەوپەڕی سادەیی قسەی دەکرد..ئەگەر دەربارەی ئەو کارانەی کە ساڵانێك پێشتر بڵاوی کردبوونەوە پرسیارێکی لێکرابا. سەرێکی دەلەقاند،و یەکسەر بەسەریدا بازی دەدا، یان قسەکەی دەگۆڕی و باسی ئەوەی دەکرد کە لە روباری "ئاند" ڕاوە ماسی کردووە، یان لە

بەندەری (ئیکیتوس) سواری فڕۆکە بووەو بەسەر روباری "ئامازوون"دا فڕیوە. ئەم گفتوگۆیە لە ژوورێکی ماڵەکەی خۆیدا کە بە شێوەی ماڵانی سەدەی هەژدە رازابووەوە ئەنجامدرا.

دۆس پاسۆس، پیاوێکی باڵا بەرزە. سەلامەتی و ساغڵەمی لێدەبارێ، دەمووچاوێکی خڕو سەری رووتاوەیە، عەینەکێکی دەسك كانزایی لە چاو دەكاتو بەم دیمەنەوە زۆر گەنجتر لەو وێنانە دەنوێنێ کە بەم دوا دوایانە گرتوونی. عادەتی وایە هەندێ سەر بەرز بگرێو بە دیقەتێکی تایبەتییەوە گوێ لە قسەی بەرانبەرەکەی بگرێ. لە کاتی قسە کردندا هەندێ شپرزەو توڕە دێتە بەرچاو.تۆنی دەنگی هەندێ قەبەیە، زمانی تۆزێ زبرە. هەر بۆیەش تا رۆژگارێك هاوپۆلەکانی هەر بە بێگانەیان دەزانی. ئەگەرچی وا دەهاتە بەرچاو کە هیچ شتێ ناتوانێ بێ فیزیو میهرەبانیو سروشتی ئەو پیاوە بشێوێنێ، بەڵام دیار بوو لە شتێك کە خۆی پێی دەگوت (گفتوگۆی زۆرەملێ) ناڕەحەتە. ئاشکرا بوو کە ریکۆردەرەکە دەورێکی لەم پەستیو ناڕەحەتییە هەبووە. بەڵام لەمەش روونتر ئەوە بوو کە لەزەتی لەوە نەدەبرد کە باسی خۆی بکات. بەڵام وێڕای ئەوەش زۆری حەزدەکرد کە ڕای خۆی لەمەڕ خەڵکانو رووداوانی جیاواز دەرببڕێ.

****– ئەمە هەمان ئەو مەزرا کۆنەی جاران نییە کە کاتێ منداڵ بووی هاوینان بۆی دەهاتیت؟***

– ئێرە بەشێکە لە هەمان باخومەزرا بەڵام گۆڕاوە. کە بابم مابوو ماڵەکەمان لە بەشی کۆتایی ئەم مەزرایەدا بوو، ئەو شوێنەی کە ئێستا فرۆشتوویانەو دامەزراوەیەکی بچووکیان لێ دامەزراندووە بە ناوی (سەندی پوینت): رێك ئەو شوێنەیە کە لە ریزی کابینەکانی کەنارە. ئێمە دەساڵێکە لێرە دەژین، بەڵام من ناتوانم بە دڵی خۆم لێرەبم، هێشتا گەلەك سەفەرانم لەبەرەو نەمکردووە.

****– باشە کە ئەوەندە (سپنس بیوینت) بەجێ بێڵیو بچیتە سەفەر کار لە ئیشەکانت ناکات؟***

– نازانم. هەڵبەتە هەر رووداوێك بگری بتەوێو نەتەوێ کار لە ئیشو کاری مرۆڤ دەکات.

****– رەنگە هەر ئەم بۆچوونەتان وایکردبێ کە سەروەختێ بنووسیت نووسەر وەکو (سەگی قارچك دۆزەرەوە)یە کە لە پشتی رووداوە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەجوڵێ؟***

– نازانم ئەم قسەیە چەند دروستە، ناخۆشترین شت لە دنیادا ئەوەیە کە بتەوێ دەربارەی بەرهەمی خۆت قسە بکەی.

مرۆڤ گێژ دەبێتو لەوەشە داوەرییەکی نا دروست بکات. لەمەش بترازێ زۆربەی کات مەرج نییە ئەم سەگە بە خۆی قارچکەکان بخوات.. چونکە ئەو تەنیا دەیاندۆزێتەوەو بە خاوەنەکەی نیشان دەدات.

****– راستە کە تۆ لە جیاتی ئەوەی هونەرمەند بی، چوویتە قاڵبی مێژوونووسێکی کۆمەڵایەتییەوە؟***

– بە هیچ جۆرێ ناتوانم بڵێم دروستە یان نەء . من تەنیا دووی ئارەزووی خۆم دەکەومو لە زەمەنێکی تایبەتیدا هەرکارێکم لە دەست بێ درێغی لێناکەمو یان وازی لێناهێنم تا ئەوەی لە زەینم دایەو بەرۆکی سەرنجی گرتووم نیشان نەدەم. پێم وانییە نووسینەوەی رووداوان عەیبێك بێ، ومەرج نییە نا هونەرمەندانە بێ. من رێزێکی زۆر لە واریقاتنووسی باش دەگرم. لە هەموو

بەرهەمەکانمدا بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ هەندێ رەگەزی مێژوویی بەدی دەکرێ. بۆ وێنە رۆمانی (سێ سەربان) وەربگرە. لەم رۆمانەدا هەوڵمداوە ئەوەی لە حاڵی رووداندا بووە تۆمار بکەم. هەمیشە وام هەستکردووە کە لەوەیە ئەم جۆرە واریقاتنووسییە بە ڕۆمانی باش حەساو نەکرێ ..بەڵام بەلای کەمەوە ئەم سوودەی هەیە کە دەکرێ وەکو قەواڵەیەکی مێژوویی سوودی لێوەربگیرێ. کاتێ یەکەمین رۆمانم (دەستپێکی ژیانی پیاوێك)م دەنووسی، ئەمە ڕام بوو و ئێستاش بە هەمان شێوە بیردەکەمەوە.

***– بەم پێیە تۆ هەمیشە بە مەبەستی تۆمارکردن دەڕوانیتە رووداو وخەڵکان؟***

– بەڵێ پێم وایە.

***– رەنگە زۆر زەحمەت بێ کە نووسەرێك چاودێرێکی بێ لایەن بێ؟***

– بەڵێ، تا ڕادەیەك زەحمەتەو تەسەور ناکەم کە هەرگیز ویستبم چاودێرێکی بێ لایەن بم، هەمیشە خۆم لە رووداو هەڵقورتاندووە. یانی، راستت گەرەکە هەندێ جار هەستەکانم، کە زادەو هەڵقوڵاوی باوەڕێکی تایبەتی بووە، منیان بە دووی خۆدا جڵەوکێش کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە ویستوومە ئەوەی کە دەیبینم وەکو چۆن هەیە، واتە وەکو خۆی تۆماری بکەم. ئەم باوەڕە هەمیشە تەوەری سەرەکی بیرو هزرم بووە . بەڕای من رەخنەگران هەرگیز گوێیان بە ئەسڵی بابەت نەداوە، چونکە وا بیردەکەنەوە ئەگەر کەسێك بۆ نموونە بیەوێ دەربارەی مورمون گەرایی بنووسێت دەبێ بۆ خۆی مورمون بێ. یان ئەگەر دەربارەی کۆمۆنیزمی نووسی دەبێ بۆ خۆی کۆمۆنیست بێ. بەڕای من مەرج نییە ئەو بۆچوونە دروست بێ، من بۆ خۆم سەبارەت بە هەڵوێستگیری دەربارەی بابەتە دژوارەکانی رۆژ دوو دڵ بوومو نەمتوانیوە زوو بە زوو کاردانەوەو پەرچە کرداری خۆ نیشان بدەم. لێ هەمیشە لایەنگری خەڵکانێکی تایبەتی بوومە، خەڵکانێك کە وا دێتە بەرچاو نامەردیو نا جوامێریان دەرهەق کراوە. ئاخر من ناتوانم خۆم لە خەڵکانی دی بە جیا بزانم، وەکو جومگەیەکم کە بە خەڵکی دییەوە بەستراوم.

***– لە شوێنێکدا گوتووتە کە کاتێ تازە دەستت بە نووسەری کردبوو "لاوێکی نیمچە هەرزە" بوویت کە تازە زانستگەی هارڤەردی بەجێهێشتبوو.بەم زووانە وجارێکی دی بیرت لەو قۆناغەو خوێندنی خۆت لە زانستگەی هارڤەرد نەکردووەتەوەو هەڵسەنگاندنی تازەت دەربارەی نییە؟***

– شتێکی زۆر کەم لە زانستگەی هارڤەرد فێر بووم. هەموو وەختی خۆم لەوێندەر بە فیڕۆ دەداو هەمیشە بە دەست مەناخ و جەوی زانستگەوە کە دەتگوت دەرمانی بێهۆشیان پێوە کردووە دەمناڵاند. ئەم جەوەم لە "دیدی دووربینی"دا وەسف کردووە .باوکم زۆری حەزدەکرد کە من زانستگە تەواوبکەم. خۆ ئەگەر لەبەر خاتری ئەو نەبوایە لەوە بوو هەر پێ بەو ناوەدا نەنێم. لەو زەمانەدا دوا پاشماوەکانی نەوەی (نیو ئینگلندی) کۆن هێشتا لە زانستگەی هارڤەرد بوون. ئەوانە خەڵکانێکی بە ڕاستی لیبرال بوون.زۆر سەربەخۆیانە بیریان دەکردەوەو، جۆرە خەسڵەتو ئاکارێکی پروتستانیت لێیاندا بە دی دەکرد. ئەوانە بەڕاستی دەیانزانی دنیا لە دەستی کێدایە. لەو سەروبەندەدا لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەواندا نەبووم. لێ ئێستا کە دەگەڕێمەوە بۆ ئەو سەردەمەو بیر لەوان دەکەمەوە وام دێتە خەیاڵ کە بایەخیان لەوە زیاتر بوو کە من بیرم

لێدەکردەوە. هەڵبەتە ئەم تایبەتمەندییەی ئەوان کە بە جۆرێکی سەیر دژی ئەڵمان و لایەنگری یەکگرتووان بوون، زیان بەم هەڵسەنگاندنە تازەیە دەگەیەنێ. پیاو زاتی نەبوو شتێکی پێچەوانەی ئەمە بڵێ. تازە ساڵی دووەمی زانستگەم بوو کە لە هاوینی هەمان ساڵدا جەنگ دەستی پێکرد. ئەگەرچی لە باری تیۆرییەوە بە تەواوەتی دژی جەنگ بووم، بەڵام بە تاسەوە بووم لە نزیکەوە جەنگ بدینم. منیش وەکو (چارلی ئەندرسون)، لە رۆمانی مەداری چل و دووەم، حەزم دەکرد بەر لەوەی کە هەموو شتێك (کەللەپاچە) ببێ چاوێکی پێدا بگێڕم. کە لە هاوینی ساڵی 1916دا زانستگەم بە جێهێشت حەزم دەکرد بە زوترین کات دەست بە لقی تەلارکاری بکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا بە ڕادەیەك تامەزرۆی چوونە شەڕگە بووم کە لە نەخۆشخانەی گەڕۆکی سوپادا خۆم ناونووس کرد. باوکم بەم رازی نەبوو. لە ئەنجامدا پاش گێرمەوکێشەیەکی زۆر ڕێکەوتین کە لە هێزی "دەستەی نێردراو بۆ ئەسپانیا" خۆم ناونوس بکەم. لەگەڵ ئەم دەستەیەدا بەرەو مەدرید بەڕێکەوتم، هەڵبەتە بەو مەبەستەی کە لەوێندەر تەلارکاری بخوێنم. پاشان بابم لە کانونی دووەمی 1917دا مرد. ئیدی ڕێگرم نەماو چوومە یەکەی نەخۆشخانەی گەڕۆك. بەڕای خۆم ئەو بەشدارییەم لە جەنگدا، زانستگەیەکی باش بوو بۆ من.

***– ئەدی سەبارەت بەوەی کە لە یەکەی نەخۆشخانەی گەڕۆك بووی؟***

– ... پیاو دەبوو بە خۆی شەڕگەو بەرەی جەنگ بدینێ. بە جوانی نازانم کامە بەشی بەرە لە بەشەکانی دیکە ترسناکتر بوو، چونکە لە هەموو بەشەکان نەبووم، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەو یەکەیەی منی تیا بووم بابەتی ترین شتی لەمەڕ جەنگ پێبەخشی. لەمانەش بترازێ، سەربازێکی پیادە کە لە بەرەدا دەجەنگی دەبوایە زات و ورەی شەڕڤانیی هەبوایە تا بتوانێ بجەنگێ، کە ئەمە فەرقی هەبوو لەگەڵ دانیشتن لە سووچێکدا یان لەگەڵ کات بە فیڕۆداندا.

***– کە بیر لەو ساڵانەو دیمەنەکانی جەنگ دەکەیەوە هەست بەچ دەکەیت و چیت وەبیر دێتەوە؟.***

– شتێکی ئەوتۆم وەبیر نایەتەوە، چونکە هەموو ئەو دیمەنانەم خستوونەتە سەر کاغەز. کاتێ دەربارەی بابەتێك دەنووسیت ئیدی لە زارتان دەردەچێت و ئیدی بیری لێناکەیتەوە. منیش شتی زۆر کەمم وەبیردێتەوە. تەنیا بۆنەکانم لە زەیندا ماوە. بۆن بە زوویی لە هزرو بیر دەرناچێت: بۆنی گاز، تەقەمەنی،هاوەن، تۆپ، بۆنی ئاودەستە گشتییەکان و ئارەقەی لەش. سەردەمێکی ترسناك بوو. قەت ئەو قەتڵ وعامە بەربڵاوە ڕووی نەداوە. بەڵام هەمووومان، ئەوانەی کە لەم شەڕە بەشداریمان کرد خۆشحاڵ بووین کە ئەو شەڕەمان بینی و بە سەلامەتی لێی دەرچووین. لەو یەکەیەدا کە منی تیا بووم، هەموو هەوڵ و توانایەکم بەکار دەبرد کە ئەمبولانسەکە بە جۆرێ باژۆم کە زامدارەکان کەمتر ئازاریان بگاتێ. سەربازەکان زۆریان حەز لە ئێمە نەدەکردو لەگەڵماندا ساردو سڕ بوون. ئاخر ئەوان تەنیا کاتێ چاویان بە ئێمە دەکەوت کە پلانی هێرشێك کێشرا بوو وەدەبوایە بە زوویی شەڕێك بقەومێ و ژمارەیەکی زۆر بکوژرێ. سەربازەکان بەو چاوەوە سەیری ئێمەیان دەکرد وەکو ئەوەی کۆمەڵە کەمتیارێك بین.

***– باشە لەم هەموو ڕووداوو بەزمو رەزمەدا بیرت لە نووسین نەکردبووەوە؟***

– نەخێر، هەستم نەدەکرد حەزم لە کاری نووسەریی بێت... ئەوەندەی بیرمە حەزم لە نووسەری نەدەکرد. هەموو هۆش و گۆشم لای تەلارکاری بوو. من هەمیشە تەلارکارێکی شکست خواردوو و ناکام بوومە. هەڵبەتە لە هەندێ قۆناغی تایبەتدا مرۆڤ بە تەواوەتی دەهاڕوژێ و... منیش لەم قۆناغەدا بیرەوەری رۆژانەم دەنووسی – شتێکی ناوازە نەبوو، بیرەوەری ئاسایی بوو– هەوڵم دەدا چ شتێك نەبوێرم و هەموو هەستەکانم بخەمە سەر کاغەز. بەڵام وێڕای نووسینی ئەو بیرەوەرییانەش بە هیچ جۆرێ نیازم نەبوو ببم بە نووسەر. تەنیا دەمویست لە رێگەی نووسینەوە لە شەڕی ئەو شتانە رزگار بم کە بەرۆکی مێشکیان گرتبووم. زۆری نەبرد کە من و، شاعیرو رۆماننوس (رۆبەرت هیل یر (1895– 1961) رێککەوتین شتێکی هاوبەش بنووسین. ناوی بەرهەمەکەمان نابوو (رۆمانی مەزن) ئەو سەردەمە بەرنامەمان لە شەڕگە وابوو، کە 24 سەعات لەسەر کار بووین و بیست و چوار سەعات پشوومان دەدا. بیرم دێ کە لە پەناگەیەکی چیمەنتۆ دادەنیشتین تا لە تۆپباران دوور بین و بتوانین کار لەسەر رۆمانەکەمان بکەین. من فەسڵێکم دەنووسی و رۆبیرت فەسڵێکی دی دەنووسی. رۆژێك پاش ئەوەی کارەکەمان تەواو بوو، دەستنووسەکەم بۆ زانستگەی ڤیرجینیا نارد. تەنانەت زاتم نەکرد چاوێکیشی پێدا بخشێنم.

***– بەر لە گفتۆگۆکەمان باسی رۆمانی باربۆست کرد.هیچ کاریگەرییەکی رۆمانی "ئاگر"ی ئەوتان لەسەر نەبوو؟***

– با . لەو قۆناغەدا ئەو ڕۆمانە کارێکی زۆری تێکردین. یەکەم ڕۆمان بوو کە قەتڵ وعامی جەنگی جیهانی یەکەمی وێنە دەگرت. باربۆس لەم ڕۆمانەدا گوێچکەیەکی تیژی بۆ ژنەفتن و تۆمارکردنی گفتوگۆکان هەبووە.

کارەکانی پتر (تاکپەروەری) بوو، وەکو رۆمانی "جان کریستف"ی (رۆمان رولان) کە لە سەردەمی خوێندکاریدا گەلێك لە ئێمەمانان لە ژێر کاریگەری ئەودا بووین، بەڕای من دەبێ خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنێکی نوێ بۆ ئەم رۆمانە بکرێ. پاش ئەوە چەند جارێك باربۆسم لە وڵاتی رووسیادا بینی. بوونەوەرێکی سامناك بوو: تێکەڵەیەك بوو لە مژدەبەرێکی مەسیحایی و بابایەکی کۆمۆنیست. ئەو سەردەمە بەتەواوی خۆی لە قەبێڵی حیزب کردبوو و بوو بوو بە پەیڤداری حیزب.

***– پاش ئەوە، دوای کۆتایی جەنگ، لە کۆنفرانسی ڤیرسای دا بەشداریت کرد؟ وایە؟***

– یەکسەر لە دوای جەنگ نەء . لە زستانی دوا کاتی جەنگدا، بڕیارێك دەرچوو کە زۆر زۆر لە "بڕیاری جی، ئای" دەچوو. بەپێی ئەم بڕیارە ئەگەر قوتابی زانکۆ بووایەی یان تازە زانکۆت تەواو کردبووایەو لە شەڕدا بەشدار بوو بووایەی بۆت هەبوو بچیتە هەر زانکۆیەك لە ئەوروپا یان لە ئەمریکا. من زانکۆی سۆربۆن–م هەڵبژارد. ئەوە بوو ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم لە هەیڤی شوباتەوە تا حوزەیرانی ساڵی 1919 لە پاریس بووم. هەڵبەتە ئەم ماوەیە رێکەوتی کۆنفرانسی ڤیرسای بوو. منیش بەشداریم تێدا کرد و لەگەڵ خەڵکانێکدا کە بەشێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندییان بەم کۆنفرانسەوە هەبوو، گفتوگۆم کرد. زۆربەی ئەم خەڵکانە تەنیا چاودێر بوون. جا من چ شتێکم لەو گفتوگۆیانەم نە نووسیوەتەوە.

***- تێکەڵ کردنی سیاسەت و نووسەرایەتی هەمیشە مایەی باس و خواسی گەلێك لە ڕەخنەگران بووەو هەمیشە بەو جۆرە خراوەتە ڕوو کە کارێکی زۆر ئەستەمە کە نووسەرێك بتوانێ ئەم دووە ئاوێتە بکات.***

- باشە، ئەم مەسەلەیە هێشتاش بۆ من و لەلای من ڕوون نییە. تاقە جارێك کە بە بیرمدا هاتووە ئەمەیە کە ناوی شێوازی ڕۆمانەکانم بنەم "واریقات نووسی هاوچەرخ". بەڕای خۆم ئەم عینوانە پڕ بە پێستی وشەیە. ڕۆمانەکانم شیرازەیەکی مکوومی سیاسی لە خۆ گرتووە. چونکە سیاسەت، ئەگەرچی تاقە شتی مومکین نییە. بەڵام لە هەر شتێکی دیکە پتر چووەتە ناو ژیانی خەڵکەوەو خەڵکی بە دووی خۆیدا جڵەوکێش کردووە. من هیچ گرفتێك لە مامەڵە کردن لەگەڵ سیاسەتدا نابینم و تێناگەم بۆچی دەبێ بایەخدان بە سیاسەت بۆ نووسەرێك زیانمەند بێ. گەرچی سەتاندال گوتوویەتی کە بەکارهێنانی مەسەلەێن سیاسی لە ڕۆماندا "لە دەنگی دەمانچەیەك دەچێت کە کەسێك لە گەرمەی ئۆپرایەکدا بیتەقێنێ" بەڵام خۆ ئەویش واریقاتنووسی سەردەمی خۆی بوو.

یان "توسیدید" لەبەر چاو بگرە (مێژوونووسێکی نێوداری یۆنانی بوو کە بەباوکی مێژوو نووسی شیکاری دەژمێردرێ، لە ساڵانی 400- 471 پێش زایین ژیاوە) بەڕای من سیاسی بوونی ئەو وەکو نووسەرێك چ زەرەرێکی لە کاری مێژوو نووسیی ئەو نەداوە، گەرچی سیاسەتنووسی، قەڵەمڕەوێکی ترسناکە، لێ نووسینی زۆر چاکمان هەن کە کەم تا زۆر مامەڵەیان لە تەك سیاسەتدا کردووە. هەڵبەتە قازانجی هەندێ نووسەرە، کە خۆیان لە قەڵەمڕەوی سیاسەت دووربگرن مەگەر خۆیان بیانەوێ فێربن چۆن بڕواننە ڕووداوان و بابەتیانەو وەکو خۆیان تۆماری بکەن.. ئەمەش کاری هەموو نووسەرێك نییە، نووسەری تایبەتی خۆی دەوێ. لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی زانیارییان، کە لە ڕێگەی کۆمەڵێك کەناڵ و پەیوەندیی و زانیاری سەرەتایی و خاوەوە بەدەست دێ، دەبێ یەك دەست و هاوسەنگ بێ. سارتەر لەو ڕووەوە کە ڕاپۆرو هەواڵەکانی سادەو ڕەوان بوو یەکجار پەسندە، ئەگەرچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ناتوانم بیانخوێنمەوە. نووسەرێك کە بیەوێت لەم بوارەدا کاربکات دەبێ زۆر هەستیار بێ، نیگەرانی و تووڕەیی نیشان بدات بەڵام دەبێ ئەمانە لەناو بەرهەمەکەیداو لە بندێڕی بەرهەمەکانیدا جێ بکاتەوە. ئەگەر ئەم کارە نەکات دەبێ بە "بانگەشەچی"و بەرهەمەکەشی لە کۆمەڵە "وەعز"ێك تێناپەڕێ.

*- یارمەتیم بدە با پەنا بەرینە بەر ئەزموونی خودی خۆت، تۆ یەکێك بووی لە ریزی پێشەوەی ئەوە دەستە نووسەرانەی کە سەردانی سۆڤیەتت کرد تا ئەنجامی شۆڕش بدینی. تۆ ئەوەت چۆن وێنەگرت و بە خوێنەرانت نیشاندا؟ دەتوانی بە ڕووسی قسە بکەی؟

- من بە منداڵی فێری زمانی فەرەنسی بووم. پاشان زمانانی ئەسپانی و پورتەغالی فێر بووم. چووم بە سەروەختی زمانی روسیشەوە لێ بە باشی دەرەقەتی نەهاتم. فرمان لە زمانی ڕووسیدا سەریەشەیەکی زۆری بۆ دەنامەوەو نەمدەتوانی فێری ببم.

***- دەمەوێ بزانم لە یەکەمین سەفەرتدا بۆ ڕووسیا چ هەستێکت لە لا دروست بوو؟***

– یەکەمین سەفەرو تەعامولی من لەگەڵ سۆڤیەتدا سەبارەت بە سوپای سوور بوو لە نێو ساڵانی 1921– 1922 کە بۆ گروپی "هیمەدادی رۆژهەڵاتی نزیک" لە قەفقاز کارم دەکرد. لەو سەروبەندەدا سوپای سوور هێشتا وا دەهاتە بەرچاو کە مایەی ئومێد بێ، وا دەهاتە بەرچاو کە ئەوان سوپایەکیان بونیاد ناوە کە لە جیاتی پاشەکشە بکات بەرەو پێشێ هەنگاو دەنێ. لەوەیە بێتەوە بیرت کە لە کتێبی "ئوریەنت ئیکسپریس"دا نووسیم کە چونکە شایەدی نابوودی دەزگایەکی بارمتەیی بووم لە باکۆ چەند هەستم بە ئومێدەواری دەکرد. دوای ئەم سەفەرە، سەفەرێکی دیکەشم بۆ هەڵکەوت. ئەمجارەیان لە ساڵی 1928دا سەری لینینگرادو مۆسکۆم دا، ئەمجارەیان من سەبارەت بە هەموو شتێك هەردوو دڵ بوومو هەوڵم دەدا بە تەواوەتی خۆم لە سیاسەت دوور بگرم. لەم سەروبەندەدا لە نیویورك لەگەڵ شانۆنامە نووسانی تازەدا –بەتایبەتی "میچال گۆڵد"و "جوهان هاوەرد لاوسون"دا کارم دەکردو زۆرم حەز لە شانۆ دەکرد. لەو سەروبەندەدا رووسەکان هێشتا شانۆیەکی باشیان هەبوو و نمایشنامەی باشیان پێشکەش دەکرد. من لەو سەردەمەدا نەمدەزانی کە شانۆ لە رووسیادا لە دوا گیانەڵڵای خۆیدایەو کۆتایی دێ. زۆربەی ئەو شتانەی کە بنیادەم دڵیان پێخۆش دەکاتو وا دەزانێ تازەو لە هەوەڵدان، کۆتاییان نزیك بووەتەوە. لەو ساڵەدا (1928) شەش هەیڤان لە رووسیادا بووم. ئەم قۆناغە کە زۆریش دڵخۆشکەرە نەبوو، ئازادترین قۆناغی سۆڤییەتیەکان بوو، لە هەوەڵیانەوە تا ئێستا. هەڵبەتە دەکرێ هەوەڵی حکومەتەکەی خرۆشۆف لەمە دەربکرێ. لەو زەمانەدا ستالین ئەو دەسەڵاتەی نەبوو کە پاش پاکسازییە جەستەییە بەناوبانگەکانی بە دەستی هێنا. لەو قۆناغەدا زۆربەی ئەو رووسانەی کە دەمناسین جۆرە پەیوەندییەکان لەگەڵ شانۆدا هەبوو و چەند کەسێك لەوانە کاتێ بە بەر وێنەی ستالیندا رەتدەبوون کوڵەمشتیان بەرەو ئەو رادەوەشاند. ئەمە لە ساڵی 1928دا بوو. تەنانەت ئەو زەمانەش هەندێ لە رووسەکان خۆشیان نەدەویست. ئەوان زانیاری زیاتریان لە من دەربارەی ئەو هەبوو و لە من باشتریان دەناسی. هەر هەموو ئەمانە لەو پاکسازیکاریانەدا لە نێو چوونو دیار نەمان.

***– بەم پێیە وا دیارە کە تۆ لە سەرەتادا وات تەسەور دەکرد کە ئەزموونی سۆڤییەتییەکان مایەی ئومێد بووە بۆ خەڵکی، تۆش دڵت پێی خۆش کردووە؟***

– بەڵێ، لەو سەروبەندەدا هەستم دەکرد کە سۆڤیەتەکان رەنگە "ئەنجوومەنانی شاریی نیوئینگلەند" دروست بکەن. هەڵبەتە واقیع شتێکی تەواو پێچەوانە دەرچوو. شوراو ئەنجوومەنەکانی ئەوان لە واری پراکتیکیدا شتێ بوو لە سەرێ را کۆنترۆڵ دەکراو "سەرۆکی گەمەکە" حاکمو فەرمانڕەوا بوو.

***– لە سەرەتای کاری نووسەریتدا، لە ساڵانی دەیەی دووەمی ئەم سەدەیەدا (سەدەی بیستەم، وەرگێر) لە رووی ئەدەبییەوە لە ژێر کاریگەری کام نووسەردا بوویت؟***

– بە شێوەیەکی دیار لە ژێر کاریگەری (ئونیگاریتی) هونەرمەندی فوتوریستی ئیتالیایی دا بووم. نووسەرێکی وەکو (ئانونزیو)ی نەیتوانی بچێتە دڵمەوەو بمخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەڕای من کارەکانی ئەو لە ڕادەبەدەر داخراوبوونو لەگەڵ زەوقی مندا نەدەگونجان. هەڵبەتە

دوای ئونیگاریتی خەڵکانی دیکەش هەبوون لەوانە نووسەری ئیسپانیایی "پیوباروخا" جێیەکی تایبەتی هەبوو. هەروەها (ئارتور رامبو)و (ستیفن کرین) کاریگەری خۆیان هەبوو. بە تایبەتی رۆمانی "میگی، کیژی شەقامەکان"ی کرین–م زۆر بە دڵ بوو. کرین لەم رۆمانەدا گوێچکەیەکی یەکجار تیژی بۆ ژنەوتنی قسەی خەڵکی و جۆری قسەکردنی خەڵکی هەبووە.

***– هەمینگوایش بەرهەمەکانی باربۆسی دەخوێندەوە؟***

– نەخێر، هێندەی من ئاگادارم نەء . من و ئارنست عادەتمان وابوو کە کتێبی پیرۆز پێکەوە بخوێنینەوە. ئەو دەستی پێکرد. بەشە کورت و سەربەخۆکانی کتێبی پیرۆزمان دەخوێندەوە. بۆ نموونە کتێبی (مێژووی رۆژانی پاشایان). هەڵبەتە تەنیا خوێندنەوەی ئەوە دادی کارەکەی نەدەداین. لێ ئارنست لەو سەردەمەدا بە زۆری باسی شێوازی دەکرد. شەیدای کتێبی (هوتێلی شین)ی کرین بوو. ئەو منی بردە لای (گرترود ستاین)، کۆمەڵێك خەڵکی لە ماڵەکەیدا بوون رەفتاری دەروێشانیان دەنواندو لە تۆ وایە چلەنشینن. لەو زەمانەدا ئارانست بنیادەمێکی ماقوڵ بوو و زۆر جیاواز لەو ئارنستەی کە لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا ئەو هەموو هەراو هەنگامەیەی نابووەوە. ئەو هەستیدەکرد کە نووسەرانی وەکو ستاین خەڵکانێکی کەڵکەمەندو داهێنەرن.

***– ئەو وشە چوار پیتییە (Love) لەو رۆژگارەشدا، وەکو ساڵانی دواتری تەمەنی، زەینی هەمینگوای بە خۆوە مژول کردبوو؟***

– ئارنست "هەمیشە" بایەخێکی تایبەتی بەم وشەیە دەدا. بەڵام من ئەوەندەم گوێ نەدەدایێ و سەریەشەیەکی تایبەتیشی بۆ دروست نەکردبووم، دەتوانی ئەستێرەیەك لەسەر وشەی سێکس دابنەیت و لە پەراوێزدا روونی بکەیتەوە. من هەمیشە وام هەست کردووە کە سێکسش وەکو شتەکانی دییەو تایبەتمەندییەکی جیای نییە.

***– پێت وایە ئەو وەسفەی کە هەمینگوای سەبارەت بەو ساڵانە لە کتێبی "شادی بەردەوام"دا کردوویەتی، وەسفێکی وردو دروستە؟***

– ئەو کتێبە کەمێك توندەو لە زەوق دەدا. بۆ نموونە بەرخوردی ئەو لەگەڵ نووسەرێکی وەکو (سکات فیتزجیرالد 1896– 1940)دا باش نییە. بە جۆرێ قسە دەکات دەڵێی نووسەرێکی گەورەیەو دەیەوێ بە کەش و فشەوە سەبارەت بە هاوچەرخانی خۆی بدوێ، وەك ئەوەی هەمووان بەردەستی ئەوبن. بەردەوام ڕەخنەی لە هەمووان دەگرت و حەزی دەکرد لە هەموویان بالاتر بێ. لەو رۆژگارەدا، کە تازە دەستی دابووە کاری نووسین، پیاو دەیتوانی لەبەر ئەم تایبەتمەندییەی گاڵتەی پێبکات. لە رووی خانەوادەییەوە گەلێك خەسڵەتی خراپی بە میرات بۆ مابووەوە. باوکی پیاوێکی لە خۆ رازی و سەرسەخت بوو. دایکیشی خەسێتی سەیرو سەمەرەی هەبوو. لە بیرمە جارێکیان لە شاری "کەی ویست" بووین دایکی ئارنست بەستەیەکی هەندێ گەورەی بۆ نارد، پارچە کێکێکی ورد بوو، لە ناو بەستەکەدا بوو. دایکی شتی دیکەیشی خستبووە پاڵ کێکەکە. لە نێو ئەو شتانەدا ئەو دەمانچەیەشی دانا بوو کە بابی ئارنست خۆی پێکوشتبوو. ئارنست بە دیتنی دەمانچەکە زۆر قەڵس بوو.

***– لە تۆشدا ئەو هەستی رکابەرییەی کە لە هەمینگوایدا بەدی دەکرا، هەبوو؟***

– نەء . بە هیچ جۆرێ. من هەمیشە باوەڕم وابووە کە مرۆڤ دەبێ کاری خۆی بکاتو هەقی بەسەر کاری خەڵکانی دییەوە نەبێ. حەسوودی ئارنست دەرهەق بە سکات بە ڕاستی مایەی شەرمەزاری بوو. چونکە لەم قۆناغەدا سکات خەریکی ژیانی خۆی بوو و لە واری نووسەرایەتیشدا دەستی دابووە ئەزموونێکی ترسناکی ئەوتۆ کە مایەی حەسوودی نەبوو. سکات مژولی نووسینی چیرۆکانی وەك "پارچە ئەڵماسێك بە گەورەیی ریتس" بوو، چیرۆکانێك کە دوور لە کاری ئەو بوونو هەر تواناشی بەسەر نووسینیاندا نەدەشکا.

***– ئەگەر رازیت با دووبارە بێینەوە سەر رۆمانەکانی خۆت. هیچ کاتێك کاراکتەرسازیت بەلاوە ئەستەم نەبووە؟ بە تایبەتی لە رۆمانێکی وەکو مەداری چلو دووەم دا کە بۆ خوڵقاندنی یەکێك لە کاراکتەرەکانی (ج. وارد مورهوس) سوودت لە نموونەی مرۆڤێکی زیندوو و راستەقینەو مەنشوور "ئیڤی لی" وەرگرتووە؟ هەمان ئەو "ئیڤی لی"یەی کە دامەزرێنەری لقێکی تازەیە بەناوی پەیوەندییێن گشتی. هەڵبەتە ئەمە بۆچوونی منە کە مورهوس هەمان "ئیڤی لی"یە.***

– باشە، بۆچوونەکەتان تا ڕادەیەك دروستە. چونکە لە کاتی نووسینی ئەم رۆمانەدا چاوێکم لە ئیڤی لی بوو و تا رادەیەك ئەوم وەکو نموونەو مودێلێك دانا بوو. (ئیڤی لی)م لە مۆسکۆدا بینی – بیرم نییە کە لەوێندەر چیدەکرد– ئەو دەمانە مژولی نووسینی مەداری چلو دووەم بووم. منو ئەو لە یەك ئوتێلدا بووین. بەر لەوەی ئەو بدۆزمەوە زۆرم لە خۆ دەکرد کە فێری زمانی رووسی ببم، کە کارێکی زۆر سەخت بوو و زۆرم هەست بە تەنیایی دەکرد، و ئیدی زۆر چاك بوو کە لەو هەلومەرجەدا کەسێکی ئینگلیزی زمانم پەیدا کرد کە دەمتوانی قسەی لەگەڵدا بکەم. قسەی زۆر خۆشمان دەکەوتە بەینەوە. پێم وایە پایزی ساڵی 1928 بوو، لێ دڵنیا نیم کە لە کام ئوتێل دا بووین. ئوتێلی مترویل؟ بە هەرحاڵ. بەر لەوەی بڕۆم بۆ رووسیا 2–3 فەسڵم لە رۆمانی مەداری چلو دووەم نووسی بوو، ودەمویست (ج. وارد مورهوس) بخەمە بەر شیکردنەوەو گەڵاڵە کردن. پێم وایە قسەکانی نێوان ئێمە تا رادەیەك دەوریان لە دروست بوونو گەڵاڵە بوونو کامڵ بوونی مورهوس هەبوو. هەڵبەتە جگە لە ئیڤی لی چەند کەسێکی دیکەشم دەناسی کە پسپۆڕییان لە هۆشیاریی بازرگانیدا هەبوو لە نیویۆرك دەژیان. رەنگە ئەو کەسانەش کاریگەری خۆیان هەبووبێ.

***– پێم وایە ئەم جۆرە خوڵقاندنەوەیەی کاراکتەرانی ڕاستەقینەو بە نموونە کردنیان بە شێوەیەکی دیارتر لە رۆمانی "رۆژانی مەزن"دا دەبینین. لەم رۆمانەدا تۆ بۆ خوڵقاندنی کەسێکی وەك "روجەرز تورلو"، "فورستال"ت نەکردۆتە نموونە؟***

– بەڕی من ئەم جۆرە کاراکتەرسازییە زۆر حەقیقەی تر دەردەچێت لەوەی کە پیاو بیەوێ لەلای خۆی کەسێکی زیندوو و تازە بخوڵقێنێ، ئەگەرچی من یەك دوو جار (فورستال)م دیتبوو، لێ کەسایەتی تورلو زۆر جیاوازە لە فورستال. پێم وایە ئەگەر بمویستایە فورستال سەر لەنوێ بخوڵقێنمەوە شوێنی ئەو لە کتێبی نیوەی قەڕندا دەبوو نەك لە "مەداری چل و دووەم".

***– بەلاتەوە زەحمەتە ئەو رەخنانە یان ئەو شتانەی دی کە دەربارەی بەرهەمەکانت دەنووسرێن بخوێنیتەوە؟***

– ئەوەندەی کە بتوانم ناچمە ژێر باری خوێندنەوەیان. دەزانم کە خوێندنەوەی ئەم رەخنانە کارێکی خراپ دەکاتە سەر کاری بنیادەم. هەندێجار کەسانێك کە وتارێکم دەبارە دەنووسن و بۆمی دەنێرن، منیش کۆیان دەکەمەوەو کە زۆر بوون هەموویان بۆ زانکۆی ڤیرجینیا دەنێرم تا "مامۆستایان" بیانخوێننەوەو بەپێی توانا لێیان ورد ببنەوە، هەڵبەتە هەندێجار چاوێ بە گۆڤاراندا دەگێڕم ، لیٚ هەولٚ دەدەم ئەو وتارانەی کە دەربارەی خۆمن نەیانخوێنمەوە، چونکە دەرفەتی ناڕەزایی و دادو بێدادم نییە. پێم وا نییە ئەو شتانەی کە تۆ ناوت نان رەخنە دەربارەی بەرهەمەکانم، ئەوەندە نیگەرانیان کردبم و خەویان زڕاندبم. من پیاوێکی شانسدار بووم کە گوێم بەو رەخنانە نەداوە. ئەگەر لە جێیەك بەرهەمێك ڕەت بکرێتەوەو پەسند نەکریٚ ئەوا لەگینە کەسێکی دیٚ و لە گۆشەیەکی دیکەی دنیادا پەسندی بکات و حەزی لێبکات. "رۆژانی گەورە" لەم مەملەکەتەدا زۆر خراپ پشتگویٚ خرا لیٚ لە ئینگلیستان و ئەڵمانیادا زۆر بە گەرمی پێشوازیان لێکرد. من ئەگەر بازاری جیهانی کتێب نەبووایە، نەمدەتوانی ژیانی خۆم بەڕێوە بەرم.

***– رات دەربارەی ئەو جیاوازییە بیست ساڵەیەی کە لە نێوان رەخنەگرانی ئەمریکایی و ئەوروپاییدا دەرهەق بە بەرهەمەکانت هەبوو چییە؟ یان ئەو پێشوازییەی کە لە زنجیرەی U.S.A لە هەردوو لادا کرا، چییە؟***

– من زۆر لە خەمی ئەم قسانەدا نەبوومو دوایان ناکەوم. پێم وایە رەخنەگرانێکی زۆری ئەمریکایی هەبوونە کە هەوڵیانداوە وا بنوێنن کە من بە هیچ جۆریٚ بوونی دەرەکیم نییە. بەڕای من ئەمانە شتێکی زۆریان نەخوێندۆتەوەو بیٚ ئاگان. مرۆڤ کە بابەتێن مێژوویی دەنووسێت، بۆ نموونە "ئەو پیاوانەی کە وڵاتیان بونیات نا"، کەسانێك رەخنە لە بەرهەمەکەی دەگرن کە تەواو جیاوازن لە رەخنەگرانی ڕۆمان. لە ناوەندە ئەدەبی و رۆشنبیرییە ئەمریکاییەکەدا کەڵکەڵەیەکی سەیر هەس کە دیوارێك لە نێوان بابەتی چیرۆکەوانی و بابەتی نا چیرۆکەوانی دا بنەن، جا بۆیە ئەوانەی لە خەتی بابەتی نا چیرۆکەوانیدا کاردەکەن و رەخنەی لێدەگرن هیچ کاتێك چیرۆك نا خوێننەوەو پێچەوانەش پێچەوانەیە.

***– چەنێك لەم مامەڵە نا دۆستانانە لە رێگەی رەخنەگرانی چەپەوە بووە.؟ مەبەستم لە ساڵی 1939ـەوەیە کە تۆ رۆمانی "سەربوری لاوێك"ت بڵاو کردووەوە؟***

– برێکی زۆر. لیٚ دژایەتی کردنی من لە ساڵی 1939ـەوە دەست پێناکات، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1921و بڵاو بوونەوەی (سیٚ سەرباز). بە ڕای من رەخنەگرانی چەپ دەربارەی (سەربوری لاوێك) دروست بیریان نەدەکردەوە ، چونکە هەڵوێستی من لەم کتێبەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەلٚ بەرهەمەکانی پێشوومدا نەبوو.لە رووی سیاسییەوە جیاوازی هەبوو، لیٚ لە رووی مرۆڤانییەوە پێم وا نییە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەلٚ بەرهەمەکانی پێشوومدا هەبیٚ.

***– بەڕای خۆت بەرهەمی ئەم قۆناغەت چ لە رووی سیاسی و چ لە رووی مرۆڤانییەوە چەند لێکدی جیاوازن؟ بۆ نموونە ئەگەر لە رۆمانی U.S.Aـەوە دەست پێبکەین، بە دەڤەری کۆلۆمبیادا بڕۆین و پاشان بگەینە (نیوەی قەڕن) پێت وانییە هەڵوێستتان گۆڕاوە. واتە تۆ بە***

***ئاگادارییەوە نێوەڕۆکی ئەسڵی U.S.Aیت بۆ وەسفی پارەی بێ حەساوو توانایان تەرخان کردووە. لە دەڤەری کۆلۆمبیادا کەتوویتە وەسفی حکومەتێکی گەورەو بەهێزەوە، و لە نیوەی قەڕندا خوێنەر رووبەڕووی تۆڕێکی گەورەی کرێکارییە.***

– تا رادەیەك لێکدی جیاوازن، مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا جیاوازەو لە هەندێ لەو قۆناغانەدا توندڕەوترە لە قۆناغەکانی دیکە.

***– ئەگەرچی لە قۆناغێن جیاوازدا فەرقت کردووە ، لێ بەڕای من، لایەنی مرۆڤانی لەکارەکانتدا یەکێتیی و یەکپارچەیی خۆی پاراستنووە؟***

– بەڵێ، پێم وایە ئەم شتە هەیە، چونکە لە بنەڕەتدا ئەم لایەنە هاندەری نووسین بووە. ئەمە حەقیقەتێکە کە من هەوڵمداوە پرس و دۆزەکان لە روانگەی ئەو پیاوو ژنە ئاساییانەوە هەڵسەنگێنم کە لە نێو ئەم هەموو رێکخراوە پان و بەرینانەدا دێن و دەچن و دەیانەوێ بەلای کەمەوە ژیانێکی سادەو ئابڕومەندانەیان هەبێ و حیسابێکیان بۆ بکرێ.

***– تەقریبەن لە هەموو بەرهەمەکانتدا جۆرە ناتەباییەك لە نێوان خەڵکی و سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەبینین، وانییە؟***

– با . بە زۆری ئەو جۆرە ناتەباییانە هەس. ئێمە لە قۆناغ و سەردەمێکدا هاتووینەتە دنیاوە کە رووبەڕووی بە سەنعەتی بوونی کۆمەڵگەکەمان بووین و ئەم رێبازو رەوتە زۆر بە خێرایی رووی داو هەمەگیر بوو. کۆمۆنیستەکانیش، هەڵبەتە بە شێوەیەکی دی، هەمان کاریان کردووەو لە جیاتی ئەوە بیرۆکراسی و کۆنترۆڵیان لە سەرێ را داناوە. خۆش ئەوەیە کە رووسەکان ئەو تایبەتمەندییانەی سیستەمی سەرمایەدارییان لابردووە کە لە خودی ئەم سیستەمەدا کەمتر بەڕەڤانی و داکۆکی لێدەکەن.

***– من هەمیشە ویستوومە بزانم چۆن (منهتن ترنسفر)ت نووسی، لە رۆمانی سێ سەرباز یان ئەو دوو رۆمانەی دیکەی سەرەتاتان، ئەو دوو بەرهەمە زیاترو راستەوخۆ پەیوەندییان بە ئەزموونانی ژیانی خۆتەوە هەبوو. لێ منهتن ترنسفر ئەزمونێکی تازەیە. کاتێ کە ئەو رۆمانەت دەنووسی دەتویست رۆمانێکی تەواو تازە بنووسیت و شێوازێکی تازە بخوڵقێنی؟ یان لەم رۆمانەشدا هەمان شێوازی کۆنت پەیڕەو دەکرد؟***

– (سێ سەرباز) زۆر بە ئاسانی بەدەستەوە هات و، زۆر چاك فرۆشرا. دێتەوە بیرم کە هەندێ بەشی رۆمانی (منهتن ترنسفر)م لە بروکلین نووسی. لە ژوورێکی "کۆلۆمبیا هایت" بووم کە دەیڕوانییە سەر بەندەر. نازانم چۆن وەڵامی ئەم پرسیارەی تۆ دەدرێتەوە. لەم رۆمانەدا دەمویست لایەنە جیاوازەکانی ژیان شاری نیویۆرك، کە ماوەیەکی زۆر کەم تیایدا ژیا بووم، وەسف بکەم و وێنەیەکی گشتی لەمەڕ ئەم شارە بە دەستەوە بدەم. هەروەها دەمویست حاڵ و هاماج و رێژنە هەستێکی تایبەتی کە لەم شارەدا یەخانگیری بنیادەم دەبێ، بخەمە سەر کاغەز. پرسیارت کرد کە هەمان شێوازی کۆنم پەیڕەو دەکرد؟ پێم وانییە. لەم رۆمانەدا ئیدی لە حاڵ و هاماجی تیویۆریانی کۆندا نەبووم. بیرم نییە ئەو کاتەی کە رۆمانی (منهتن ترنسفر)م نووسی فیلمەکانی (ئایز نشتاتین)م بینی بوو یان نە . بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا لە ژێر کاریگەری

بۆچـوونی (ئـایز نشـتاین)دا بـووم دەربـارەی مۆنتـاژ، لـە بەرهەمەکانمـدا بۆچـوونەکانی ئـەوم دەربارەی مۆنتاژ بەکار دێنا. لەوەشە فیلمی "کەشتی جەنگی پوتمکین"م دیتبێ. ئەگەر زەینم بە هەڵە نەچووبێ و ئەو فیلمەم دیبێ، ئەوا بێگومان فیلمـی "لـە دایك بوونی میللـەتێك"شـم دیتـووە، کە یەکەمین فیلم بووە مونتاژی تیا بەکارهاتووە. ئایز نشتاین مونتاژی بە بنـەمای شێوازی خـۆی دەزانـی. نـازانم لـە کـاتی نووسـینی (مـنهتن ترنسـفر)دا تـا چ ڕادەیـەك لـە ژێـر کاریگـەری خوێندنـەوەکانی خـۆم و نووسـەرانی جیـاوازدا بـووم. ئەگەرچـی مـن چـەندین جـار (بـازاڕی خۆفرۆشی)م خوێندوەتەوە، بەڵام (منهتن ترنسفر) چ لێکچوونێکی لەگەڵ (بازاڕی خۆ فرۆشی) دا نییە. جگە لەم کتێبە بەرهەمێن نووسەرانی سەدەی هەژدەیـەمی ئینگلستانشم خوێندوەتـەوە. لـە گوینە ڕۆمانی "تریسترام شندی"ش کاری تێکردبم. هەڵبەتە ئەوەش هەیە کە لە (منهتن ترنسـفر) هەوڵمداوە نووسەرێکی تەواو بابەتیانە بم، لە کاتێکدا لـە تریسـترام شـندی دا هـەموو شتێك هـەر دەروونـی و زەینییـە. (ستێرن 1713– 1768) لـەم بەرهەمـەدا لـە کەرەسـتەو دەستمایەی جیاواز سـوودی بینیـوەو هـەموو شـتێکی لـە پـاڵ یەکـدا دانـاوەو گێڕاوییـەتێوە. پیـاو کـە دەسـت بـە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە دەکات وای دێتە بەرچاو کە یەکدەست نییە. بـەڵام کـاتێ کـە تـەواوی دەکات بۆی دەردەکەوێ کە وێنەیەکی یەکپارچەی نیشانداوە.

***– کاردانەوەی ڕەخنەگران دەربارەی ئەو چ بوو؟***

– یـەکێك لـە ڕەخنـەگرەکان بـە (تەقینەوەیـەك لـە زەلکـاودا) وەسـفی کـرد. (سـنیبکلر لـویس) کـە ناساندنی سەرەکی ئەو کارەی لە ئەستۆ بوو ڕەخنەیەکی زۆری دەربارەی نووسی.

***– کاتێ دەستت بە نووسینی U.S.A کرد چ شتێکت لە زەیندا بوو و ئامانجت لە نووسینی چ بوو؟***

– مەبەستم ئەوە بوو کە پەیگیری هەمان ڕەوت و ڕێچکەی ڕۆمانی مـنهتن ترنسـفر بکـەم و کـامڵتری بکەم. لەوەیە ئـەم ڕێچکەیە لـە ڕۆمـانی مـنهتن ترنسـفردا تـا ڕادەیـەك ئاگایانـە نەبووبێ. بـەڵام لـە U.S.Aدا دەمویست ئاگایانە پـەیگیری ئـەو ڕەوتـە بکـەم. لـەم قۆناغـەدا مەسـەلەی مونتـاژ هـەموو هۆش و گۆشی پڕ کردبووم. لە مـنهتن ترنسـفردا بۆ یەکـەمین جار سـوودم لـەم هونـەرە وەرگـرت و هەنـدێ ئـاوازو گـۆرانی ناوچـەیی و کوچـەو کۆڵانـانم تێهـەڵکێش کـرد. لـە زنجیرەی U.S.Aدا ئـەم هونـەرە کـامڵتر بـوو و گـۆڕاو بـوو بـە (دیـدی دووربـین) جـا بـە کۆمـەکی دیـدی دووربـینی تـوانیم "هەسـتەکانم لەمـەڕ ڕووداوەکـان و کاراکتـەرەکان بپـاڵێوم و تـەنیا خۆشـاوەکەی نیشـان بـدەم. لـە U.S.Aدا هـەموو ئومێدم ئەمـە بـوو کـە بگەمـە ڕێچـکەی چیرۆکنووسـی ریالیسـتی فیلـدینك یـان فلۆبیر. بە تایبەتی ئەو ڕێبازو شێوازەی کە فلۆبیر لە نامەکانی خۆیدا بەکاری هێنا بوو و زۆریش جوان بوو. لە هەواڵنووسی و تەنانەت لە چیرۆکیشدا هـەموو هـەوڵێکم ئەمـە بـوو کـە بـە تـەواوەتی بابەتی بم و گۆشەنیگای هەڤدژ دەربارەی یەك بابەت نیشان بدەم و بۆ ئەم کارە سـوودم لـە "دیـدی دووربینی" وەکو قەپاغی دڵنیایی و سەرپۆشێك بۆ هەستە دەروونییەکانم، دەبینی. ئەگەرچـی لـە سەرەتای کارەکەمدا وەکـو سەرپۆشـێك سـوودم لـە دیدی دووربینی دەبینی، بـەڵام بـەرە بـەر ئـەم

تەكنیكە جێگیر بوو و ئیدی كارەكەم ئاسان بوو و زۆر بە ڕەحەتی گەییمە ئەو بابەتگەرییەی كە دەمویست.

***- ئەگەرچی رۆمانی (نیوەی قەڕن) لە زۆر لایەنەوە لە " U.S.A " دەچێت، بەڵام لەم بەرهەمەدا وازت لە دیدی دووربینی هێنا، بۆچی؟***

– هەندێجار مرۆڤ دوای ماوەیەكی كەم هەستدەكات كە ئیدی دەتوانێ هەستەكانی خۆی كۆنترۆڵ بكات. لە رۆمانی "نیوەی قەڕن"شدا هەستم كرد كە ئیدی پێویستم پێی نییە.

***- كاتێ دەستت بە نووسینی U.S.A كرد بە تەما بووی كارێكی چەند بەرگی، واتە زنجیرەیی بنووسیت؟***

– نەء . هەوەڵجار بە نیاز بووم تەنیا یەك رۆمان بنووسم، لێ پاشان دیتم زۆر شت ماوە بیانێڵم و لە یەك بەرگدا جێیان نابێتەوە.بۆیە ناچار بووم بیكەم بە تریلۆجی (رۆمانی سێ بەرگی)... ئەوەش بەر لەوە بوو كە ڕۆمانی مەداری چل و دووەم تەواو بكەم.

***- تۆ تەنیا بەو نیازە دەستت دایە نووسین كە ساڵانی جەنگ وەسف بكەیت؟***

– نەخێر، هەر وەسف كردنی جەنگم مەبەست نەبوو، بەڵكو بیرێكی بنەڕەتی دیكەم لە مێشكدا بوو. مەبەستم جۆرە واریقاتنووسییەك بوو. هەڵبەتە لەو زەمانەدا ئەم ناوەم لە كارەكەم نەنابوو. ئێستا ئەم ناوەی لێدەنەم. بە ڕای من ناوێكی باشە. ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم لە ڕۆمانی مەداری چڵو دووەمدا بوو كە ئەم شێوەیە بە تەواوەتی جێگیر بوو و لێبڕام كتێبێك بنووسم كە لە كۆمەڵە بۆیەرو هەواڵێك پێك هاتبێ. پێم وا نییە كە ئەم كتێبەم بە مەبەستی نووسینی رۆمان دەست پێ كردبێ. تەنیا دەمویست كتێبێك بە شێوازی كۆمەڵە هەواڵو راپۆرێك بنووسم كە ناوە ناوە هەندێ كاراكتەرانی تیا دەربكەون.. كتێبەكە دەبووایە سەردەمو قۆناغێكی دوورو درێژ بگرێتە خۆو وەسفی بكات.

***- زۆر جار لە خۆمم پرسیوە بۆچی هەندێ نموونەی قارەمانی ناو رۆمانی " U.S.A " وەكو (ریچارد ئەلسوور ساڤاج) یان (ڤاك) لە رۆمانی (دەڤەری كۆلۆمبیا) یان (نیوەی قەڕن)دا نییە؟.***

– چونكە لێبڕام هێڵیان بە دەوردا بكێشمو چیتر بەكاریان نەهێنم. نووسەر دەبێ هەندێجار قارەمانەكانی بگۆڕێ.

***- بۆچی بڕیارت دا درێژە بە رۆمانی U.S.A بدەیتو بیكەی بە چەند بەرگێك؟ رەخنەگرێك یان پسپۆرو شارەزایەك دەستی لەم بڕیارەتدا نەبووە؟***

– یوجین ساكسیتۆن، هەوەڵجار لە گۆڤاری "دوورن"و پاشان لە "هارپرز"دا چەند وتارێكی زۆر دۆستانەی دەربارە نووسی، لێ پێم وانییە بە شێوەیەكی گشتی لە ژێر كاریگەریی رێنوێنی رەخنەگرێكی تایبەتیدا بووبم. خۆ ئەگەر كەسێك رێنوێنی كردبم گوێم لێنەگرتووە. پێم وا نییە گوێم گرتبێ چونكە من زۆر دێر قەناعەت دەكەم. من گوێ لەوكەسانە دەگرم كە بخوازن بۆچوونێك لەمەڕ هەڵەی رێنووس یان رستەبەندیم دەربڕن، بەڵام سەبارەت بە گۆشەنیگای ئەسڵی بابەتەكەم كەمتر گوێ دەگرم، وەڵامی ئەو پرسیارەی كە بۆچی درێژەم بە U.S.Aدا یەجگار ئەستەمە. لە كاتی نووسینی ئەم زنجیرە ڕۆمانەدا هەموو هەوڵێكم بۆ ئەوە بوو كە لایەنە

جیاوازەکانی بابەتەکەم نیشان بدەمو شتێکی کەمێك وردتر لە چیرۆك بخوڵقێنم. دەمویست لە پاڵ ئەوەدا کە رۆمانەکەم شتێکی وردو واقیعیانە بێ، شێوەیەکی چیرۆکڤانیشی هەبێ. ئامانجم هەمیشە ئەوە بوو کە چیرۆك بنووسم نەك شتێکی دیکە، جا بە پێی ئەم رێسایە من هەرگیز نەمتوانیوە ئەو هێڵە جیا کەرەوەیەی کە لە نێوان چیرۆکو نا چیرۆکدا کێشاویانە دەرکبکەم. هەڵبەتە مەسەلەکە لەو زەمانەدا فەرقی هەبوو. لە نێو ئەم رووداندا سەرگەردان بوومو لە ناکاودا لە ئەمەیانەوە دەچوومە سەر ئەوەیانو بە پێچەوانەوە.

***– کەواتە بەم پێودانگە ئەوانەی کە دەخوازن رەخنە لە (u s a) بگرن یان هەڵیبسەنگێنن دەبێ هەموو بۆچوونە ئامادەو کلیشەییەکان وەلاوە بنەن؟***

– ***بەڵێ.*** ئەمە بۆچوونێکی باشە کە بە چاوێکی بابەتیانەوە بروانن ئەم بەرهەمە وراوبۆچوونە ئامادەکراو وکلێشەییەکان وەلاوە بنەن.ئەم قسەیەم بەو مانایە نییە کە بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێت ئەم بەرهەمەیان لاپەسند بێ.بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە دەبێت پێوەری باشتر بۆ هەڵسەنگاندنەکانی خۆیان بدۆزنەوە.

***– سەبارەت بەوەی کە نووسەر بۆ ئەوەی شتێکی تازە فێربێ، ئاخۆ هاونشینی ئەهلی ئەدەبیات یان ئەدەبیاتکاران بەسوودە؟***

– تەقریبەن هیچ کاتێ بە سوود نییە. من زیاتر تێکەڵاویم لەگەڵ خەڵکانی ئاساییدایە، خەڵکانێك کە زۆر دوورن لە دنیای ئەدەبیاتەوە، و هەمیشەش سوودم لە قسەکانیان وەرگرتووە. من زۆر کەم دەخوێنمەوە، وێڕای ئەمەش زمانی چیرۆکڤانیم گۆڕاوە: زیاتر بە هۆی تەلەفزیۆنو قسەکردن لەگەڵ نۆلاواندا.

زۆر زەحمەتە کە نووسەرێك بەم زمانەوە، یان بەم ڕەوتە زمانییەوە هەنگاو بنێ. ناسینی نەوەی تازە یارمەتییەکی زۆری بنیادەم دەدات. ژینگەی ئەکادیمی زۆر ناخۆشە، بەڵام خوێنکاران وانین، ئەوان لە زانکۆی ڤیرجینیاوە دێن بۆ ئێرەو پیاو کە قسەیان لەگەڵدا دەکات لە ڕەوتو رەوشی بۆچوونو هزرینی رۆژ حاڵی دەبێ. زرکچو زرکوڕەکەشم هەمان حاڵیان بۆ من هەس. بوونی ئەوان زۆر بە بایەخە، قسە کردن لەگەڵ ئەمانەدا زۆر بەسوودە.

***– مادام باس هاتە سەر لاوان، ڕاتان دەربارەی خوێندکارانی "چەپی نوێ" چییە؟***

– وا دێتە بەرچاو کە زۆریان رۆژگارێکی دۆزەخییان هەبێ. ئەوانە وا دێنە بەرچاو کە توڕەو تڕۆبن. هۆی ئەمە بە وردی نازانم. بەڵام شێتییەکی غەریب هەموو ئەم مەملەکەتەی گرتۆتەوە... هەراو هەنگامەیەك لە ئارادایە کە تێکەڵەیەکە لە سەمای سەدەکانی ناڤینو کوڕی دەروێشانە.

***– جگە لە نووسەرایەتی چ چالاکییەکی دیکەی هونەریت هەبووە؟ لە ساڵانی 1920دا زۆر هۆگری شانۆ بوویت.***

– ژیانی شانۆیی لەگەڵ مندا نەدەسازا. من نەمدەتوانی شەو بێداری بکەم. لە ژیانی شانۆییدا هەموو شتێك لە نیوە شەو بەدواوەیە. سەردەمانێ کە لە برۆکلین دەژیامو هەمیشە کارەکەمان ئەوەندە درەنگ تەواو دەبوو کە ناچار دەبووم هەموو پردی بروکلین بە پێیان ببڕم تا بگەمەوە

ماڵ. قەت لە سەعات سێ و نیوی پاش نیوەشەو زووتر نەدەگییمەوە ماڵێ. و منیش کەسێکم عادەتم نییە پاش سەعات حەوتی بەیانی بخەوم و بۆیە ئەو بەرنامەیە بۆ من نەدەسازا.

***– لەو شەوانەدا کە بۆ ماڵ دەگەڕایتەوە قەت رێککەوتووە کە لەگەڵ "هارت کرین" دا بی؟***

– ئەو حەیوانێکی زۆر شەوبێدار بوو. عادەتم وابوو کە هەر چۆنێ بووە ناچاری بکەم، ئەگەر تەنیا بۆ گۆڕانیش بووە، بچێتەوە ماڵەکەی خۆی و بخەوێ. تا بەر دەرگا بە دروستی ماموریەتی خۆم ئەنجام دەدا، لێ پاشان دەرگای ڕاڕەوەکە قاییم دەبوو و دووبارە هەڵدەهات.

***– عادەتی وابوو کە ریکۆردەرەکەی تا دوا دەنگ بکاتەوە تا بەهرەی هونەری گەشە بکات و شت بنووسێت؟***

– بەڵێ، منیش ئەمەم بیستووە، بەلای منەوە ئەم کارە شێتێتییە. لەزەت و عەزاب بە تەواوی لێکدی جوودان. شتگەلی زۆر ساکار بەهرەی داهێنانم دەخاتە گەڕ. بۆ نموونە خوێندنەوەی بیرەوەرییان. بەتایبەتی ئەگەر باسی دەورو زەمانانی کۆن بێ...

***– هەلومەرجی لەبار بۆ کارکردنت چییە؟***

– تاقە شتێك ئەگەر بۆ بنیادەم پێویست بێ ژوورێکە کە کەس هەقی بە سەرییەوە نەبێ. هەندێ لە کارەکانی خۆم بە تەواوەتی بە دەست نووسیوە. بەڵام ئێستا سەرەتای چیرۆکەکانم بە قەڵەم دەنووسم و ئەوجا پاشماوەکەی تایپ دەکەم. بە هەرحاڵ ئەنجامی کارەکەم شتێکی هێندە تێکەڵ و پێکەڵ دەردەچێت کە چ کەسێك جگە لە ژنەکەم ناتوانێ بیخوێنێتەوە. گەیوومەتە ئەو ئەنجامی کە ئەگەر بەیانیان زوو لە خەو ڕابم و دەست بە کاربکەم زۆر ئیسراحەت ترو ئاسوودەترم. حەزدەکەم کارەکەم تا سەعات یەك یان دووی پاش نیوەڕۆ تەواو بکەم. عەسران کارێکی ئەوتۆ ناکەم. حەزم لێیە گەر بتوانم عەسران لە ماڵ بچمە دەرێ.

***– وا دیارە بەر لە مەلەکردن هەموو کارەکانت تەواو دەکەیت؟***

– بەڵێ، بەرنامەی ڕۆژانەم ئەمەیە کە بۆ مەلە کردن بچمە رەخی روبار.

***– پاش ئەوەی کە بەرهەمێکت تەواو کرد چەند گۆڕانکاری تیا دەکەی؟***

– زۆری دەگۆڕم، هەندێ فەسڵان شەش حەوت جار دەگۆڕم. هەندێ جاریش هەر یەکەم کەڕەت قاڵبی خۆی وەردەگرێت. بەڵام ئەمە زۆر بە کەمی روو دەدا. "جۆرج موور 1852– 1933" هەموو ڕۆمانەکانی خۆی دووبارە دەنووسییەوە. سەبارەت بە من هەندێجار ئەوەندە بەرهەمەکەم دەگۆڕم کە هەستدەکەم لە جیاتی ئەوەی باشتر بێ، خراپتر دەبێ. کە دەگەمە ئەم قۆناغە ئیدی تێدەگەم کە کارەکە تەواوەو دەبێ بدرێتە بڵاوکەرەوە.

*– باشە لەبەرچی (دەڤەری کۆلۆمبیا) درێژەی کێشاو بوو بە زنجیرە؟

– هەوەڵجار "سەربوری لاوێك"م نووسی و ئەمە بە تەنێ و بۆ خۆی ڕۆمانێکی سەربەخۆ بوو. پاشان هەستم کرد کە ماڵباتی "سپوتس وود" پێویستی بە پەرەپێدانی زیاتر هەس. ئەوە بوو لە برا بچووکەکەوە دەستم پێکرد. پاشان هاتمە سەر برا گەورەکە و پاشان کارەکەم بە باوکی ماڵەکە تەواو کرد. لە ڕاستیدا جاری دووەم ڕۆمانەکەم ئاوەژوو نووسییەوە، واتە لە بچووکترین ئەندامی ماڵباتەکەوە بۆ گەورەترینیان دەستم پێکرد.

***- هەست کردن بە فریو خواردن لە لای "گولن سپوتس وود" لە ڕۆمانی سەربووری لاوێکدا لە حاڵەتی خودی خۆت لە ساڵانی ئاخرو ئۆخری 1930نا چێت؟ مەبەستم لە هەستی فریو خواردن ئەمەیە کە گولن سپوتس وود هەست دەکات کە بەکارکردن لە "کۆمیتەی بەرەڤانی هارلان کانتی" و "کۆمیتەی بەرڤانی کوڕانی ئەسکەتلەندی نەژاد" و لە هەموو پێکادانەکانیا لەگەڵ "کۆمۆنیستەکان"دا کڵاوی چووەتە سەر.***

- بۆ نەء . من خۆمیش ئەگەر دەستم لەم مەسەلەو ئەزموونانە نەبووایەو بەشداریم تێدا نەبووایە هەرگیز هیچم دەربارەی هارلان کانتیو ئەوەی لەو دیوی هەردوو کۆمیتەی ناوبراوەوە بوو بۆ دەرنەدەکەوت. ئاشکراشە کە ئەگەر خۆم لە ناو مەسەلەکەدا نەبوایەم نەمدەتوانی هەلومەرجی ئەم دەڤەرە شرۆڤە بکەم. بەڕای من هەر نووسەرێك دەبێ تۆزە ئەزموونێکی شەخسی، ئەگەر ئەو ئەزموونە زۆر کەمیش بێ، دەربارەی ئەو شتە هەبێ کە دەخوازێ بینووسێت. بەبێ ئەم ئەزموونو تەجرەبە کەمە ناتوانرێ ئەو شتە واقیعییە بێتە نووسین کە نووسەر عەودالی خولقاندنیەتی.

***- لە ڕۆمانی " نمرە یەك"دا، کە دەربارەی برا گەورەکەی ماڵباتی "گولن- تایلەر"ە هەندێ قسە دەربارەی هەڵبژاردنەوەی " روزڤیلت" بۆ جاری سێیەمو کۆششی ئەو بۆ هەڵبژاردن دێتە کردن. تۆ لەو زەمانەدا ڕێزت بۆ ڕۆزڤیلت هەبوو و ئەوت وەکو سەرکۆمار قەبوڵ بوو؟***

- بەڵێ، بێگومان قەبوڵم بوو. پێم وابوو لە قۆناغی یەکەمی سەرکۆماریدا زۆر بە چاکی کاری کردبوو. ئەوە بوو لە قۆناغی دووەمیشدا هەر دەنگم بەو دا. ئێستا وا بیردەکەمەوە کە ڕەنگە قازانجی وڵات لەوەدا بوایە کە لە جیاتی روزڤیلت، "ویکلی" هەڵبژێردرایە. ئەگەر ئەو سەرکۆمار بوایە بەلای کەمەوە ئەو میکانیزمە دەوڵەتییە نائاساییەی کە روزڤیلت لە واشنگتوندا دروستی کردبوو، ئەو تێکی دەداو ئەو یەکدەستیەی لە دەست دەدا، بەڕای من روزڤیلت سەرکۆمارێکی زۆر چاك دەبوو ئەگەر تەنیا دوو دەورەکەی خۆی بمابایەوەو پاشان چووبا بە دووی کاری خۆیدا. بەڕای من هەرچی چاکییەکی هەبوو لە هەمان دوو دەورەکەی خۆیدا کردیو هەموو خراپییەکانیشی بۆ دەوری سێیەم هێشتەوە، لە دەورەی سێیەمدا هەموو هەوڵو تەقەللای رۆزڤیلت هاتبووە سەر ئەوەی کە دەوڵەتی فیدراڵ تەواو قایمو مکوم بکاتو ئەنجامی ئەم کارەش تەنیا بوژاندنەوەی بیرۆکراسی لێکەوتەوە: هەمان قاقەزبازی کە لە زەمانی ویلسۆن دا کە بە باشترین شێوە خۆی نیشان دابوو و پاشان لەناو چوو بوو، دووبارە بوژایەوەو زندوو بووەوە. ڕۆمانی "نەخشەی مەزن" شرۆڤەو شیرکردنەوەی ئەم مەسەلانەیە.

***- وا دێتە بەرچاو کە ڕۆزڤیلت ئەگەر هەموو بەشەکانی دەڤەری کولومبیاشی داگیر نەکردبێ بەلای کەمەوە بابەتی سەرەکی ڕۆمانی (نەخشەی مەزن) دەربارەی ئەوە: دروست وەکو چۆن ویلسون لە ساڵی 1919دا هەموو شتێك بوو. وانییە؟***

- ئەگەر چی من هەوڵمداوە زیاتر بیخەمە پشت پەردەوەو ڕاستەوخۆ مامەڵەی لە تەکدا نەکەم، بەڵام لەگەڵ ڕایەکەی تۆدام. لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا من پەیامنێر بوومو لە دەوروبەری واشنگتۆندا دەسووڕامەوەو هەواڵو ڕاپۆرم ئامادە دەکرد. هەواڵنێری، هەمیشە یەکێك بووە لە

کاره سەرەکییەکانی من. لە نێوان نووسینی ئەم کتێبەو کتێبی دواتردا چەند راپۆرتێکم ئامادە کردووە.

***– کەسێك کە دێتە سەر تۆو باسی تۆ، ناتوانێ ئەم پرسیارە سیاسییەت لێنەکات: لە زۆربەی ئەو بەرهەمانەتدا کە لە دوای جەنگ بڵاوبوونەتەوە تۆ بە خراپی باسی کۆمۆنیزمی نێو نەتەوەییت کردووەو بە "پیاوە بەفرینەی دزێو" ناوت بردووە. گوتووتە یەکێك بوویت لە هەوڵێن کەسانێك کە دیتووتە، و لە قەیرانەکان، پەیمانێن جیاواز، و دووبەرەکییەکاندا چاودێریت کردووە. ئەمڕۆکەش بە هەمان جۆش و خرۆش و وردی چاودێری دەکەیت؟***

– وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر قورسە. ئەمڕۆکە مەحاڵە مرۆڤ بە شێوەی بنجبڕ دەربارەی سیاسەتی جیهانی داوەری بکات. ئێمەو سۆڤیەتەکان وەکو یەك چووینەتە پێشەوەو لایەنێن هاوبەشمان هەیە، تەنیا جیاوازیمان ئەوەیە کە سۆڤیەتەکان بە شێوەیەکی سەیر ئارەزوومەندی فەتحی جیهانن.

ئەم ئارەزووە دەروونییە هەندێجار زۆر توند بووەو هەندێجار لاواز بووە، بەڵام هەمیشە هەر هەبووە. لەوەیە ئەمڕۆکە ئەم ویستی فراوانخوازییە لەلای خەڵکی سۆڤیەت نەمابێ، ئەمە جگە لەوەی کە من لە بنەڕەتدا بە گومانم لەوەی کە هیچ کاتێك ئەم ئارەزووە لای خەڵکی سۆڤیەت هەبووبێ. من حەزدەکەم حەقیقەتی ئەمە بزانم. مەبەستم ئەمەیە کە پێم وا نییە جەماوەری خەڵکی رووسیا پێویستی بە هاندان و بزواندن هەبێ. ئاخر هەر جۆرە ئەنجامگیرییەك بۆ ئەوان ئەستەمە. ئایدولۆژی رووسی هەموو هزرو بیریانی پڕکردووە.

***– تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کە بە خۆت دووبارە بۆ ئەو وڵاتە بڕۆیتەوەو لە نزیکەوە وەزع و حاڵەکان ببینی؟***

– کارێکی زۆر زەحمەتە. لەوەیە رۆژێ بێ کە مرۆڤ پێی خۆش بێ جارێکی دی سەری رووسیا بداتەوە، بەڵام پێم وانییە ئەو رۆژە ئێستابێ، پێم وایە کۆمەڵگەی رووسیاش لە هەندێ لایەنەوە بە ئەندازەی کۆمەڵگەی خۆمان پێشکەوتووە. دەتوانرێ هەندێ لە گەلی رووسیا بە چاکترین دۆست و هاوپەیمانی خۆمان حەساو بکرێن، چونکە بەڕاستی هەندێکیان هەمان شتیان گەرەکە کە ئێمە عەودالێن. بەڵام ئەوان دەستیان ناگاتە هیچ کوێ. دکتاتۆرییەتی روسیا دەستی خەڵکی بڕیوە "پاسترناك 1890– 1960" و "دکتور زیڤاگۆ"کەی لە جوملەی ئەم هاوپەیمانانەن. بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەو، پیاو نووسەرانی سەردەمی ڕابردووی روسیای بیر دەکەوێتەوە. پاسترناك لە هەندێ رووەوە لە "تۆرگینێف" دەچێت و پیاو هەست دەکات کە تۆرگینێف زندوو بووەتەوەو خەریکە شت دەنووسێت. دکتۆر زیڤاگۆ–م پێ کتێبێکی باش بوو، چونکە پاسترناك مامەڵەی لەتەك ئەو تاقمە خەڵکەی سۆڤیەت کردووە کە من هاوسۆزی و هاودەردییەکی زۆرم لەگەڵیاندا هەیە. پاسترناك نیشانی داوە کە هێشتا ئەو بیرکردنەوە کۆنەی روسیا، مرۆڤگەرایی سەدەی نۆزدەم، هەر ماوە. هەڵبەتە پاسترناك تەواو پیر بوو و روو لە نەمانە، لێ هێشتاش مادامێکی رووسەکان خوێندن و نووسین فێری خەڵکی دەکەن و رێیان دەدەن کە ئەدەبیاتی

سەدەی نۆزدەیەمی روسیا بخوێننەوە دەکرێ بە ئومێدی ئەوە بی کە پاسترناکانی دی لە دایك دەبن.

***- بەرهەمی نووسەرانی ئەمریکایی هاوچەرخ زۆر دەخوێنیتەوە؟***

- ماوەیەکی ئەوتۆم بۆ خوێندنەوەی کتێبان نامێنێتەوە، چونکە دەبێ دەربارەی ئەو کارەی کە بە دەستمەوەیە بینووسم، بابەتی زۆر بخوێنمەوەو بەڵگەو قەواڵەی فرە خڕبکەمەوە. جا بەم وەخت کەمییە زۆر زەحمەتە ماوەیەکی وەها پەیدابکەم. بەرهەمێن "سالینجر" زۆر بە تاسوقەوە دەخوێنمەوە. بۆیە ناوی ئەوم برد چونکە زۆر بە رەحەتی لەزەتم لەکارەکانی بردووە. "دەشتەوان لە کێڵگەدا"، "فیرەنیو زووئی"م بەلاوە کتێبی چاکن. هەندێ لە کتێبەکانی فاکنەرش دەخوێنمەوەو هەندێ لە رۆمانەکانیم زۆر بە دڵە.

(ورچ)و "بەو جۆرە کە دەمرم"م زۆر بە دڵن، ورچ چیرۆکێکی بەرزە دەربارەی ڕاوو سروشت. رۆمانی "موزاحمێك لە غوبارا"م بە دڵە. چیرۆکەکانی فۆکنەر بە شێوەیەکی سەیر نەقڵبێژانی کۆنم وەبیر دێننەوە.هەمان ئەو نەقڵبێژانەی کە کاتێ منداڵ  بووم و هاوینان بۆ گوزەراندنی پشوو دەهاتین بۆ ئەم کێڵگەیە لە تاریکی شەودا بە جۆرێ خۆم دەشاردەوە کە کەس نەتوانێ بمدۆزێتەوەو بمنێرێتە ناو جێگا، تا گوێیان لێبگرم. ئەوەندە گوێم دەگرت گوێچکەکانم خەریك بوو لە گوێگرتندا بتەقن، پێموایە زۆر حەز لە شەرحو شرۆڤەکانی فۆکنەر دەکەم. فۆکنەر بینەرێکی وردبینە. چیرۆکەکانی، کە هەندێجار پڕ هەراو هەنگامەن، لەسەر بناغەی دیتنە هەوەڵینەوخاوەکانی ڕۆدەنێت.

***- ئەدی شیعرەکانی "کامینگز"ت بەلاوە چۆنن؟***

- هەمیشە لەزەتم لە شیعرەکانی بینیوە. جگە لە شیعرەکانی خۆشیم خۆشگەرەکە. لە یەك زانکۆ بووین، پێم وایە ساڵێك پێش من بوو. زۆر کەم لە زانکۆدا دەمبینی. ئەگەرچی زۆرجار پێکەوە کۆرسمان هەڵدەبژاردو پۆلەکانمان یەك پۆل بوو، بەڵام هەندێ جار بە ساڵ نەمدەبینی، ئەو دوا کەسی پاشماوەی وەچەی کۆنی "نیوئینگلند" بوو.

***- ڕاتان دەربارەی بەرهەمی هەندێ لە نووسەرانی چەپ کە لە ساڵانی 1930دا چالاکییان هەبوو چییە؟ بۆ وێنە "هوارد فاست" یان "مایکل گوڵد"؟***

- یەکێك ڕستەیەکی کینایە ئامێزی داوەتە پاڵ من کە گوایە لە ساڵانی 1930دا گوتوومە: نووسەرانی جیهان یەکگرن، ئێوە جگە لە مێشکتان هیچتان نییە لە دەستی بدەن. مایکل گوڵد نووسەرێکی زۆر باش بوو. یەکەم رۆمانی ئەو "جوانی بێ پارە" کتێبێکی زۆر گەرمو گوڕو دڵگیرو مۆرڤدۆستانە بوو. ئەم بەرهەمەی زۆر لە ژێر کاریگەری گۆرکیدا بوو. کە گوڵد زۆری خۆشدەویستو رێزی دەگرت. فاست-م هەرگیز بە دڵ نەبووە. رۆمانی "تۆم پەین"ەکەی زۆری تووڕە کردم ،چونکە بەڕای من ڕوویەکی درۆزنانەی تۆم پەین-ی وێنە گرتبوو. بە هەرحاڵ، وا باوە ئەو نووسەرانەی کە دەبنە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست یان واز لە نووسەریی دێنن یان نووسینەکانیان هێندە تاقەتبەر دەبێ کە کەس ناتوانێ بیانخوێنێتەوە.

***- جگە لە نووسەران، پەیوەندیت لەگەڵ هیچ سیاسەتوانێکی کۆمۆنیستدا هەبووە؟***

– جارێك گفتوگۆیەكی دوورو درێژم لەگەڵ "ئارل برودر"دا كردو زۆریش رقم لێ بووەوە. بنیادەمێكی زۆر ترسناك بوو. لەگەڵ "فورستر"شدا دیدارێكم كردو نەچووە دڵمەوە.

***– بەڕای تۆ لە نێوان برودرو فورستەر لەلایەك‌و (جان رید) لەلایەكی دی جیاوازی كەسایەتی زۆر بوو؟***

– هەڵبەتە هەبوو. من هاوسۆزی‌و هاودەردییەكی زۆری جان ریدم دەكرد. بەڕای من نووسەرێكی زۆر باش بوو. نووسینەكانیم لە خۆی خۆشتر دەویست. تاقە جارێك كە ئەوم بینی خەریكی قسەكردن بوو–پێم وایە دەربارەی مەكزێك– بوو. لە زانستگەی هارڤەرد كە من خەریك بوو بەكالۆریۆس–م تەواو دەكرد.

رەفتارێكی تایبەتی هەبوو، مامۆستایانەو لوتبەرز دەهاتە بەرچاو. ئەمە وای لێكردم بە خۆدا بشكێمەوەو رقم لێی بێتەوە. لەو سەروبەندە لاوێكی دڵناسك بووم، گۆشەگیرو شەرمن كە زۆر زوو توڕە دەبووم‌و هەڵدەچووم. زۆرم ڕق لە خوێندكارانی زانكۆ بوو. وەكو "لویست برایانت" بە تایبەتی بۆی گێڕامەوە، جان رید بەر لە مردن زۆر نائومێدو دڵتەنگ‌و بێتاقەت بوو.

***– لەم پێنج ساڵەی ڕابردوودا سەبارەت بە بارودۆخی جیهانی كەمتر لە جاران گەشبین بووی یان زیاتر؟***

– وەڵامی ئەمە قورسە. بەڵام پێموایە تا زیاتر پێ دەنێمە ناو ساڵەوە كەمتر هەڵدەچم‌و ئارامتر دەبم‌و زیاتر بە دنیا ئومێدەوارو گەشبین دەبم.لێ كاتێ ئەمانە دەست دەدەنە ئۆپەراسیۆنێكی وەكو "كەنداوی بەرازان" هەندێ نا ئومێد وڕەشبین دەبم، بە تایبەتی كە وادێتە بەرچاو كەسێك نەبێ بتوانێ ئەوەت بۆ روون بكاتەوە كە ئەنجامی ئەم ئۆپەراسیۆنە چ بووە.

*– راتان دەربارەی شێوەی رەفتاری ئەنجوومەنانی ڕۆشنبیری لەگەڵ ئەدەبیاتی تازەدا چییە؟

– ئەگەرچی من لەگەڵ خەتی ئەواندا نیم‌و رەفتاری ئەوان تاقیب ناكەم، بەڵام وا دێتە بەرچاو كە زیاتر لە هەر شتێك گێژن. رۆشنبیران زیاتر لە جەماوەری خەڵكی، لەبەر خەتەرو مەترسی وەهمی دەستەجەمی دان.ئیدی نازانم ئەمە بۆ وایەو لە چییەوە هاتووە، بەڵام پێم وایە هەمیشە هەر وابووە.

***– هەستدەكەیت كە بە شێوەیەكی گشتی نووسینەكانی ئەم دواییەت لەم وڵاتەدا خراپ لێكدراونەتەوە؟***

– نەء، حەز ناكەم شتی وا بڵێم. ئاساییە هەندێ كەس خراپ لێیان تێبگەن یان خراپ لێكیان بدەنەوە.. ئەم تاخمە خەڵكە هەمیشە وان. ئەمانە لەوە زیاتریان لێ چاوەڕوان ناكرێت، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر چیرۆكەكانت دەربارەی خەڵك‌و پرس‌و دۆزی خەڵكی بێ دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بی بیانرەنجێنی، بە تایبەتی ئەگەر قامكت خستبێتە سەر مەسەلە زەقەكانی ئەوان. هەمیشە بەرهەمێن لەو بابەتە ئازارو حورمان لای خوێنەر دروست دەكات‌و ئاساییە كە خوێنەر پەرچەكردار نیشان بدات‌و حەزیان لێنەكات، حەز لەو چیرۆكانە نەكات.

***– تا ئێستا بیرت لەوە كردۆتەوە كە لەوەیە خەسڵەتێك لە تۆدا هەبێ‌و ناوی گرێی "وەین موریس" یان لێناوە؟ ئەو گرێیەی كە تاك حەزناكات لەگەڵ ڕای زۆربەدا بێ؟***

– تیۆرییەکی تایبەتی هەس کە هەوڵدەدات بیسەلمێنێ کەمینە هەمیشە دروست بیردەکاتەوەو لەسەر هەقە. "ئیبسین" رایەکی وەهای هەبوو. لەوەیە منیش لەگەڵ ئەو بۆچوون و رایەی "ئیبسین"دا بم.

***– تا ئێستا جگە لە نووسین چالاکییەکی دیکەی هونەریت هەبووە؟ بۆ وێنە شیعر.***

– تا ئێستا شیعرێکی زۆرم نووسیوە.. بەڵام شیعر فۆرمێکی جیاوازی تایبەت بە خۆی هەیە... لە هەندێ بەشی وەزنداری رۆمانی U.S.Aدا سوودم لە شیعریش وەرگرتووە. جار جارە نیگارکێشیش دەکەم،بە بۆیەی ئاوی. پەخشاننووسی خەیاڵی مرۆڤ تاریک دەکات. بۆیە، بۆیەکاری‌و نیگارکێشی خەیاڵی مرۆڤ ساف دەکاتەوە.

***– لەزەت لە نووسین دەبینی؟***

– ئەوە بەجار کەوتووە. هەندێجار لەزەتی لێدەبینم‌و هەندێ جار نەء .

***– لەزەتی تایبەتی نووسین لە چیدایە؟***

– مرۆڤ بە نووسین خۆی هەڵدەڕێژێ. هەستەکانی، باوەڕەکانی‌و سۆزەکانی نیشاندەدا. هەستی کنوکۆکاری دەبێتە مایەی ئەوەی کە بنیادەم درێژە بەکاری خۆی بدات. ئەوەی لە خۆتدا خڕتکردووەتەوە دەبێ لە شەڕی بخەڵەسی. ئەمە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی نووسەرایەتی. کە کتێبێکی ئەستووری خۆت دەبینی هەست بە ئارامی دەکەیت.

***سەرچاوە:***

***کارنویسندە/ ترجمە: احمد اخوات/ چاپ اول: 1371/ نشر فردا***

# هەڤپەیڤینەك دەگەڵ
# جۆرج سیمنون دا
1903 -1985
# سازدانی:کارڤل کۆلینز

ڕۆژێکی هەتاوی مانگی حەوت بوو، پاش ئەوەی فراڤینم لەگەڵ ڕێزدار سیمنون دا خوارد لەگەڵیدا چووم تا هەڤپەیڤینێکی لەگەڵدا سازبکەم. ژووری کارەکەی هەر لە ناو ماڵەکەیدا بوو. ماڵێکی سپی ، لە کەناری شاری (لیك ڤیل)ی ویلایەتی کانیکتیکتدا بوو. ژووری کارەکەی ڕەنگدانەوەی زەوق‌و سەلیقەی خاوەنەکەی بوو: ڕووخۆش، ڕوح سووك، جددی، میوانپەروەرو ڕێك‌و پێك. تاقەکانی ژوورەکەی پڕن لە کتێبی مافەوانی‌و پزیشکەوانی، ئەو دوو بوارەی کە سیمنون پسپۆڕیی لێپەیدا کردبوون. دەفتەری ڕێنوێنی تەلەفۆنی هەموو دنیا لە ژوورەکەیدا هەیە. ئەو دەفتەرانەی کە ناوی قارەمانانی ڕۆمانەکانی خۆی لێهەڵدەبژارد، نەخشەیەکیش بە دیوارەکەوە بوو، نەخشەی شاری چل‌و نۆیەمین ڕۆمانی (پۆلیسی کۆچبەری) جگە لەمانە

تەقویمێکیش بە دیوارەکەوەیە، تەقویمێك کە بە قەڵەمی رەش ئەو رۆژانەی نیشان کردووە کە خەریکی نووسینی ئەم رۆمانە بووە: بۆ نووسینی هەر فەسڵێك یەك رۆژ دادەنیٚ و سیٚ رۆژیش بۆ پاکنووس کردنەوەو پێدا چوونەوەی. بەڵام بۆ ئەم دیمانەیە بە سەخاوەتێکی تایبەتییەوە هاتۆتە پێشیٚ.

خانم سیمنون، پاش ئەوەی دڵنیا دەبیٚ کە هەموو شتێك لە ژوورەوە بۆ مێردەکەی و دیمانەسازەکەی سازو ئامادەیە ، دەچێتە ژوورەکەی تەنیشتەوە، تا بە کاروبارو قەرارەکانی مێردەکەی ڕابگات: ئەو مێردەی کە ساڵی شەش رۆمان بڵاودەکاتەوەو بەرهەمەکانی بۆ پتر لە بیست زمان تەرجەمە کراون.

ئاغای سیمنون بە شێوەیەکی خاکیانەو بە دەنگێکی گەرمو خۆشو دڵگیر دەدویٚ، بە سەدایەك کە جیلوەو ڕەونەقێکی تایبەتی بە قسەکانی دەداو لە گفتوگۆیەکی ئاسایی جودای دەکاتەوە. بەمجۆرە درێژە بەو باسە دەدا کە لە ژووری نان خواردندا دەستی پێکرد:

– لە نێو هەموو ئامۆژگارییە جیاوازەکاندا، تەنیا گوتەی یەك نووسەرم بە دڵ بووەو سوودم لێوەرگرتووە، ئەم ئامۆژگارییە هی (گولیتی) بوو. ئەو زەمانە چیرۆکی کورتم بۆ گۆڤاری (لومتن) دەنووسی و گولیتی سەرنووسەری ئەدەبی گۆڤارەکە بوو. بیرم دیٚ دوو چیرۆکی کورتم دا بە خات گولیتی، ئەویش پاش خوێندنەوەیان بۆی گەڕاندمەوە. بێزار نەبووم و دووبارە هەوڵم دایەوە. دیسان پەسندی نەکرد، ئەمجارەش کۆڵم نەدا. لە دوا ئەنجامدا هاتە قسان و گوتی: "تەماشاکە، خراپی کارەکەت ئەوەیە کە لە ڕادەبەدەر ئەدەبییانە دەنووسیت، هەمیشە چیرۆکەکانت ئەدەبییانەیە". ئیدی لەو بە دواوە ئامۆژگارییەکەی خا گولیتیم لە گویٚ گرت و بڕیارم دا کە سادە بنووسم، بەتایبەتی کاتیٚ دەمەویٚ بە چیرۆکێکدا بچمەوەو پاکنووسی بکەمەوە.

***– مەبەستتان لە "زۆر ئەدەبییانە" چییە؟ مەبەست لەو وشە تایبەتییانەیە کە دەبنە مایەی ئەوەی رستەکە لە رادەبەدەرە ئەدەبییانە دەربچیٚ؟ ئەو وشانەی کە پێویستە لە کاتی پێداچوونەوەو پاکنووسدا لابرێن؟.***

– مەبەست لەو ئاوەڵناوو ئاوەڵفرمانانەیە کە تەنیا بۆ ئەوە بەکار هێنراون کار لە خوێنەر بکەن. ئەو وشانەی کە دەورێکی ئەوتۆیان لە ڕستەدا نییەو تەنیا لە پێناوی جوانکاری زماندا هاتوون. تەماشا، ئەگەر رستەیەکی جوان، بەڵام بیٚ کەڵکت لە چیرۆکەکەتدا بەکارهێنا،... هیچ حەیفت لیٚ نەیەت و، ڕەشی بکەوە. هەر کاتیٚ لە رۆمانەکانمدا تووشی رستەی واهی ببم، یەکسەر رەشی دەکەمەوەو لایدەبەم.

***– هەمیشە بەو شێوەیە بە ڕۆمانەکانتدا دەچیتەوەو پاکنووسیان دەکەیتەوە؟***

– بەڵیٚ، تەقریبەن هەمیشە کوژانەوەو چاککردنەوە بە هەمان ئەندازەیە.

***–بەم پێیە دەست لە پێکهاتەی نەخشەی ڕۆمانەکە نادەیت؟***

– نە، هیچ کاتێك دەستکاری پێکهاتی رۆمانەکە ناکەم. هەندێجار رەنگە ناوێك بگۆڕم. بۆ نموونە ناوی ژنێك لە فەسڵی یەکەمدا هیلن بووەو لە فەسڵی دووەمدا بووە بە شارلوت. لە کاتی

پێداچوونەوەدا دەبێ ئەمە راست بکرێتەوە. لەمە بترازێ کاری سەرەکی من لە کاتی پێدا چوونەوەدا رەشکردنەوە لە دووی ڕەشکردنەوەیە،ودیسان هەر ڕەشکردنەوە.

***– جگە لە ڕەشکردنەوەو لابردن چ ئامۆژگاریو ڕێنوێنییەکی دیکەت بۆ نووسەرانی تازەکار نییە؟***

– خەڵکی نووسەریی بە پیشە دەزانن، لێ من پێم وا نییە ئەمە دروست بێ. بە بۆچوونی من هەر کەسێك بەڕاستی هەست بە زەروورەتی نووسەرایەتی لە خۆیدا نەکات، وئەگەر پێی وایە بۆ کارێکی دیکە دروستبووە، پێویستە دووی ئەو کارە بکەوێ. نووسەرایەتی پیشە نییە، بەڵکو کارێکە زەڕەیەك شادیو بەختەوەری تێدا نییە. خەیاڵ ناکەم هونەرمەند هیچ کاتێك بتوانێ کەسێکی شادمان بێ.

***–بۆچی؟***

– چونکە نووسەرێك کە هەستی بە زەروورەتی نووسەرایەتی لە خۆیدا کردبێ دەیەوێت خۆی بناسێت. هەر نووسەرێك هەوڵدەدات بە کۆمەکی ئەو قارەمانو بەرهەمانە دەیخوڵقێنێ، خۆی کەشف بکات، خۆی بدۆزێتەوە.

***– کەواتە نووسەر بۆ خۆی دەنووسێت؟***

– بەڵێ، بێگومان.

***– هیچ بەلاتانەوە گرنگە کە خوێنەرو کەسانێك هەبن بەرهەمەکانتان بخوێننەوە؟***

– من ئەوەندە دەزانم کە خەڵکانێکی زۆر هەن هەمان گیروگرفتی منیان هەیەو کەمو زۆر بە ئەندازەی خودی من ئەم مەسەلانەیان بەلاوە گرینگەو ئەگەر بە خوێندنەوەی کتێبێکی من وەڵامی گرفتو مەسەلەکانی خۆیان بدۆزنەوە خۆشحاڵ دەبن، هەڵبەتە ئەگەر وەڵامێك بەدەست بێنن.

***– تەنانەت ئەگەر نووسەر وەڵامێکی بۆ گرفتەکانیش نەبێ، پێت وا نییە بەلای کەمەوە مادامێکی هەوڵێکی داوەو گرفتێکی خستۆتە روو، ئەمە خۆی لە خۆیدا بۆ خوێنەرانی سوودبەخش بێت؟***

– با لەگەڵ ڕایەکەی ئێوەدام، بێگومان وایە. نازانم تا ئێستا باسی ئەو هەستەی خۆم بۆ کردوویت کە چەندین ساڵ بوو مژولی کردبووم یان نا؟ ماوەیەکی زۆر لەبەر خۆمەوە بیرم لەوە دەکردەوە، چونکە لەم سەردەمەدا مەزەبێکی گونجاو لە کۆمەڵگەدا نییەو زنجیرەی پلەوپایە چینایەتییەکانیش وەکو جاران نەماوە خەڵکی لەو رێکخراوە پانو پۆڕانەی کە خۆیان بەشێکن لێی، دەترسن. لەم هەلومەرجەدا خوێندنەوەی رۆمانێك بۆ خوێنەر وەکو کونی کلیلێك وایە کە مرۆڤ دەتوانێت لێوەی بڕوانێتە ماڵی هاوسێکەی خۆی، تەماشای بکات کە ئەو چ دەکاتو بیرو بیرکردنەوەی چۆنە. ئایا ئەویش هەمان باوەڕی پەست، کرێتو وەسوەسەو فریوی منی هەیە؟ بەڕای من خوێنەران عەودالی ئەو جۆرە شتانەن، بە باوەڕی من لەم رۆژگارو سەردەمەدا زۆربەی خەڵکی هەست بە نا ئەمنی دەکەنو عەودالی کەشف کردنی خودی خۆیانن.

ئەمڕۆکە ئیدی خەڵکی کەمتر تووشی بەرهەمێن وەکو بەرهەمەکانی ئاناتول فرانس دەبن، ئەو بەرهەمانەی کە هەموو شتێك تیایدا جوانو ئارامو گەشو ئومێد بەخشەو ئاکامو ئاقیبەتی

خۆشی هەیە. بە پێچەوانەوە، مەردمی ئەم زەمانە بەرهەمی ئاڵۆزتریان گەرەکە، بەرهەمێك کە هەموو گۆشە پەنهانەکانی بوونی بەشەر والا بکاتەوەو نیشانی بدات. حاڵی عەرزم هەی؟

***- بەڵێ پێم وایە. مەبەستتان ئەمەیە کە ئەمڕۆکە ڕۆمانێن سایکۆلۆژی لەبەر ئەوە پێویستە کە خوێنەرانێکی زیاتر پێویستیان پێیەتی، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی زانیاریمان دەربارەی دەروونناسی و شیکاری دەروونناسی زیادی کردووە؟***

- بەڵێ، پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤێکی ئاسایی هەرگیز ئەو گرفتانەی بەبیردا نەدەهات کە ئێستا گیرۆدەی بووە. ئەم مرۆڤە بەر لە پەنجا ساڵ وەڵامی گیروگرفتەکانی خۆی هەبوو لێ ئەمڕۆ نازانێ چۆن چارەسەریان بکات.

***- لە بیرتانە نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر ڕەخنەگرێك لێی پرسیت کە ڕۆمانی ئەمڕۆ دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر شێوازی ڕۆمانێن سەدەی نۆزدە؟ دەکرێ دووبارە ڕای خۆتان لەو بارەیەوە بڵێیتەوە؟***

- نابێ و ناکرێ. بەڕای من گەڕانەوەی لەو جۆرە مەحاڵە (هەڵوەستە): چونکە لە ڕۆژگارو دەورو زەمانێکدا دەژین کە ئیدی کاری نووسەر وەکو نووسەرانی سەدەی نۆزدە لە چوار چێوەیەکی تایبەتیدا ناوەستێ. ئەمڕۆکە نووسەران هەوڵدەدەن هەموو سوچێکی کەسایەتی کاراکتەرانی ناو ڕۆمانەکانیان بە خوێنەر نیشان بدەن و هەست و نەستیان بەتەواوەتی دەربڕن و بەرجەستەی بکەن. ئەمڕۆکە دەکرێ یان دەتوانرێ بە شێوازی ڕۆمانێن هەوەڵی سەدەی نۆزدەیەم، ئەشق "جوان" نیشان بدرێ. بۆ نموونە دە مانگی یەکەمی ئاشنایی دوو دڵدار. لێ ئەمە بەس نییە چونکە ئەم دوو دڵدارە پاش ماوەیەك لەیەکدی تێردەبن. لێکدی تێر بوون فۆرم و شێوەی زۆربەی ڕۆمانێن ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەیەمەو ئەوجاش بۆ زەمانی ئێمە کافی و بەس نییە. ئەگەر مرۆڤ دیسان بیەوێ پێشڤەتر بڕوات دەتوانێ پەنجا ساڵی پیاو نیشان بدات کە چۆن دەیەوێ ژیانێکی تازە بۆ خۆی پێکەوە بنێ و ژن غیرە دەیگرێ و سەرو کەللەی منداڵ دێتە ئاراوە، ئەمە قۆناغی سێیەمی ڕۆمانە. بەڕای من ئێمە لە حاڵی حازردا لە قۆناغێکی واهیدا دەژین، نووسەری ئەمڕۆ ئیدی وەکو ڕۆماننووسی سەدەی نۆزدە ڕۆمانەکەی لەو شوێنەدا تەواو ناکات کە ئەم دوو دڵدارە ئاشقی یەکدی دەبن یان لە یەکدی تێردەبن. نووسەر تا کۆتایی خەت هەر دەڕوات و هەموو ژیانیان نیشان دەدات.

***- هەر لەم وارەدا، من زۆرجار دەژنەوم کە خوێنەران دەربارەی ڕۆڵی خشونەت و زبری لە ڕۆمانی تازەدا پرسیاران دەکەن. من بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ تاوتوێ کردنی ئەم بابەتەدام، لێ ویستم بپرسیم بۆچی ئەوەندە دەربارەی خشونەت و زبری دەنووسن؟***

- ئێمە عادەتمان وایە مەردم بەو شێوەیە بدینین کە هەیە.

***- باشە خشونەت پێوەندی بەمەوە هەیە؟***

- بەڵێ، کەم تا زۆر. (هەڵوەستە): ئێمە ئەمڕۆ بە دیدی هەندێ لە فەیلەسوفان ناڕوانینە بەشەر. ساڵانێکی دوورو درێژ نووسەران بە جۆرێ دەیانڕوانییە بەشەر کە وەك بڵێی تەنیا خودا هەبوو و دوای ئەو بەشەر هەبوو. بەشەریش شەریفترین خەڵقەندە بوو. نووسەری ئەمڕۆکە ئەو بۆچوونەی

نییە. ئەمڕۆ ئێمە بەشەر بە هەمان شێوە نیشاندەدەین کە هەیە. هێشتاش هەندێ لە خوێنەران حەزدەکەن ڕۆمانێن زۆر ئومێدبەخش بخوێننەوە. ئەو ڕۆمانانەی کە وێنەی گەشی بەشەر نیشان بدەن و هەموو شتێك بەپێی مرازو باش بێ. ڕۆمان بەو شێوەیە نانووسرێت.

***- بەم پێیە بەلای تۆوە خوێنەران لەم ڕووەوە گرنگن کە دەیانەوێ گیروگرفتەکانیان بخەیتە بەرچاویان؟ ڕۆڵی تۆش ئەمەیە کە بڕوانیتە خۆت و...***

- بەڵێ، وایە. بەڵام مەبەست تەنیا ئەمە نییە کە هونەرمەند بڕوانیتە خۆی، بەڵکو بە حوکمی ئەو ئەزموونەی کە لە ڕوانینە خۆی، پەیدای کردووە ، دەڕوانێتە خەڵکانی دیکەش. خەڵکانی دیکەش وەکو خودی ئەون و هەمان گیروگرفتی ئەویان هەیە.

***- ئەگەر لە دنیادا تاقە خوێنەرێکش نەبووایە هەر دەتنووسی؟***

- بێگومان. بەڵێ. کاتێ دەستم دایە نووسین هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە کتێبەکانم بفرۆشرێن، یانی ئەگەر بمەوێ هەندێ وردتر قسە بکەم، ئەوا دەبێ ئەوە بڵێم کە من نووسەرایەتیم بەکارێن بازاڕی دەست پێکرد. کورتە چیرۆکان بۆ گۆڤاران و ئەو بابەتە شتانە- ئەمانەم تەنیا لە پێناوی گوزەرانی ژیاندا دەنووسی. ئەوانەم بە نووسین حەساو نەدەکرد. بەڵام بۆ خۆم، شەوان شتی جددیم دەنووسی: چیرۆکانێك کە هەرگیز بیرم نەدەکردەوە کەسێك چاپیان بکات.

***- تۆش وەکو نووسەرانی دی لە پێناوی گوزەرانی ژیاندا چیرۆکانێکت نووسیوەو لەم بوارەدا ئەزموونی زۆرت پەیدا کردووە، چیرۆکانێك کە ئێستاکێ خۆت ناوت نان (بازاڕی). جیاوازی نێوان چیرۆکی بازاڕی و جددیی چییە؟***

- من نەك تەنیا لە ئەدەبیاتدا بەڵکو لە بواری مۆسیقا، شێوەکاری و نیگارکێشی و پەیکەرسازیدا -لە هەموو بوارە هونەرییەکاندا- بە کارێك دەڵێم بازاڕی کە لەبەر خاتری گروپێکی تایبەتی یان لەسەر داوای فلان بڵاوەخانە یان فیسار ڕێکخراوی هونەری هاتبێتە ئەنجامدان. هەڵبەتە کاری بازاڕیش ئاستی جیاوازی هەیە. هەندێ لە کارە بازاڕییەکان زۆر بێ بایەخەو هەندێکیان شتی باشن، بۆ نموونە کتێبێن مانگانە بە پاژێك لە کارێن بازاڕی دێنە ژماردن، لێ هەندێکیان هیچ نوقستانییەکیان نییە و کاری زۆریان لەسەر کراوە. هەندێکیان هیچی وایان لە کاری هونەری کەم نییە. هەڵبەتە تەواو هونەری نییە، لێ زۆر نزیکە لە هونەرییەتەوە. هەندێ لە چیرۆکێن گۆڤارانیش وەهان، بەڕاستی چیرۆکن. بەڵام وێڕای ئەمەش بە زەحمەت دەکرێ ئەم چیرۆکانە بە هونەر بزانرێن ، چونکە چیرۆکی هونەری لەبەر خاتری ڕازیکردنی تاقمە خوێنەرێکی تایبەت نایەتە نووسین.

***- جیاوازی ڕۆمانی بازاڕی و ڕۆمانی جددی لە ڕووی چۆنیەتی کارکردنەوە چییە؟ یانی تۆ وەکو نووسەری بەرهەمەکە دەزانی کە ڕۆمانەکەت بۆ بازاڕ نووسیوە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ لە دەرێڕا تەمەشای ڕۆمانەکە بکات، وەکو خوێنەر، چ جیاوازییەك لە نێوان کاری بازاڕی و کاری نابازاڕیدا دەبینێ.؟***

- گرنگترین جیاوازی، دانی باج یان بێعانەیە. ئەگەر پیاو بیەوێ شتی ڕاسپێردراو بنووسێت بێگومان دەبێ باج بە کەسێك یان گروپێك بدات.

***– بۆ نموونە قەناعەت بە خوێنەر بکات کە ژیان خۆشەو بە گوێرەی مرادە؟***

– بەڵێ، جگە لەمە باسی ئەخلاقیاتیش هەیە. ڕەنگە ئەمەیان لە شتەکانی دی گرنگتر بێ. تۆ ناتوانی بەبێ ڕەچاو کردنی دەستوورنامەی تایبەتی، ڕۆمانی بازاڕی بنووسێت. هەمیشە دەستوورنامەو چوارچێوەیەك هەس، ڕێك‌و وەکو دەستورنامەی هۆلیوود، تەلەفزیۆن یان رادیۆ. بۆ نموونە پیاو هەندێجار بەرنامەیەکی باش لە تەلەفزیۆندا دەبینێ. لە دڵی خۆیدا دەڵێت لەوەیە ئەمە باشترین بەرنامە بێ کە تەلەفزیۆن نیشانی دابێ. هەڵبەتە دوو پەردەی هەوەڵی بەرنامەکە کاری زۆر باش‌و نمرە یەکە. پیاو هەستدەکات ئەمجارەیان کارێکی تازەو دەوڵەمەند دەبینێ. لێ بە هەڵەدا چووە چونکە لە کۆتایی کارەکەدا سەرو سیمای بێغانەو باج‌و ئەنجامگیری ئەخلاقی پەیدا دەبێ. هەڵبەتە هەندێجار، بە پێچەوانەی حاڵەتە ئاساییەکە، لەم جۆرە فیلمانەدا هەموو شتێك (بە باشی‌و بە خۆشی) کۆتایی نایەت. بەڵام بێگومان ئەنجامگیری ئەخلاقی، یان فەلسەفە فەرامۆش ناکرێ. هەر هەموو ئەو کەسایەتی‌و قارەمانانەی کە تا ئێرە زۆر چاك ڕۆنراون لە دوا دە دەقیقەدا بە تەواوەتی دەگۆڕێن.

***– لە کارێن هونەریدا هەست ناکەیت دەبێ باج بە کەسێك بدەی؟***

– نە، بە هیچ کلۆجێ نان بە کەس بە قەرز نادەم. خاتری هیچ شتێك ناگرم. خاترانە بە کەس نادەم. ئەگەر بمویستایە بیکەم هەر لە بنەڕەتەوە ئەوانەم نەدەنووسی. یەجگار ناخۆشە کە بنیادەم نەتوانێ چیرۆکەکەی تا کۆتایی بە ئارەزووی دڵی خۆی بنووسێت.

***– تۆ پێشتر ئەم کارتی ڕەشنووسانەت نیشانداوم کە بۆ نووسینی ڕۆمانەکانت سوودیان لێوەردەگریت. بەر لە دەست پێکردنی ڕۆمانەکە چەند هۆشیارانە کار لەسەر نەخشەی ڕۆمانەکە دەکەیت؟***

– وەکو تۆ ئاماژەت کردێ پێویستە جیاوازی لە نێوان هوشیارانەو نا هوشیارانە بکرێ. بە شێوەی نا ئاگایی (نا هوشیاری) ڕەنگە دوو یان سێ بابەتی گشتی پترم لە زەین‌و هزردا نەبێ. هەڵبەتە نابێ بابەتی گشتی بە هەڵە وەربگری‌و لەگەڵ بابەت یان ڕووداوی ڕۆماندا تێکەڵی بکەی. ئەم دوو سێ بابەتە هەمیشە لە زەین‌و هزرمدا بووەو هەمیشە نا ئاگایانە بیرم لێیان کردۆتەوە هیچ کاتێکیش بیرم لەوە نەکردووەتەوە کە ڕەنگە ئەمانە ببنە بابەتی بنەڕەی ڕۆمانەکانم. دوو سێ ڕۆژ پێش دەست پێکردنی ڕۆمانەکە ئاگایانە یەکێك لەم دوو سێ بابەتە گشتییە هەڵدەبژێرم. هەڵبەتە بەر لە هەڵبژاردنی بابەتەکە بیر لە هاماج‌و فەزای ڕۆمانەکە دەکەمەوە لە زەینی خۆمدا بەرجەستەی دەکەم. بۆ نموونە ئەمڕۆکە کەمێك هەتاوەو لەوەیە بمخاتە یادی بەهارەوە. لەوەشە بکەومە یادی هەندێك لە شارەکانی ئیتاڵیا. لەوەشە هەندێ لە شارەکانی فەرانسەو یان ویلایەتی ئاریزونای ئەمریکا لە زەین‌و هزرمدا بەرجەستە بن. بەمجۆرە بەرە بەرە هاماج‌و فەزا، شوێن‌و هەندێ کەسایەتی ڕۆمانەکە لە زەینمدا بەرجەستە دەبێ‌و، شێوەو قاڵبی خۆی وەردەگرێت. کەسایەتییەکان یان لە نێو ئەو کەسانەوە کە دەیانناسم هەڵدەبژێرم یان بە تەواوەتی گواو و دەستکردی زەینی خۆمن، یان ئاوێتەیەکە لە هەردووکیان. پاشان دووبارە ئەو ناوەڕۆکەی کە پێشتر بیرم لێکردبووەوە خۆی دێتە سۆراغم‌و هەموو شتێك، کەسایەتییەکان،

هاماج و فەزا، و شوێن دەخاتە ژێر پەڕو باڵی خۆی. کەسایەتییەکانی چیرۆك هەمان گیروگرفتیان هەیە کە من لە زەینی خۆمدا هەمبوون و یەخانگیریان بووم. کۆی هەموو ئەمانە ڕۆمان پێك دێنێ.

***– هەموو ئەمانەی کە گوتت، دوو ڕۆژ بەر لە دەستپێکی ڕۆمانەکە ڕوو دەدەن. ها؟***

– بەڵێ، نزیکەی دوو ڕۆژ پێشتر. چونکە کە زەمینەی کار فەراهەم بوو ئیدی ناتوانم زۆر سەبر بکەم. بۆیە بۆ سبەینێ کارتە تایبەتییەکان و دەفتەرچەی ڕانمای تەلەفۆن تەمەشا دەکەم بۆ هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەرەکان. پاش ئەوە دەچمە سۆراغی نەخشەی شاری چیرۆکەکە تا بە وردی شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە ببینم، پاش دوو ڕۆژ ئیدی دەستدەکەم بە نووسین. عادەتەن هەموو ڕۆمانەکانم بە یەك شێوە دەست پێدەکەن. یانی لە سەرتاوە دووچاری گرفتی بونیادی ڕۆمانەکە دەبم، گرفتی لەم بابەتەی کە لەم ڕۆمانەدا پیاوێکمان هەیە بەم تایبەتمەندییانەو ژنێك کە بەمجۆرەیە، ژینگەی دەوروبەریشیان ژینگەیەکی لەم تەرحەیە، ئیدی دەبێ چ ڕووداوێکیان بۆ بێتە پێشێ کە پەی بە سنووورداری خۆیان بەرن و پێ لە بەرەی خۆیان زیاتر ڕانەکێشن؟ ئیدی ئەمە گرفتێکە کە من دەبێ چارەسەری بکەم. هەندێجار گرفتەکە زۆر سادەیە. ڕووداوێکی سادە دەتوانێ ژیانیان بگۆڕێ. پاش بیرکردنەوە لە هەر هەموو ئەمانە ئەوجا دەست دەکەم بە ڕۆمانەکەو فەسڵ فەسڵ لەگەڵیدا دەڕۆم.

***– چ شتێك لەسەر ئەو کارتە تایبەتیانەت دەنووسیت؟ خۆ ناچی پێشوەختە هەموو وردە ڕووداوەکان تۆمار بکەی؟***

– نا، نا. بەر لە دەست پێکردن چ شتێك دەربارەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە نازانم. لەسەر ئەو کارتانە تەنیا ناوی کاراکتەرەکان، تەمەن و ئەندامەکانی خێزانیان تۆماردەکەم. چ شتێك لەمەڕ ئەو ڕووداوانە نازانم کە پاشان لە ڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن. ئەگەر هەموو شتێك پێشوەختە بزانم ئیدی ڕۆمانەکەم بە دڵ نابێ.

***– کەی ڕووداوەکان لە هزرو زەینتاندا قاڵبی خۆیان وەردەگرن؟***

– ڕێك ئەو شەوەی کە بۆ بەیانییەکەی دەمەوێ دەست بە ڕۆمانەکە بکەم، فەسڵی یەکەم لە زەینمدا بەرجەستە دەبێ. پاش ئەوە تەنیا یەك ڕۆژ پێشتر دەزانم لە فەسڵی پاشتر چ ڕوودەدات و ئیدی بەمجۆرە تا کۆتایی ڕۆمانەکە. پاش دەست پێکردن، هەر ڕۆژەی یەك فەسڵی ڕۆمانەکە دەنووسم بێئەوەی تاقە یەك ڕۆژیش بخەمە بەینیان. ئیدی خووم بەمەوە گرتووەو بە موو لێی لانادەم. چ چارێکم نییە جگە لەوەی خۆم بخەمە هاماج و فەزای ڕۆمانەکەوە. بۆ نموونە ئەگەر 48 سەعات نەخۆش بکەوم دەبێ فەسڵەکانی پێشوو توڕبدەم. ئەگەر شتێکی واهی بێتە پێشێ، ئیدی ناچمەوە سەری و وازی لێدێنم.

***– ئەگەر بتەوێ ڕۆمانێکی بازاڕی بنووسیت، بە هەمان شێوە کاردەکەیت؟***

– نا، نا. وا نییە، ئەگەر بمەوێ ڕۆمانێکی بازاڕی بنووسم تەنیا لە کاتی دەست پێکردندا بیری لێدەکەمەوە. بەڵام وەختێ بمەوێ کارێکی جدی بکەم ئەوا کەس نابینم، قسە لەگەڵ کەسدا ناکەم، وەڵامی هیچ تەلەفۆنێك نادەمەوە: ڕێك وەکو تەرکە دنیایان دەژیم. بە درێژایی ڕۆژ دەچمە پێستی یەکێك لە کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکەوە — هەست و نەستەکانم وەکو ئەوە.

***- به درێژایی کاتی نووسینەکە خۆت دەخەیە پێستی تەنیا یەك کاراکتەرەوە؟***

– بە زۆری ئا، چونکە لە زۆربەی رۆمانەکانمدا رووداوەکان بە دەوری یەك کاراکتەردا دەسووڕێنەوە. کاراکتەرەکانی دی زۆربەی کات لە گۆشەنیگای ئەوەوە دەبینرێن. لەبەر ئەمە هەمیشە دەچمە پێستی ئەم کاراکتەرە مەرکەزییەوە. جا لەبەر ئەمە دوای 5-6 رۆژێك ئیدی سەبرم دەسویێو ناتوانم لەسەر ئەو وەزعە بەردەوام بم. ئەمە خۆی لە خۆیدا یەکێکە لە هۆیەکانی کورتیو کورتبوونی ڕۆمانەکانم. پاش یازدە رۆژان ئیدی ناتوانم درێژە بەکاربدەم. درێژەدان مەحاڵە. لەبەر وەزعی بەدەنیم. لە ڕادەبەدەر ماندوو دەبم.

***- بەڵێ، لێت حاڵی دەبم. بە تایبەتی ئەگەر بتەوێ کارێك بکەیت کە کاراکتەری مەرکەزی پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕانەکێشێت.***

– دەقاو دەق وایە.

***- لە راستیدا تۆ دەتەوێ لاسایی دەورەکەی ئەو بکەیتەوە، ئەو دەورەی کە ئەو لە رۆمانەکەدا دەیگێڕێ.***

– بەڵێ. ئەمەش کارێکی ترسناکە. جا لەبەر ئەمە بەر لە دەستپێکردنی ڕۆمانەکە، واتە چەند رۆژێك بەر لە دەستپێکردن... رەنگە گەوجانە بێتە بەرچاو بەڵام حەقیقەتە.. دڵنیا دەبم کە بۆ پانزە رۆژێك چ کەسێك نابینم. پاش ئەوە دکتۆرەکەم ئاگادار دەکەمەوە. گوشاری خوێنم دەگرێو معایەنەیەکی گشتیم دەکات. پاش ئەوە دەڵێت: "وەزعت میزانە". واتە تەندروستیت باشە.

***- واتە لە بارو ئامادەی بۆ کار؟***

– دەقاو دەق. دەبێ دڵنیابم کە بۆ 11 رۆژ وەزعم باشەو دەتوانم هەڵکەم.

***- دکتۆرەکە پاش یازدە رۆژ دیسان دێت سەرت دەدات؟***

– بەڵێ. ئەی مەعانی چی

***- لە خۆیەوە دێت یا تۆ دەنێری بە شوێنیدا؟***

– لە خۆیەوە دێت.

***- هیچی تازەی بۆ بەدیار دەکەوێت؟***

– گوشارم دادەبەزێ.

***- ئەدی دکتۆر چ دەڵێ؟ خراپ نییە؟***

– پێی وایە خراپ نییە لێ ئەگەر درێژە بەکار بدەم بۆ سەلامەتیم باش نییە.

***- ئەدی هیچ رێنماییەکت ناکات؟***

– ئەدی چۆن. هەندێجار دەڵێت: "گوێ بگرە، پاش ئەم ڕۆمانە بۆ ماوەی دوو هەیڤان کار مەکە. "بۆ نموونە دوێنێ گوتی: "باشە دەتوانی دەست بەکار بی، بەڵام دەتەوێ تا پشووی هاوین چەند رۆمانی دیکە بنووسیت؟" وەڵامم دایەوە: "دوو رۆمان". گوتی: "باشە".

***- ئا، دەمویست ئەوە بپرسم کە پێت وانییە لە هەموو ڕۆمانەکانتدا پەیڕەوی یەك نموونەی تایبەتیت کردووە.؟***

– ئەوەی راستی بێ من خۆم هەستم بەمە نەکردووە، بەڵکو هەندێ لە رەخنەگرانی فەرەنساوی یەکەمجار ئاماژەیان بۆ ئەمە کردو پەیان پێبرد، لە هەموو ژیانمدا، ژیانی ئەدەبیم – هەڵبەتە ئەگەر بکرێ ئەم دەستەواژەیە بە کار ببرێ– چەند بابەتێکی تایبەتیم لە رۆمانەکانمدا خستۆتە روو و هەر دە ساڵ جارێك هەمان ناوەڕۆکانی پێشوو سەر لە نوێ بەکار دێنمەوە. هەڵبەتە ئەمجارەیان لە گۆشەنیگایەکی دییەوە سەیری مەسەلەکە دەکەم. بەخۆم هەستدەکەم کە لەوەیە هیچ کاتێك وەڵامێکی ئەم پرسیارانەم دەستنەکەوێ. بۆ خۆم چاك دەزانم کە هەندێ لەو بابەتانەم پتر لە پێنج جاران تاوتوێ کردووە.

***– پێت وایە جارێکی دیکەش بچێتەوە سەریان و لە رۆمانەکانتدا باسیان بکەیتەوە؟***

– بەڵێ، دووبارە مامەڵەیان لە تەکدا دەکەمەوە. بەڵام چەند بابەتێکیش هەن کە دەزانم ئیدی ناچمەوە سەریان، چونکە بە بۆچوونی خۆم قسەی خۆم دەربارەیان کردووەو هیچی تازەم پێ نییە لە بارەیانەوە بیڵێم.

***– دەکرێ ناوی هەندێ لەو بابەتانە بەری کە زۆر جار باست کردوون و لە ئایندەشدا دەچێتەوە سەریان؟***

– بابەتی هەرە گرنگ بەلامەوە، گیروگرفتی پەیوەندی بووە. مەبەستم پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤە. ئەم حەقیقەتەی کە ئێمە چەندین ملیۆن مرۆڤین، بەڵام پەیوەندی، پەیوەندی تەواو لە نێوان ئێمەی مرۆڤاندا مەحاڵە، بەڕای من ئەم حەقیقەتە خەمناکترین ناوەڕۆکی جیهانە. کاتێ هەرزەکار بووم زۆر لەم وەزعە دەترسام. ئەوەندە دەترسام دەمویست هاواربکەم. لە ناخی خۆمدا هەستم بە تەنیایی و بێکەسی دەکرد. ئەمە بابەتێکە کە بە تەواوەتی نازانم چەندجار لە بەرهەمەکانمدا دووبارە بووەتەوە، لێ دڵنیام لە ئایندەشدا دەچمەوە سەری. بەڵێ، دووبارە بەرۆکم دەگرێتەوە.

***– جگە لەمە چ ناوەڕۆکێکی دیکەت بەلاوە گرنگ بووە؟***

– ناوەڕۆکی گرنگی دیکە ئازادی و ڕەهاییە. ئەوەی لە پڕ بڕیاربدەی کە ژیانت ژێروبان بکەی. ئیدی بەلاتەوە گرنگ نەبێ لە رابردوودا چ شتێك روویداوە، تەنیا خۆت رەها و رزگارو ئازاد بکەی. خۆ لێم حاڵی هەیت؟

***– یانی دەست بە ژیانێکی نوێ بکەی؟***

– تەنیا دەستپێکردنی ژیانی تازە نییە، بەڵکو فەوتان و نەمانیشە.

***– بەڵێ حاڵی بووم. پێت وانییە هەردوو بابەتی پەیوەندی و رەهایی زۆریش لێکدی دوور نین و بە جۆرێك لە جۆرەکان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە؟ لەوەشە پێت وابێ ئەم پرسیارە نابەجێیە؟***

– نە، رەنگە لێکدی دوور نەبن. پەیوەندی نێوان ئەم دوو بابەتە وەکو پەیوەندی باب و فەرزەنە. ئەگەرچی ئەم دووە سەر بە دوو نەوەی جیاوازن لێ لێکدیش نایەنە دابڕان: یەکێکیان دێتە دنیاوەو یەکێکیان لە دنیا دەردەچێ. هەڵبەتە شتەکە بەم سادەیی و ساکارییەش نییە. هێشتا مەسەلەکەم بە تەواوەتی لەلا روون نییە کە بتوانم بە رەحەتی قسەی لە بارەوە بکەم.

*- یانی زۆر بە کورتی دەتوانرێ بگوترێ کە بابەتی ڕەهایی و پەیوەندی نەبوونی تیرەی بەشەر پەیوەستەگی راستەوخۆیان هەیە؟*

- دەقاو دەق وایە. هەر یەکێك لەو دووە لقێکە لەو گرفتە سەرەکییە.

*- ئایا بابەتێك هەیە کە بە لاتانەوە کۆن بووبێ و دڵنیابی کە جارێکی دی و لە ئایندەدا ناچێتەوە سەری؟*

- پێم وایە یەکێك لەم بابەتانە هەڵوەشانەوەی یەکەی کۆمەڵایەتیە. بە تایبەتی خێزان.

*- ئەمەت لە رۆمانەکانتا زۆر باس کردووە؟*

- دوو سێ جار، رەنگە زیاتر.

*- بۆ نموونە لە رۆمانی (وەجاخ)دا وایە؟*

- بەڵێ، لەم ڕۆمانەشدا باسکراوە. ئەگەر قەرار بێ لە ناو رۆمانەکانمدا تەنیا یەکێکیان هەڵبژێرم، بێگومان ئەم یەکەیان هەڵنابژێرم.

*- ئەدی کامیان هەڵدەبژێری؟*

- ئەوەی کە لە ئایندەدا دەینووسم.

*- پاش نووسینی ئەمەش، دیسان ئەوەیان هەڵدەبژێری کە لە ئایندەدا دەینووسیت؟*

- بەڵێ، وایە. هەمیشە ئەوەی کە دواتر دێ ئازیزە، تەنانەت لە باری تەکنیکیشەوە بە ئاواتی خۆم نەگەییوم.

*- یانی بەردەوام وا بیردەکەیەوە کە کارە باشترەکانت لە ئایندەدا دەنووسیت. کام کارتان بە باشترین کار دەزانی؟*

- هیچیان. چونکە هەرکاتێك کارێك تەواودەکەم یەکسەر هەستدەکەم سەرکەوتوو نەبووم، هەڵبەتە دوور لە نائومێدی بەڵام... دڵم دەخوازێ و دووبارەو بە شێوەیەکی دیکە بینووسمەوە. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم هەرچەندە بە یەك چاو سەیری رۆمانەکانم دەکەم و لە یەك ئاستدا دەیانبینم، بەڵام لەو یەك ئاستییەشدا پلە بەندی و ریزبەندی هەیە. پاش نووسینی 5-6 رۆمان دەربارەی یەك بابەت و ناوەرۆك، هەستدەکەم کارەکەم هەندێك پێشڤەچووە - حەز لە وشەی "پێشڤەچوون" ناکەم بەڵام چارم نییە. پێموایە لە ڕووی چۆنییەتییەوە چوومەتە پێشێ. بۆیە لە نێوان 5-6 ڕۆماندا یەکێکیان لەوانی دی پەسندتر دەکەم.

*- لە نێو رۆمانەکانتدا کامیان لەوانی دی بە پەسەندتر دەزانی؟*

- (برایانی ریکو). رووداوەکانی چیرۆکەکە شتێکی تایبەتی نییە. بۆ نموونە دەکرێ لەجێی تاوانکارەکان بابایەکی خوێنەواری بانك دابنرێ یان مامۆستایەکی ئاسایی قوتابخانەیەك، بەڵام رۆمانەکە لەچوارچێوە گشتییەکەیدا شتێکی تازەیە.

*- بابەتی سەرەکی رۆمانەکە هەڵوێستی کەسێکە کە کەوتۆتە مەترسییەوەو هەر کارێکی لە دەست بێ لێی ناپرینگێتەوە تا بەر لەو مەترسی و هەڕەشەیە بگرێ؟*

- بەڵێ، ئەوەیە. لێرەدا سەروساختمان لەگەڵ مرۆڤێکدایە کە حەزدەکات لە هەموو خەڵکانی ژینگەی بچووکی دەوروبەری خۆی باڵاتر بێ. هەموو شتێك دەکاتە قوربانی ئەم ئارەزووە

دەروونیەی خۆی. ئەم قارەمانە ڕەنگە مرۆڤێکی باش بێ، لێ بە ڕادەیەك ئەم ئارەزووە ئازاری دەدات کە ناتوانێ ئەو ژینگە بچووکەی دەوروبەری خۆی قەبوڵ بکاتو دەمرێ.

***- من سادەیی ئەم ڕۆمانەم لە هەموو شتێکی تری ڕۆمانەکە پێ خۆشترە.***

– لە کاتی نووسینیدا هەموو هەوڵێکم ئەمە بوو کە تا دەتوانم سادەتر بنووسم. زۆر سادە. نازانم دیقەتت داوە کە تەنانەت یەك ڕستەی ئەدەبیشی تێدا نییە؟ ڕستەکان بە جۆرێکن لە تۆ وایە منداڵێك نووسیونی.

***- پێشتر باسی هاماجت کرد. گوتت بەر لە نووسینی ڕۆمانێك بیر لە هاماجی ڕۆمانەکە دەکەیەوە.***

– مەبەستت لە هاماج ئەو شتەیە کە دەتوانێ بە هاوتای "هاماجی شیعری" بزانرێ. لە مەبەستم حاڵیت؟

***- " حاڵو هاماج" چۆنە؟ نزیکتر نییە؟***

– بۆ نەء ، هاوتایەکی باشەو لەسەر بناغەی ئەم حاڵو هاماجەیە کە هەموو شتێك ڕەوتو ڕێچکەی خۆی دەدۆزێتەوەو وردە شتەکانی شەرحو شرۆڤە دەکرێن. حاڵو هاماج تەقریبەن حوکمی تیمەو ناوەڕۆکی لە مۆسیقادا هەیە.

***- خۆ ئەم حاڵو هاماجە دەلالەت لە ژینگەیەکی تایبەتی ناکات؟***

– هەرگیز. ئەمە هاماجێکە کە پەیوەندی بە جیهانی خودی منەوە هەیە. چونکە هەمیشە هەوڵم داوە هەمان مامەڵە لەگەڵ پەخشاندا بکەم کە شاعیرێك لەگەڵ شیعردا دەیکات. هەڵبەتە پێم وا نییە تا نهو دەرەقەتی ئەم کارە هاتبم، چونکە ئەگەر وابوایە بێگومان ڕەخنەگران هەستیان پێدەکردو باسیان دەکرد. مەبەستم ئەمەیە کە هەوڵدەدەم لە واقیعو واقیعیەت هێوەتر بڕۆمو هزرو خەیالاٌنێك بخەمە روو کە نایەنە روونکردنەوە، و شتێك دەربارەی بەشەر کەشف بکەم. لێ کاری من لەگەڵ کاری هەندێ لە ڕۆماننووسانی سەرەتای ئەم سەدەیە (20) جیاوازە. ئەوان هەوڵیاندەدا ڕۆمانی شیعر ئاسا دابنێنو بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە ئاهەنگو ریتمی وشە دەبەستو بەس. ڕاستییەکەی لە رووی تەکنیکییەوە ناتوانم ئەوە شەرح بکەم کە چۆنیەتی کارەکە چۆنە. تەنیا هەموو هەوڵێکم ئەمەیە کە لە ڕۆماندا ئەو تیمەو ناوەڕۆكو بابەتانە بێنمەوە کە قابیلی شەرح نینو پەیامێك بە خوێنەر بگەیەنم کە بوونی دەرەکی نییە. حاڵی هەی؟ چەند رۆژێك لەمەوبەر خوێندمەوە کە ئیلیوت – من ڕێزی زۆرم بۆ ئیلیوت هەیە– گوتویەتی کە ناتوانرێ لە هەموو شوێنێك سوود لە شیعر وەربگیرێو تەنیا لە هەندێ نمایشنامەی تایبەتی دا دەتوانرێ بەکار ببرێ. من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم. بەڕای من بنیادەم دەتوانێ لە هەموو شوێنێ قسەی خۆی بکات، لە هەر قاڵبێکدا بێ. ئەگەر کەسێك دیدی شیعری هەبێ بە دیدی شاعیرانە دەڕوانێتە هەموو شتێك.

بەلاٌم وا دێتە بەرچاو تەنیا خۆم باوەڕم وابێو لە ڕوانگەی شیعرەوە تەمەشای پەخشانم کردبێو لە رۆمانەکانمدا (هاماجی شیعری) هەیە.

***- جارێکیان باسی ئەوەت کرد کە حەزدەکەیت ڕۆمانێکی (نایاب یان دەگمەن) بنووسیت، بەڕای تۆ ڕۆمانی دەگمەن تەنیا بە ڕۆمانێك دەگوترێ کە چ درێژدادڕیو زیادەو ڕستەیەکی ئەدەبی تێدا نەبێ؟... هەمان ئەو شتەی کە پێشتر گوتت. یانی مەبەستتان لە ڕۆمانی دەگمەن بەرهەمێکە کە نووسەرەکەی بە هەمان نیگای شیعرییەوە کە هەنووکە باست دەکرد، ڕوانیبێتە جیهان؟**

- ڕۆمانی دەگمەن شتێکی تایبەتی نییەو چ جیاوازییەکی لە ڕۆمان نییە. مەبەستم ئەمەیە کە ڕۆمان چ پەیوەندییەکی بە وەعزدادان یان ڕاپۆرو هەواڵی ڕۆژنامەییەوە نییە. لە ڕۆمانی دەگمەندا تۆ هیچ کاتێك ناچیت شەست لاپەڕە ڕەش بکەیتەوە بۆ نموونە وەسفی "باشور" بکەیتو یان "ئاریزونا"، و یان بکەویتە شەرحی فلان وڵاتی ئەورووپایی. تەنیا ئەو ڕووداوانە شەرح دەکەی کە بە تەواوی پەیوەستن بە چیرۆکەکەوە. بەڕای من هەمان یاساو تایبەتمەندییەکانی تراژیدی سەردەمانی کۆن بەسەر ڕۆمانی ئەمڕۆدا حاکمە. بە بۆچوونی من ڕۆمان لە حوکمی تراژیدیای سەردەمو زەمانی ئێمەدایە.

***- درێژی ڕۆمانیش گرنگە؟ لە چوار چێوەی پێناسەکەی تۆدا بۆ ڕۆمان، درێژی ڕۆمانیش حەساوی بۆ دەکرێ؟**

- ئەی مەعنای چی. ئەگەرچی ڕەنگە نەکرێ وەڵامی بنجبڕی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، بەڵام بەڕای من درێژی بەرهەم گرنگە: بەو بەڵگەیەی کە تۆ تەنیا لە یەك دانیشتندا دەتوانیت تەمەشای نمایشێك بکەیت، ڕۆمانی دەگمەنیش دەبێ بە یەك کەڕەت بخوێنرێتەوە. ناتوانی بە نیوەچڵی بەجێی بهێڵیو پاشماوەکەی سبەینێ بخوێنیتەوە.

***- لە میانەی قسەکانتدا گوتت کارکردن بۆ تەلەفزیۆنو چیرۆکنووسین بۆ گۆڤاران دەستو پێی نووسەر دەبەستێتەوەو ناچاری دەکات بەپێی پێوەران بنووسێت. کەواتە بەپێی بۆچوونی تۆ دەکرێ بگوترێ کە نووسەری ڕۆمانی دەگمەن یان نایاب ئازادەو بە هیچ کەسێکەوە بەند نییە؟**

- بەڵێ، ئەمە یەکێکە لە نیشانەکانی. بەڵگەی ئەمەی کە نووسەر نابێ وابەستەی هیچ شوێنێك بێ، ئەمەیە کە بانگەشەکاران، ڕەنگە لەبەر هۆی سیاسی بێ، دەیانەوێ خەڵکی لە قاڵب بدەن. بەڕای من ئەمە ئەرکی ڕۆماننووسە کە ڕووی ڕاستەقینەو واقیعی مرۆڤ وێنە بگرێو ئەوە نیشان بدات ئەو مرۆڤەی کە بانگەشەچییان ئەو هەموو هەراو هوریایەیان لە دەوری ناوەتەوە چ بوونەوەرێکە. مەبەستم تەنیا بانگەشەی سیاسی نییە. مەبەست بانگەشەو شۆردنەوەی مێشکە کە لە هەموو شوێنێکدا هەیە. تەنانەت لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییشدا. ئەو وێنەیەی کە لە کتێبی خوێندندا لەمەڕ مرۆڤ پیشاندراوە چ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نییە.

***- چ ئەزموونێکت لەو سیناریۆیانەوە بە دەست هێناوە کە لە بەرهەمەکانی خۆتەوە بۆ ڕادیۆو سینەمات ئامادە کردوون؟**

- مامەڵەی نووسەر لەگەڵ ئەم کەناڵانەدا زۆر گرنگەو جێگەی ئەو دیاری دەکات. ئەگەر نووسەر چ پابەندییەکی پێیانەوە نەبێ، یان چ بەڵێنێکیان نەداتێ دەتوانێ بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە. تۆ پێشتر پرسیت کە ئایا ئامادەم لەبەر خاتری بازاڕ شتێك لە ڕۆمانەکەم بگۆڕم یان نا.و من وەڵامم

دایەوە: "نە". ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بۆ رادیۆ یان تەلەفزیۆن‌و سینەما کاربکات ئیدی ناتوانێ بەم ڕاشکاوییە بە نەرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

***- ئەگەر یادتان بێ جارێك بە منت گوت (ژید) سەردەمێك پێشنیازێکی دەربارەی یەکێك لە رۆمانەکانت کرد کە زۆر بە سوود بوو بۆ تۆ. کاریگەری ئەو هەتا ئەم سنوورە بوو یان زیاتر بوو؟***

- پێم وا نییە کاریگەرییەکی زۆری بووبێ. ئاشنا بوونی من لەگەڵ ژیددا تا رادەیەك پێکەنینامێز بوو. لە ساڵی 1936دا بڵاوەکارەکەم گوتی: دەخوازێ میوانییەکی کۆکتێل ساز بدات تا من‌و ژید بتوانین یەکتر بناسین. چونکە ژید پێی گوتبوو بەرهەمەکانی منی خوێندووەتەوەو حەزدەکات من ببینێ. منیش چووم. ژید نزیکەی دوو سەعات هەر پرسیاری لێکردم، پاش ئەوە چەند جارێکی دی بینیمەوەو ئەویش هەموو مانگێك نامەیەکی بۆ دەناردم. تەنانەت هەندێجار لە ماوەی کەمتر لە مانگێك نامەی بۆ دەنووسیم‌و لە نامەکانیدا پرسیاری جیاوازی دەکرد. ئەم پەیوەندییە تا مردنی ژید هەر بەردەوام بوو. کاتێ کە دەچوومە سەردانی ژید زۆرجار کتێبەکانی خۆم دەبینی کە ژید شتێ لە پەراوێزەکانیاندا نووسی بوو. پەراوێزەکان هێندە زۆر بوون مرۆڤ وای هەست دەکرد ئەو کتێبانە ژید نووسیونی نەك سیمینون، من هیچ کاتێك هیچم دەربارەی ئەم پەراوێزانە نەپرسی. راستییەکەی شەرمم دەکرد. پاش ئەوەی ژید مرد ئیدی ئێستا دەستم بە هیچ کوێ ناگات‌و قەت بۆم روون نابێتەوە کە ئەو پەراوێزانە چ بوونە.

***- پرسیاری تایبەتی لێدەکردیت؟***

- پرسیارەکانی هەمە جۆر بوون. بەڵام زیاتر دەربارەی رەوش‌و رەوتی داهێنانی من پرسیاری دەکرد - نازانم دەتوانم ئەم وشەیە بەکاربێنم یان نا؟ پێدەچێت جۆرە خۆهەڵکێشانێکی تێدا بێ- هەڵبەتە جۆرە مەزەندەیەکم لایە کە بۆچی ژید دڵبەندی کارەکانی من بوو بوو. بەڕای من ئەندرێ ژید بە درێژایی تەمەنی خۆی حەزی دەکرد لە جیاتی فەیلوسووف بابایەکی داهێنەر بووایە. من دەقاو دەق خاڵی بەرانبەری ئەو بووم‌و بەرای من لەبەر ئەمە منی خۆشدەویست.

ئەزموونێکی هاوشێوەم لەگەڵ (کونت کیزرلینگ)شدا هەبوو، نزیکەی پێنج ساڵ بەر لە ئێستا. ئەویش وەکو ژید مانگی نامەیەکی بۆ دەنووسیم. لە یەکێك لە نامەکانیدا داوای لێکردم کە لە (دارمشتات) سەری بدەم. چووم‌و سێ شەوو سێ رۆژ پرسیارانی لێکردم. جارێکیش هاتە پاریس‌و دیدەنی کردم. لە پاریسیش بەردەوام پرسیاری لێدەکردم‌و رای خۆی دەربارەی یەك بە یەکی رۆمانەکانم دەردەبڕی. کیزرلینگ نازناوی (شێتی بلیمەت)ی بۆ هەڵبژاردم.

***- بیرمە جارێکیان گوتت هەندێجار فەسڵێك یان بەشێکی نا بازاڕی تێهەڵکێشی رۆمانە بازاڕییەکانت دەکەی. بۆچی؟***

- بۆ مەشقکردن‌و تاقی کردنەوە.

***- تایبەتمەندی ئەم بەشە نا بازاڕییە چییە؟ چۆن لە بەشەکانی تری رۆمانە بازاڕییەکە جیا دەکرێتەوە؟***

– لێرەدا  لە جیاتی ئەمەی کە پەیگیری ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بکەم هەوڵدەدەم بوونەوەرێکی سێ مەودایی بخوڵقێنم. جا ئەم بوونەوەرە دەشێت بنیادەمێك، ژوورێك، کورسییەك و یان هەر شتێکی دیکە بێ، ئەم مەسەلەیە زیاتر لە بواری نیگارکێشیدا دەکرێ ڕوون بکرێتەوە.

*– چۆن؟*

– مەسەلەکە پەیوەندی بە سەنگینی کارەوە هەیە. کاری نیگارکێشێکی بازاڕی هیچ سەنگو ڕەونەق و جیلوەیەکی نییە، کارەکەی سەتحی و سەرڤە سەرڤەیە. سەتحیەتەکەی ئاشکرایە. بەڵام کاری نیگارکێشێکی وەکو (سیزان) سەنگێکی تایبەتی هەیە. مرۆڤ دەتوانێ جەوهەری سیزانی تێدا ببینێ. هەموو شتێك لە نیگارکێشانی ئەودا سێ مەوداییە. من هەوڵمداوە هەمان کار کە سیزان لە نیگارکێشیدا دەیکات و سێوی زیندووی سێ ڕەهەندی دەئافەرێنێ. بە وشە ئەنجامی بدەم. لەبەر ئەمە زۆربەی کات سوود لە وشەێن زۆر تایبەتی دەبینم. هەمیشە هەوڵمداوە خۆم لە وشەێن مجەڕەدو شاعیرانە بپارێزم. وەکو وشەی (شەفەق). وشەیەکی جوانە بەڵام چ شتێکی لێ دەستگیر نابێ، لێم حاڵی دەبی؟ بە کورتی هەموو هەوڵێکم ئەمەیە خۆم لەو وشانە بپارێزم کە زیادن و دەبنە مایەی سەتحیەتی بەرهەم.

– بۆ هاماجسازی، و یان بەگوتەی هەندێ لە ڕەخنەگران "هاماجی چیرۆکڤانی" هەوڵم داوە هەمان ڕێچکەی ئیمپرسیونیستەکان لە نیگارکێشیدا، بێنمە ناو ئەدەبیات. ئاخر هەموو تەمەنی منداڵیم لە سەردەمی هەڕەتی کاری ئیمپرسیونیستەکاندا بردە سەرو لەم ماوەیەدا زۆربەی کاتم بە سەردانی مۆزەخانەو پیشانگایەکان دەبرد سەر. نیگارکێشی ئەوان بەبێ ویستی خۆم منی خستە ژێر کاریگەری ئەو قوتابخانەیەوە.

***– تا ئێستا ڕێك کەوتووە ڕۆمانەکانت، چ بازاڕییەکان و چ جددیەکان بە کەسێکی دی بنووسیتەوە؟***

– نە، من بابایەکی سنعەتکارم دەبێ بە دەستەکانی خۆم کاربکەم. حەزدەکەم وەکو چۆن خەڕاتێك کە شتێك لەسەر دار دەنەخشێنێ، بەرهەمەکانم بەدەست بنووسم. حەزم لێیە کەسایەتی و کاراکتەرێن سێ مەودایی زیندوو و سەنگین بئافرێنم. حەزم لێیە کەسایەتییەك بخوڵێنم کە کاتێ خوێنەر تەمەشای بکات گیروگرفتەکانی خۆی لەودا ببینێتەوە. لەبەر ئەمەیە کە پێشتر دەربارەی شیعر قسەم کرد چونکە وا دێتە بەرچاو ئامانجی من لە ئەدەبیاتدا پتر لە کاری شاعیران بچێ تا لە کاری ڕۆماننووسان. کاراکتەرانی چیرۆکی من وەکو خەڵکانی زیندوو هەلومەرجی خانەوادەیی تایبەتیان هەیەو تەمەنیان دیارە. دەقاودەق وەکو هەر بنیادەمێکی دیکەی زیندوو. بەم حاڵە، بەم هەلومەرجە بە ڕواڵەت ئاساییە، هەوڵمداوە بوونەوەرێکی سێ لایەنی بخوڵقێنم. بوونەوەرێك کە وەکو پەیکەر سەنگی تایبەتی خۆی هەبێ و بتوانێ برای هەموو بنیادەمانی ئەم دنیایە بێ (هەڵوەستە دەکات). جا لەم نێوانەدا ئەوەی کە زۆر مایەی خۆشحاڵییە ئەو نامانەیە کە لە خوێنەرانەوە دەمگەنێ. لەم نامانەدا هیچ کاتێك دەربارەی شێوازی من و ئەوەی هەندێ جاران چەند جوان بووە قسە ناکەن. نامەکانیان لەو نامانە دەچن کە یەکێك بۆ دکتۆرو دەروونناسەکەی خۆی دەینووسێت. بۆ نموونە دەنووسن: "تۆ تاقە کەسێکی کە لە من

حاڵی بوویت. من زۆر جاران خۆم لە رۆمانەکانی تۆدا بینیوەتەوە." پاشان بە چەندین لاپەڕە دەردە دڵی خۆیانم بۆ دەکەن و رازو نهێنی ژیانی خۆیانم بۆ دەگێڕنەوە، هەڵبەتە نابێ پێت وابێ کە ئەمانە خەڵکانێکی شێتن، ئەگەرچی لە نێو ئەم خوێنەرانەدا شێتانیش هەن. بەڵام زۆربەی ئەم خەڵکانە ئاقڵی تەواون، تەنانەت خەڵکی مەزنشیان تێدایە. من سەرم لەمە سوڕ دەمێنێ.

***- لە سەرەتادا کە هێشتا زۆر گەنج بوویت و تازە خووت دابووە ئەدەبیات کاریگەری کام نووسەر یان بەرهەمی تایبەتیت بە سەرەوە بوو؟***

- رەنگە کاریگەری (گوگول)م لە هەمووان پتر بە سەرەوە بووبێ . بێگومان (دوستوفسکی)ش کاریگەرییەکی زۆری بە سەرمەوە هەبوو، هەرچەند کاریگەری ئەو لە هی گوگول کەمتر بووە.

***- بۆچی ئەوەندە دڵبەندی گوگولی؟***

- ڕەنگە لەبەر ئەمە بەرهەمەکانیم خۆشگەرەك بێ چونکە کاراکتەرێن چیرۆکەکانی ئەگەرچی وەکو هەموو خەڵکین، بەڵام جیاوازیشن. یانی هەمان تایبەتمەندییان هەیە کە تۆزێ لەمەوبەر قسەمان دەربارەی دەکرد: سێ لایەنی بوون. هەمان ئەو شتەی کە من عەوداڵیم، بۆنی خۆشی شیعر لە هەموو کاراکتەرەکانی گوگول دێت. ئەم بۆنە شیعرییە جیاوازە لەوەی لە کارەکانی (ئوسکار وایلد)دا دێت و زۆر دەستکردە. ئەو شیعرییەتەی کە لە ڕۆمانەکانی گوگول دایە خوڕسك و سروشتییە، وەکو کارەکانی کۆنراد، قارەمانەکانی ئەو سەنگین و بە جەوهەرن، رێك وەکو پەیکەرێك.

***- دۆستویفسکی گوتویەتی ئەوو هەندێ لە نووسەرانی هاوعەسری ئەو لە ژێر پاڵتۆکەی گوگەلەوە هاتوونەتە دەرێ. پێدەچێت تۆش هەمان هەستی ئەوت هەبێ؟***

- بەڵێ گوگول و دۆستۆیفسکی.

***- نازانم بیرتانە یان نا کە یەك دوو ساڵێك بەر لە ئێستا کاتێ دەربارەی محاکەمەیەکی تایبەتی قسەمان دەکردو تۆ گوتت بە زۆری بە تاسەوە سۆراغی ئەم جۆرە هەواڵە رۆژنامەوانیانە دەکەم. قەت وەها بووە کە بە خۆت بڵێی: "ئەم رووداوە سەیرە دەشێت لە کاتی گونجاودا رۆمانێکی دەبارە بنووسرێت؟"***

- بەڵێ.

***- هەواڵی رۆژنامەکە دەبڕیت و لە شوێنێکدا ئەرشیڤی دەکەی؟***

- نەخێر، هەواڵەکە پشت گوێ دەخەم و سێ چوار ساڵ یان دە ساڵ دواتر هەواڵەکە خۆ بەخۆ لە زەینمدا زیندوو دەبێتەوە. من قەت ئەم جۆرە شتانە ئەرشیف ناکەم.

***- مادامێکی قسە هاتە سەر محاکەمە پێت وایە جیاوازی بنەڕەتی نێوان رۆمانێن پۆلیسی (پۆلیسی کۆچبەری) بۆ نموونە ئەم رۆمانەی کە بەر لە دوو سێ رۆژان تەواوت کرد لەگەڵ کارە جدی ترەکانتدا چییە؟***

- دەقاو دەق وەکو جیاوازی نێوان نیگارەکان و سکێچەکانی یەك نیگارکێشە، ئەو سکێچانەی کە بۆ حەزی دڵی خۆی دەیکێشێت یان بۆ هاوڕێیەکی، یان بۆ ئەوەی دەکێشێت کە شتێك کەشف بکات و بدۆزێتەوە.

***- له رۆمانێن "کۆچبەری"دا تۆ تەنیا لە روانگەی پۆلیسی سڕییەوە دەڕوانیتە کاراکتەرێن چیرۆك؟***

- بەڵێ. (کۆچبەر) ناتوانێ ببێتە بەشێك لە کەسایەتی خەڵکی، ئەو دەتوانێ بدینێ، روون بکاتەوە، و حاڵی ببێ. بەلام نابێتە خودان سەنگو کەسایەتی تایبەتی.رەهەندو مەودای خەڵکانی دیکەشی نییە.

***- بەم پێیە بێ، ئەو یازدە رۆژەی کە تۆ لە نووسینی رۆمانی (پۆلیسی کۆچبەری)دا سەرفی دەکەی زۆر گوشاری خوێنتان ناگۆڕێ؟***

- نەخێر نایگۆڕێ، ئەگەر بشیگۆڕێ زۆر کەمی دەگۆڕێ.

***- لەم بابەتە رۆمانانەدا پۆلیسی نهێنی ئاگاداری هەموو شتێکە، تۆش هیچ بەلاتەوە مەبەست نییە ئەوەی نیشان بدەی کە دەبێ سنووردارییەکانی ژیان قبوڵ بکات. وایە؟***

- بەڵێ، وایە. کاتێ ئەم بابەتە رۆمانە دەنووسم، لەبەر ئەوەی زۆر بە دیار تایپەوە دادەنیشم پشتم دێتە ژان، کە ئەمەش زۆر ئاساییە.

***- ئەگەر بکرێ تەنیا یەك پرسیاری دیکە بکەمو بیبڕمەوە. راوبۆچوونی رەخنەگران، بەلای کەمەوە ئەو راوبۆچوونە رەخنەوانیانەی کە بڵاوبوونەتەوە، کاری لە کارەکانت کردووە، بووەتە هۆی ئەوەی بە هۆشمەندییەوە شێوەی نووسینت بگۆڕێ؟ لە قسەکانتا وا دەردەکەوێ کە کاریگەرییان نەبێ.***

- بە هیچ جۆرێ کاریگەری نەبووە. (هەڵوەستیەك دەکاتو چاوی دادەخا). من هەمیشە متمانیەکی زۆر زۆر بتەوم هەس، و هەمیشەش کاری خۆم دەکەم. بۆ نموونە لەم بیست ساڵەی دواییدا هەر هەموو رەخنەگران یەك دەنگن، یەك قسەیان دووبارە کردۆتەوە: "ئیدی وەختی ئەوە هاتووە کە سیمینون رۆمانی درێژ بنووسێت، رۆمانێکی 20-30 قارەمانی." بەلام بێ ئاگان لەوەی من هەرگیز رۆمانی درێژ نانووسم. رۆمانەکانی من لە موزایکێك دەچن کە کاتێ بە تەنیشت یەکەوە دایان بنەیت رۆمانێکی گەورە پێك دێنن. (چاو هەڵدەبڕێو دەڕوانێتە من). حاڵی هەیت؟.

***سەرچاوە: کارنویسندە / ترجمە احمد اخوت چاپ اول 1371، نشر فردا.***

# گفتوگۆیەك لەگەڵ

## خورخە لویس بورخیس دا

## سازدانی :رۆناڵد کرایست

ئەم گفتوگۆیە لە ساڵی 1966دا لە نووسینگەی بورخیسدا لە کتێبخانەی نیشتمانی ئەرجەنتین کە بۆرخس خۆی بەڕێوەبەرو بەرپرسی بوو، ئەنجام دراوە. نووسینگەی بۆرخیس، کە یادگاری دەورانی رابردووی بۆینوس ئایرسە، بە هیچ جۆرێك لە نووسینگەیەکی ئاسایی کارکردن نەدەچوو. بەڵکو کۆنە هۆڵێکی بەرز بوو بەو زووانە نۆژەن کرابووەوەو کرابوو بە ژووری کارکردنی بۆرخیس. زۆر رێزنامەو کارنامەو گەواهینامە بە دیواری ژوورەکەوەو بە بەرزییەکی واوە هەڵواسراوە کە ناتوانرێ بخوێنرێتەوە: پێدەچێت بە پێی بابەتی جیا جیا هەڵواسرابن.جگە لەمانە چەند نیگارێکی پیرانسیش بە دیوارەکەوە هەڵواسراون، نیگارانێك کە وێرانە خەونئاساکانی پیرانسی لە چیرۆکی "زوال ناپزیر- immorat"ی بۆرخیس وەبیر دێننەوە. لە سەروی موغەیری ژوورەکەشەوە تابلۆیەکی گەورە هەیە کاتێ پرسیاری ئەم تابلۆیەم لە خاتوو سوزانا کویتنروسی سکرتێری بۆرخیس کرد، بە دەنگێکی دڵگیر، کە پێدەچوو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەوێنێکی دەنگی بۆرخیسی لە خۆ گرتبێ وەڵامی دایەوە: "شتێکی گرنگ نییە، تابلۆکەی ئەسڵ نییە".

رێك لەوبەری هۆڵەکەوە دوو کتێبخانەی جووڵەداری گەورە هەبوو، وەکو خا کوئینتروس گێڕایەوە ئەم کتێبخانەیە کتێبانێکیان تێدایە کە بۆرخیس زۆر جاردەچێتەوە سەریان. هیچ کاتێك شوێن و ریزی ئەم کتێبانە لە کتێبخانەکاندا ناگۆڕێ تا بۆرخیس، کە نیمچە کوێرە، هەر کاتێ پێویستی پێیان بوو، بتوانێ بەپێی شوێن و قەوارە بیاندۆزێتەوە، بۆ نموونە فەرهەنگانی زمان هەموو لە یەك ریزدان (یەکێك لەوانە کۆنە کتێبێکی بەرگداری جوان بوو بە نێوی "فەرهەنگی ویبستەری تەواوی زمانی ئینگلیزی" کە دیارە دووبارەو بە جۆرێکی مکوم و جوان جزو بەند کراوەتەوە-و "فەرهەنگی ئانگلۆ ساسکۆن) کە ئەویش بە هەمان چاکی ویبستەر جزو بەند کراوە.) پاش ریزی فەرهەنگەکان، ریزی کتێبانی دیکە کە بە زمانانی جۆراوجۆر نووسراون، دێت، (ئەو کتێبانە لە نێو ڕەفەکاندا بە ریز لە زمانی ئەڵمانییەوە تا دەگاتە ئینگلیزی دانرا بوون)و دەربارەی بابەتی هەمە جۆر بوون: لە ئیلاهیات و فەلسەفەوە بیگرە تا دەگاتە ئەدەبیات و مێژوو لەوانە:

دەورەیەکی تەواو لە "رێنوێنی ئەدەبیاتی ئینگلیزی" بڵاوکراوەی پلیکان، "کتێبخانەی نوێی فرانسیس بیکون"، "شیعری شاعیرانی ئیسلەند، (بڵاوکراوەی هولندر)، "شیعرێن کیتولیس"، "ئەندازەی رەهەندی چوارینەی فورسیس"، چەند کتێبێکی کلاسیکی ئینگلیزی دەزگای هاراپ، ئینسکلوپیدیای چامبرز (چاپی بوولف).

خاتوو کوئینتروس دەڵێت بۆرخیس لەو دواییەدا کتێبی "مێژووی وێنەداری جەنگە ناوخۆییەکانی ئەمریکا"ی دەخوێندەوە. دوێنێ شەو کتێبی "ژیانی محەمەد"ی نووسینی "واشنگتۆن ئایرونیگ" لەگەڵ خۆدا بردەوە بۆماڵەوە تا دایکی، کە نەوەدو شتێ ساڵە، بۆی بخوێنێتەوە.

بۆرخیس هەموو رۆژێك، دەمەو عەسر دێ بۆ کتێبخانەکەی، عادەتی وایە نامە شیعرەکانی بە سکرتێرەکەی بنووسێتەوە. سکرتێرەکەی ئەو شتانەی بۆ تایپ دەکات و دووبارە بۆی

دەخوێنێتەوە. پاش ئەوەی کە بۆرخیس هەڵەچنی دەکات، سکرتێرەکەی دوو نوسخەو هەندێجار چوار نوسخەی لە هەر شیعرێك بۆ تایپ دەکات تا نووسخەی دڵخوازی بۆرخیس بەدەست دێت. هەندێ پاش نیوەڕۆیان سکرتێر خانم بە دەنگی بەرزو لەبەر دەقێکی ئینگلیزی بابەتەکە بۆ بۆرخیس دەخوێنێتەوە. ئەویش بەوردی فۆنەتیکەکەی بۆ ڕاست دەکاتەوە. هەندێجار کە بۆرخیس بیر لە بابەتێك بکاتەوە لە نووسینگەی کارەکەی خۆی دێتە دەرێ‌و لە حەوشە بازنەییەکەی کتێبخانەکەدا لە ژوورەکانی سەرەوەی هۆڵی خوێندنەوەدا پیاسە دەکات. وەکو خانم کوئینتروس دەڵێت بۆرخیس پیاوێکی زۆر جدییش نییە. بە پێچەوانەوەی ئەوەوە کە مرۆڤ بە خوێندنەوەی نووسینەکانیدا وای بۆ دەچێت: "هەمیشە نوکتە دەڵێت. بگرە هەندێجار پەیڕەوی ئەو نوکتانە دەکات‌و ئەنجامیان دەدات.

کاتێ بۆرخیس داخڵی کتێبخانەکە بوو هەمووان بۆ ساتێك قسەکانیان بڕی‌و چاویان بڕییە ئەو. ڕەنگە ئەو کارەیان وەکو ڕێزو تەقدیر بۆ ئەو کردبێ. ڕێزو تەقدیری پیاوێك کە هێشتا بە تەواوەتی نابینا نەبووە. بۆرخیس کڵاوێکی خوری لەسەر بوو، بیجامەیەکی فانیلەی شینباوی درێژ تا سەر پێڵاوەکانی ، لەبەر بوو. ڕێکردنی بە پارێزو کوێرە کوێرە بوو. دارعاسایەکی بە دەستەوە بوو. بۆرخیس پیاوێکی کورتە باڵا بوو، قژی بەو شێوەیەی کە بە سەرییەوە بوو، هەندێ نائاسایی دێتە بەرچاو، دەموچاوی ئاڵۆزییەکی تایبەتی پێداوەو تێپەڕ بوونی ڕۆژگار سستییەکی تایبەتی پێداوە. ڕەنگە پەرپووەکەی، ڕەنگە تا ڕادەیەك کاریگەری بەسەر ئەم سستی نواندنەی دەموچاوییەوە هەبێ. دەنگیشی کپ‌و بێ حاڵە. ڕەنگە ئەمە لەبەر ئەو چاوە بێ حاڵ‌و بێ نورانەی بێ کە لە کاتی قسە کردندا لە مرۆڤ ورد نابێتەوە. دەنگەکەی دەڵێی دەنگی کەسێکی دیکەیەو لە پشت ئەوەوە وەستاوەو لە بری ئەو قسە دەکات. ئەم خاوی‌و یەك نەواییە هەموو حاڵەت‌و چارەی پۆشیوە: بە تایبەتی یەکێك لە پێلوەکانی کە بێ ویستی خۆی دێتەوە سەرچاوی. بەڵام کاتێ پێدەکەنێ — کە ئەمە زۆرجار ڕوودەدات– چارەی گورج دەبێتەوەو نیشانەی پرسیارێکی بە کینایە ڕووی دادەپۆشێت. ئەوجا دەست بە ڕووی خۆیدا دێنێ، دەڵێی دەیەوێ ئەو نیشانەی پرسیارە بسڕێتەوە، دووبارە دەستی دەخاتەوە سەر مێزەکە. کە دێتە قسەش ڕوونی‌و ڕەوانییەکی تایبەتی لە قسەکانیدا هەست پێدەکرێ‌و زۆر بە شێنەیی‌و ئاسانی قسە دەکات. لێ کاتێ پرسیارێکی جدی‌و بنەڕەتی لێبکەی حاڵەتێکی سەیر دەیگرێ. خۆی گورج دەکاتەوەو هەوڵدەدا زۆر بە پارێزەوە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. هەڵبەتە هەرکاتێ کە بیەوێ، بە تایبەتی کاتێ دەیەوێ سوعبەت بکات، تۆنی دەنگی ، ئەو یەکنەواییەی جارانی نامێنێ‌و بە گەرم‌و گوڕی قسە دەکات. بۆ نموونە جارێکیان کە دەیویست ڕستەیەکی ئوسکار وایلد نەقڵ بکات دەنگی بە تەواوی گۆڕاو ئەکتەرەکانی سەردەمی ئیدواردی وەبیر پیاو دێنایەوە. پیاو دەتوانێ زۆر بە ئاسانی تۆن‌و فۆنەتێکی زمانە ئینگلیزییەکەی بناسێتەوە: زمانەکەی تێکەڵەیەکە لە فۆنەتیکە جیاوازە نێو نەتەوەییەکان: یانی لە کاریگەری زمانی ئەسپانییەوە بیگرە تا دەگاتە ئەو زمانە ئینگلیزییەی کە پیاوێك لە ژینگەیەکی ئەکادیمیدا فێری بووەو لە ژێر کاریگەری تۆنی فیلمە ئەمریکاییەکانیشدا بووە. (بۆ نموونە ئەوەی ئاشکرایە تا ئێستا هیچ

بەریتانییەك Pianoی بە Pieanoو هیچ ئەمریكاییەك annihilate بە hilale a-nee- نەخوێندووەتەوە.) دیارترین خەسڵەتی قسە كردنی ئەمەیە كە وشەكان بە جۆرێ دەدركێنێ كە دەنگەكان بەسەر یەكدا غل دەبنەوەو تێكەڵاو دەبن‌و پێشگرەكان بە چاكی نابیسترێن. بۆ نموونە دیار نییە كە لە قسەكەیدا گوتوویەتی Couldn,t یان Could. ئەگەرچی هەر كاتێ بیەوێ دەتوانێ دەنگی قسەی خۆی بگۆڕێ‌و زۆر خۆمانەو عەوامانە قسە بكات. بەڵام بە زۆری بە زمانی قەڵەم‌و كتێبان دەدوێ‌و رستەو دەستەواژەی وەك "دەتوانرێ بگوترێ"و "لە جێیەك" زۆر بەكار دێنێ. زۆریش دەستەواژەی گێڕانەوەی وەك "پاشان" یا "ئەنجام" بەكار دێنێ.

وێڕای ئەمەش بۆرخیس زۆربەی كات وەكو مرۆڤێكی شەرمن دێتە بەرچاو. زیاتر مرۆڤێكی گۆشەگیرە. تەنانەت دەتوانرێ بگوترێ حەز ناكات كەسایەتی خۆی دەربخات، و هەر بۆیەش تا بۆی بكرێ خۆی لە بەكارهێنانی وشەی "من" دەپارێزێ‌و زیاتریش بە شێوەی ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە كە دەربارەی خودی ئەون. زیاتر حەزی بەوەیە بە گوتەی نووسەرانی دیكەو شیكردنەوەی بەرهەمی ئەوان دەست بە قسان بكات.

لەم گفتوگۆیەدا هەوڵدراوە كە فۆنەتیكی خۆمانەو عەوامانەی ئینگلیزییەكەی ئەو بپارێزرێ — ئەو تۆن‌و فۆنەتیكەی كە بە ئاشكرا لەگەڵ زمانی نووسینی ئەودا كە بە ئینگلیزییە ، جیاوازو ناكۆكە: هەمان زمانی ئینگلیزی كە ئولفەتێكی تایبەتی لەگەڵیدا هەیەو نەخش‌و رۆڵێكی گرنگی لە پەرەسەندن‌و دەوڵەمەند كردنی نووسینەكانی ئەودا هەیە.

*\- ***قەیناكات ئەگەر گفتوگۆكەمان لەسەر كاسێت تۆمار بكەم؟***

– نا، نا. تفاقەكانت ئامادە بكە.. ***رێكۆردەر هەمیشە دەست‌و پێ گیرم بووەو ناڕەحەتم دەكات، لێ هەوڵدەدەم گوێی نەدەمێ‌و قسەی خۆم بكەم، باشە. تۆ كوێندەریت؟***

– نیویوركیم.

– سەیرە، نیویورك. لە نیویوركیش بووم‌و زۆرم لا خۆش بوو. بە خۆم گوت: "وەكو ئەوەیە كە خۆم دروستم كردبێ، دەستكردی خۆمە".

*\- ***مەبەستت بینا بەرزو سەر بە فەلەك‌و شەقامە پێچاوپێچەكانە؟***

– بەڵێ، جارێكیان بە شەقامەكاندا دەگەڕام، لە شەقامی پێنجەمدا ون بووم، بەڵام خەڵكەكەی بە زۆری دڵسۆزو میهرەبان بوون، لە بیرمە وەڵامی ئەو پرسیارە زۆرانەم دەدایەوە كە لاوانی باڵابەرزی شەرمن دەربارەی بەرهەمەكانم لێیان دەكردم. كاتێ كە لە تەكزاس بووم پێیان گوتم كە دەبێ لە نیویورك بترسم، بەڵام زۆر چووە دڵمەوە . ئێ، ئامادەیت؟

– بەڵێ ئەوە چەند ساتێكە كە ریكۆردەرەكە ئیشدەكات.

*\- ***ئێ، بەر لەوەی دەست پێبكەین، دەتەوێ چ جۆرە پرسیارێك بكەی؟***

– زۆربەی پرسیارەكان دەربارەی بەرهەمەكانی خۆت‌و ئەو تاقمە نووسەرە ئینگلیزی زمانانەیە كە تۆ تا ئێستا جۆرە خۆشەویستییەكت دەربارەیان هەیە.

– ئاوها، زۆر چاكە، چونكە ئەگەر پرسیارانێك لەمەڕ نووسەرانی لاوی هاوچەرخ لە من بكەیت دەترسم شتێكی ئەوتۆیان دەربارە نەزانم، ئاخر ئەم حەوت ساڵەی رابورد خەریكی فێربوونی

"ئینگلیزی کۆن"و "نەرویجی کۆن" بووم‌و هەوڵمداوە بە هەر جۆرێك بووە شتێکیان لێ فێربم، لەبەر ئەمە دەبینی کە چ لە رووی زەمان‌و چ لە رووی هاماجەوە دوورییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوەی خوێندمەوەو لە نێوان ئارجانتین‌و نووسەرانی، وا نییە؟ بەڵام ئەگەر قەرار بێ دەربارەی هەڵبەستی (فینز بیرگ)و یان شیننامە، یان گریمان هەڵبەستی "برونانبرگ" قسە بکەم....

***- دەتەوێ دەربارەی ئەوانە قسە بکەی؟***

- نەء ، ئارەزووەیەکی تایبەتیم بۆ ئەوە کارە نییە.

***- چ شتێك بووە باعیسی ئەوەی کە ئەدەبیاتی "ئەنگلوساکسون" و "نەرویجی کۆن" بخوێنیتەوە؟***

- ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من حەزم لە "خواستن" بوو. رۆژێك لە کتێبێکدا خوێندمەوە – پێم وایە کتێبی ئەندرولینگ: "مێژووی ئەدەبیاتی ئینگلیزی بوو"- کە خواستن نەك تەنیا جێگەیەکی تایبەتی لە "ئینگلیزی کۆن" دا هەبووە بەڵکو لە هۆنراوەی "نەرویجی کۆن"دا فۆرمێکی ئاڵۆزی هەبووە. ئیدی لەمەوە "ئینگلیزی کۆن" بوو بە مەراقم‌و کەوتمە موتاڵاو تاقیبی، پێویستە ئەوە بڵێم: حاڵی حازر، پاش حەوت ساڵ موتاڵاو تاقیق، ئەو زەوقەم لەسەر خواستن نەماوە، چونکە پێموایە بەکار هێنانی خواستن دەبێتە باعیسی ماندویەتی‌و دڵتۆرانی شاعیر- بەلای کەمەوە ئەمە بۆ شاعیرانی "ئینگلیزی کۆن" دروست بووە.

***- مەبەستت ئەمەیە کە زۆر بە کار هێنانی خواستن دەبێتە مایەی دڵتۆران؟***

- بەڵێ، دووبارە کردنەوەی ، ئەو جۆرە حاڵەتە دروستدەکات، کە تۆ هەموو جارێك لە جیاتی دەریا بڵێی "جادەی نەهەنگ" یان لە جیاتی کەشتی بڵێی: "بێشەی دەریا"... هتد ئەوە بوو لێبڕام کە چیدی پەنا وەبەر خواستن نەبەم، ئەوە بوو لە ئەنجامی ئەو تاقیباتەی خۆمەوە کاتێکم بە خۆ زانی کە هەردوو زمانەکە فێر بووم‌و بە رێکەوت هەردووکیانم زۆر خۆشویست. حاڵی حازر گروپێکی لێکۆڵینەوەم دامەزراندووە -نزیکەی 6-7 قوتابی زانکۆین- ئەگەر هەموو رۆژێك بەرنامەی تاقیقاتمان نەبێ ئەوا زۆربەی رۆژەکان هەمانە. لەم گروپەدا "داستانی بیوولوف"، هەندێ بەشی "هەڵبەستی فینزبیرگ"و "خەوی خاچ" دەخوێنن، جگە لەمە تازە دەستمان بە خوێندنی نامەکانی "کینگ ئالفرید"ش کردووە. گروپەکەمان لەم دواییانەدا دەستی بە فێربوونی "نەرویجی کۆن" کردووە کە زۆر لە "ئینگلیزی کۆن"ەوە نزیکە. مەبەستم لەم نزیکییە ئەوەیە وشەو پەیڤی هەردوو زمانەکە زۆر لێکدی جیا نین. دەشێت بگوترێ "ئینگلیزی کۆن" قۆناغێکە لە نێوان زمانی جەرمانی سەدەکانی ناڤین‌و زمانی ئەسکەندەنافی.

***- تۆ هەمیشە حەزت لە ئەدەبیاتی داستانی (حەماسی) بووە، وا نییە.؟***

- بۆ نەء ، خەڵکانێکی زۆر هەن کە دەچنە سینەما دەگرین، ئەمە زۆرجار ڕوو دەدات. ئەمە بەسەر خۆیشم هاتووە. بەڵام وا نەزانی کە من کەسێکم بە دیتنی دیمەنی خەمناك‌و گریان ئەنگێز دەکەومە گریان، نەء . بەڵام یەکەمجار کە فیلمێکی گانگستری "سترنبرگ"م بینی چاوەکانم پڕ بوون لە ڕوندك. ئاخر فیلمەکە شتێکی حەماسی تێدا بوو. بۆ نموونە ئەو گانگسترانەی شیکاگۆ کە زۆر قارەمانانەو ئازایانە دەکوژران پیاوی دەخستە گریان، ئەوە بوو هەستم کرد کە بە دیتنی

فیلمەکە چاوانم تەژی فرمێسك بووە. دەربارەی هۆنراوەێن حەماسی-ش هەمان حاڵەتم هەیە. هەستدەکەم کە ئەم جۆرە شیعرەم زۆر پێ باڵاترە لە هۆنراوەێن لیریکی. هەمیشە ئەم هەستەم هەبووە. ڕەنگە ڕەگی ئەم هەستە لەمەدا بێ کە من لە ماڵێکدا پەروەردە بووم کە زۆربەی ئەندامانی کەسانی سوپایی بوون. بابە گەورەم، سەرهەنگ بۆرخیس لە شەڕێکی مەرزیدا لەگەڵ سور پێستەکاندا جەنگی بوو. و لە ئەنجامیشدا لە یەکێك لە شەڕە ناوخۆییەکانا کوژرا. باوکی باوکیشم "سەرهەنگ سوارز" لە یەکێك لە دوا شەڕەکانی سەربەخۆیی دژی ئەسپانیا ڕێبەری سوپای سوارەی پیرویایی بوو. یەکێك لە مامە گەورەکانیشم فەرماندەی سوپای سوارەی پێشەنگ بوو لە لەشکری "سان مارتین"دا نەنکم (دایکی دایکم)ش خوشکی (ڕوساس 1793-1877) دیکتاتۆری سوپایی ئارجانتین بوو. هەڵبەتە من شانازی بە خزمایەتی "ڕوساس"ەوە ناکەم ، چونکە دیکتاتۆری زەمانی خۆی بووە. بەڵام ئیدی چاك بێ یان خراپ هەموو ئەمانەو ئەو ماڵباتە منیان بە مێژوو ئارجانتینەوە بەستووەو ئەو باوەڕەیان لە مندا ڕسکاندووە کە پیاو دەبێ ئازاو نەترس بێ. وانییە؟

***- بەڵام لە چیرۆکەکانتدا ئەو کاراکتەرانەی کە بە قارەمانانی حەماسیت زانیون -بۆ نموونە شەقاوەکان- نەبیستراوە، کەسێك بە (حەماسی)یان بزانێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێدەچێت تۆ شتێکی حەماسیت تیایاندا دۆزیبێتەوە؟***

- بەڵێ پێموایە جۆرە حەماسەیەك، ئەگەر هەندێ کاڵیش بێ، لەواندا هەیە. وا نییە؟

***- مەبەستت ئەمەیە کە چونکە حەماسە بە شێوە کلاسیکەکەی خۆی ناتوانێ لە زەمانی ئێمەدا بژی، ئەوا ئێمە دەبێ بە چاوی قارەمانانی حەماسی زەمانی خۆمان بڕوانینە ئەو جۆرە کاراکتەرو کەسایەتیانە؟***

- بەڕای من لەم سەردەمەدا جۆرە فەرامۆشییەك دەربارەی حەماسە چ لە شیعری حەماسیداو چ لە ئەدەبیاتدا بەرچاودەکەوێ (هەڵبەتە ئەگەر نووسەرانی وەکو: "ت. ا. لورانس" و بەرهەمەکەی "حەوت کۆڵەکەی ئەقڵ" بە ئەدەبیاتی حەماسی بزانین). یان شاعیرێکی وەکو "کیپلینگ"و بەرهەمەکەی (سرودێن چەنگژەنانی دانیمارکی) بە شیعری حەماسی قەبوڵ بکەین یان تەنانەت هەندێ لە چیرۆکانی تازە بە حەماسی بزانین). سەیر لەمەدایە کە لەم زەمانەدا کە ئەهلی ئەدەبیات ئەرکی خۆیان سەبارەت بە حەماسە لە بیرکردووە، و ئەمە شتێکی غەریبە، فیلمەکانی وسترن حەماسەیان بۆ پاراستووین.

***- بیستوومە کە تۆ فیلمی " چیرۆکی وێست ساید" ت چەندین جار دیتووە؟***

- بەڵێ، بەڵێ تەواوت بیستووە. بەڵام چیرۆکی ویست ساید فیلمی ویسترن نییە.

***- بەڵێ فیلمی ویسترن نییە. بەڵام ئایا بەلای تۆوە حوکمی فیلمی حەماسی هەیە.؟***

- بۆ نەء . پێم وایە ڕەگەزێکی حەماسی تێدایە. لەم سەدەیەی ئێستادا وەکو گوتم، حەماسە بۆ هەموو خەڵکی بە هۆی هۆلیودەوە پارێزراوە، کاتێ لە پاریس بووم هەستم دەکرد دەمەوێ خەڵکی سەرسام بکەم. و کاتێ کە لێیان پرسیم "حەز لە چ جۆرە فیلمێك دەکەی - دەیانزانی کە من زۆرم حەز لە فیلمە- ئەگەر چی هەقە بڵێم حەزم لێ بوو، چونکە چاوەکانم کز بوون و ناتوانم

تەماشای فیلم بکەم– وەڵامم دایەوە: "بێ لە ڕوودامان، زیاتر لەزەت لە فیلمێن ویسترن دەکەم تا لە فیلمانی دی". سەیرە ئەوانەی کە لە دەورم بوون کە هەموویان فەڕەنسی بوون. لەگەڵ بۆچوونەکەی مندا بوون. هەموو گوتیان "هەڵبەتە ئێمە تەنیا وەکو وەزیفە تەمەشای فیلمێن وەك "هیروشیما عەشقی من" یا "ساڵی رابردوو لە مارینباد" دەکەین بەڵام کە دەمانەوێ سەرگەرم بین و لەزەتی تەواو بدینین یان بمانەوێ بە تەواوەتی ئاسوودە بین دەچینە فیلمی ویسترن–ی ئەمریکایی.

***– بەم پێیە ئەوەی کە کار لە تۆ دەکات ناوەڕۆکی فیلمەکەیە، ناوەڕۆکە ئەدەبییەکەیەتی، نەك لایەنە تەکنیکی و سنعەتی و هونەرییەکەی؟***

– من شتێکی ئەوتۆ دەربارەی تەکنیکی سینەما نازانم.

***– ئەگەر دەکرێ حەزدەکەم بێمە سەر باسی چیرۆکەکانی خۆت، ئەگەر قاییل بی دەمەوێ بپرسم ئایا دروستە کە تۆ لە شوێنێکدا گوتووتە کە لە سەرەتای دەست کردنت بە چیرۆکنووسین زۆر دوو دڵ بوویتەو متمانەت بە خۆت نەبووە؟.***

– بەڵێ، دروستە. بە هیچ جۆرێ متمانەم بە خۆم نەبوو، چونکە بە گەنجی خۆم بە شاعیر دەزانی. بۆیە لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەگەر چیرۆك بنووسم هەموو کەسێك دەزانێ کە من بەم کارە بێگانەم. هەموو کەسێك دەزانێ کە من وەکو میوانێکی ناوەخت و کوتوپڕ داومە بەسەر ئاوەدانییەکی یاساغ و قەدەغەدا. پاش ئەوە تووشی ڕووداوێك بووم و دەعمم کرد. ئێستاش گەر دەست لێرەی سەرم بدەی هەست بەجێ برینەکان دەکەی. هەست بە بەرزی و نزمییەکانی دەکەی. دوو هەفتەیەك لە نەخۆشخانە مامەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە یا مۆتەکە یەخەی دەگرتم یان تووشی خەوزڕان دەبووم، گیرۆدەی نەخۆشی بێ خەوی بووم، پاشان پێیان وتم کە وەزعم زۆر خراپ بووەو خەریك بووە بمرم ، بەڵام شانسم هەبووەو عەمەلیاتەکەم سەرکەوتوو بووە. کە لە خەستەخانە هاتمە دەرێ هەموو ترسێکم ئەوە بوو نەکا مێشکم تێکچووبێ و هاوسەنگی خۆی لە دەست دابێ. بەخۆم گوت: "ڕەنگە چیتر نەتوانم بنووسم." پێت وانەبێ وامدەزانی کارەکانم ناوازەن و نیگەرانی لە دەست دانیان بووم، بەء . بەڵکو نیگەرانی ئەوە بووم کە دەمزانی بەبێ نووسین ناتوانم لەگەڵ ئەم ژیانەدا بسازێم. ئەگەر نەمنووسیایە غەمگین دەبووم. پاشان لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە واچاکە بە نووسینی وتارێك یان هۆزانێك خۆم تاقی بکەمەوەو بزانم وەزعم چۆنە، ئەگەر نەمتوانی بنووسم یەکسەر بۆم دەردەکەوێت کە کارم گەنەو هەموو شتێکی من کۆتایی هاتووە. پاشان هات بە خەیاڵمدا کە واچاکە خۆم لە کارێك بدەم کە تا نهوو تـوخنی نەکەوتووم: واتە چیرۆك. لەبەر خۆمەوە بیرم کردەوە کە ئەگەر نەتوانم دەرەقەتی ئەم کارە بێم شتێکی سەیر نییە، چونکە چیرۆك کاری من نییەو من لە کوێ و چیرۆك لە کوێ؟ ئیدی لەو سەردەمەدا چیرۆکێکم نووسی بە ناوی، با بیرم بێتەوە، ئا، وابزانم بە ناوی (پیاوێك لە گۆشەی شەقامەوە). ئیدی هەموو کەسێك ئەم چیرۆکەی پێ باش بوو. ئەم سەرکەوتنە تەسەلایەکی زۆر باش بوو بۆ من. خوڵاسە ئەگەر ئەو دەعم و سەرشکانە ڕووی نەدابایە هەرگیز چیرۆکی کورتم نەدەنووسی.

***– لەوەش بوو هەرگیز بەرهەمەکانت بۆ زمانانی دیکە وەرنەگێڕدرابان؟***

– بەڵێ، لەوە بوو کەس بیر لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی من نەکاتەوە. بۆیە دەکرێ بگوترێ کە ئەو رووداوە بەخێر گەڕا. چیرۆکەکانم بەرەبەر جێی خۆیان کردەوە. تەرجەمەی زمانی فەرەنسی کران و خەڵاتی ئەدەبی (فورمانتۆر)م لە سەریان وەرگرت. دوای زمانی فەرەنسی بەرهەمەکانم پاچڤەی زمانی دیکەش کران. یەکەمین وەرگێڕی بەرهەمەکانم (ئیبارِرا) بوو، کە یەکێك بوو لە دۆستە نزیکەکانم. هەموو بەرهەمەکانی کردم بە فەرەنسی. بەڕای من زۆر بە چاکی دەرەقەتی وەرگێڕانی بەرهەمەکانم هاتووە. وانییە؟

***– ئیبارِرا، نا، کایوا یەکەمین وەرگێڕی بەرهەمەکانت بوو؟***

– ئەو ورۆجیە کایوا هەردووکیان بوون. تازەو بەم پیرییە بۆم دەرکەوتووە کە خەڵکانێکی زۆر لە دنیادا حەزیان لە بەرهەمەکانمە. زۆرم پێ سەیرە، لێ بەرهەمەکانم بۆ زمانانی ئینگلیزی، سوێدی، فەرەنسی، ئیتالی، ئەڵمانی، پورتوغالی، هەندێ لە زمانانی سلاڤی و دانیمارکی تەرجەمە کراون، هەمیشە مەسەلەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانم بۆ زمانانی جیاواز بەلامەوە سەیر بووە، چونکە بیرم دێ سالێك کتێبێکم بلاوکردەوە، پێم وایە دەبێ سالی 1932 بێ، پاش سالێك لە بلاوبوونەوەی کتێبەکە بۆم دەرکەوت کە تەنیا 37 دانەی لێ فرۆشراوە.

***– کتێبی "مێژووی جیهانی گومناوێك" دەڵێی؟***

– نە، نە "مێژووی ئەدەبیات" بوو. سەرەتا ویستم یەك بە یەکی کڕیارانی ئەم کتێبە بدۆزمەوەو داوای بوردنیان لێبکەم، هەروەها سوپاسیان بکەم چونکە ئەم کتێبەیان کڕیوە. هەڵبەتە ئەم بیرۆکەیەی من هۆی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەگەر لە زەینی خۆتدا 37 کەس بەرجەستە بکەیت دەبینی کە سەروکارت لەگەڵ 37 کەسی راستەقینەو زیندوودا هەیە، کە هەر یەکێکیان سیمای تایبەتی خۆی هەیە، لە بنەماڵەیەکەو لە شەقامێکی تایبەتیدا دەژی. بەڵام ئەگەر لە بری 37 نوسخە دوو هەزار نوسخە لە کتێبەکەت بێتە فرۆشتن وەکو ئەوەیە تاقە نوسخەیەکیش لە کتێبەکەت نەفرۆشرا بێ، چونکە زۆر زەحمەتە بنیادەم دوو هەزار کەس لە زەینی خۆیدا بەرجەستە بکات. خۆ ئەگەر زۆر وردی بکەیەوە مامەڵە کردن لەگەڵ 37 کەسیشدا زۆر زەحمەتە. لەوەیە 17 کەس یا حەوت کەس باشتر بێ. بە هەرحاڵ بەڕای من 37 کەس ژمارەیەکی لەبارە کە بنیادەم لە هزری خۆیدا بەرجەستەی بکات.

***– ئێستا کە مەسەلەی ژمارە هاتە پێشێ، هەستم کردووە کە لە چیرۆکەکانتدا هەندێ ژمارەی تایبەتی بەردەوام دووبارە دەبنەوە؟***

– بەڵێ، من بنیادەمێکی خورافاتیم. زۆریش لەم مەسەلەیە شەرمەزارم. بەردەوام بە خۆم دەڵێم خورافات جیلوەیەکی کاڵی شێتییە، وانییە؟

***– یان شێوەیەکە لە مەزەب؟***

– باشە، مەزەب، بەڵام... پێموایە ئەگەر کەسێك سەدو پەنجا سالێك بژی بە تەواوەتی شێت دەبێ. وا نییە؟ بەم حاڵەشەوە کە دایکم دەبینم و تەمەنی نەوەد ساڵە سەیر دەکەم زۆر لە من کەمتر خورافاتییە. کاتێ کە بۆ جاری دەیەم. یان زیاتر کتێبەکەی (بازول)م دەربارەی (جانسون)

دەخوێندەوە بۆم بە دیارکەوت کە کتێبەکەی پڕە لە خورافات، جا بە ڕێکەوت لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا ترسێکی سەیری لە شێتی هەبووە. بەردەوام لە قاپی خوا پاڕاوەتەوە کە هەرگیز شێت نەبێ. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دەبێ زۆر نیگەرانی شێت بوون بووبێ.

***- قاییلی بەوەی کە لەبەر ئەم خورافاتی بوونە چەندین و چەندین جار چەند ڕەنگێکی تایبەتیت: قرمز، زەردو سەوزت لە بەرهەمەکانتدا بەکار هێناوە؟***

- پێم وانییە ڕەنگی سەوزم زۆر بەکاربردبێ.

***- کەمتر لەو دوو ڕەنگەی دیکە بەکارت بردووە. تۆ تەمەشا، ڕەنگە هەندێ قۆڕ بێتە بەرچاو، بەڵام من ڕەنگەکانم ژماردووە....***

- نە، نە تەنیا بایەخت بە یەك بەرهەمی تایبەتی داوە: (شێوازناسی) ئەگەر بەرهەمەکانی دیکەم بگەڕێی دەبینی کە سوودم لە ڕەنگی زەردیش وەرگرتووە.

***- بەڵام ڕەنگی قرمز لە زۆربەی بەرهەمەکانتدا بەکار هاتووە، ئەم ڕەنگە زۆر جار کاڵ دەبێتەوەو دەگۆڕێ بۆ ڕەنگی مەیلەو زەرد.***

- بەڕاست؟ من قەت دیقەتی ئەمەم نەداوەو هەستم بە شتی وا نەکردووە.

***- مرۆڤ بە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمەت: "شێوازناسی" هەستدەکات کە دەڵێی دنیای ئەمڕۆ خۆڵەکەوەی دوێنێیە - خۆتان خواستنێکی وەهاتان بەکار بردووە. خواستنێکی دیکەشت بەکار هێناوە "بنیادەمی قرمزی".***

- پێم وایە وشەی "بنیادەم" لە زمانی عیبری دا مانای (خاکی قرمز) دەگەیەنێ. جگە لە ماناکەی، ریتمێکی جوانیشی هەیە. وا نییە؟

***- بەڵێ ریتمێکی جوانی هەیە، بەڵام پێم وانییە لەو بەرهەمەدا ویستبێتت زەوال و نەمانی جیهان لە ڕێگەی خواستنی ڕەنگەکانەوە نیشان بدەیت؟.***

- من مەبەستی نیشاندانی هیچ شتێکم نەبووە "پێکەنین". من هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نەبووە.

***- تەنیا ئەوەت ویستووە شتێك وەسف بکەی؟***

- بەڵێ، من تەنیا وەسف دەکەم. دەنووسم، بەڵام سەبارەت بە ڕەنگی زەرد پێویستە ئەوە بڵێم کە بە مەبەستێکی تایبەتی زۆرم بەکار هێناوە. کاتێ چاوم دایە کزی دوا ڕەنگێك کە دەمتوانی جیای بکەمەوە ڕەنگی زەرد بوو، بۆیە دیارترین ڕەنگە لەلای من. هەڵبەتە هێشتاش چاوم تەواو کوێر نەبووەو هێشتاش دەتوانم بۆ نموونە ڕەنگی چاکەتەکەی تۆ لە ڕەنگی ئەو کورسی و مێزەی پشتتانەوە جیا بکەمەوە. لەبەر ئەمەیە کە کۆمپانیای "یەلۆکەپ" لە ئەمریکادا تاکسییەکانی بە زەرد ڕەنگ کردووە. لە هەوەڵەوە دەیانویست بە ڕەنگی ئەرخەوانی ڕەنگ بکەن، لێ پاشان بابایەك کەشفی کرد کە ڕەنگی زەرد لە شەودا یان لە ڕۆژانی تەم و مژاوی دا لە ڕەنگی ئەرخەوانی جوانترو باشتر دەبینرێ. خولاسە لەبەر ئەوە ڕەنگی زەردیان بۆ تاکسی هەڵبژارد تا هەموو کەسێك بە باشی بیدینێ. کە بینابیم بەرەو تاریکی دەچوو دۆستەکانم ماوەیەك.. بەڵێ پێیان ڕادەبواردمو بوو بوومە مایەی پێکەنین. ئاخر هەمیشە بۆینباخی زەردم لە مل دەکرد. بەرە

بەرە دۆستەکانم وایان تەسەور کرد وێڕای ئەوەی ڕەنگی بۆینباخەکانم چاو بە شەوارە دەخات. بەڵام دەبێ پەیوەندییەکی تایبەتیم بە ڕەنگی زەردەوە هەبێ بۆیە هەمیشە ئەم ڕەنگە هەڵدەبژێرم. کە لە خۆمیان پرسی گوتم: "ئێ، ئەم ڕەنگە بەلای ئێوەوە ناشیرینە، بەڵام بەلای منەوە شتێکی دیکەیە. ئاخر لە باری پراکتیکییەوە ئەمە تاقە ڕەنگێکە کە دەیبینم." من لە دنیایەکی بۆرو لێڵدا دەژیم، شتێکە وەکو پەردەیەکی زیوین، لەم دنیایەدا تەنیا ڕەنگی زەرد دیارەو هەر ئەو ڕەنگە دەبینم. هەر لەبەر ئەمەشە کە ڕەنگی زەردم خۆشدەوێ. نوکتەیەکی ئۆسکار وایلد-م بیر دەکەوێتەوە: دۆستێکی بۆینباخێکی زەردی بەستبوو، ئەویش لێی راپەڕی بوو و گوتبووی: "برادەری ئازیز، ئەم بۆینباخە هی ئەوەیە بابایەکی کەڕ لە ملی بکات نەك تۆ".

***- لەوەیە باسی بۆینباخێکیان کردبێ لەمەی ئێستای من چووبێ.***

- بیرمە کە ئەم نوکتەیەم بۆ خانمێك گێڕایەوە ئەویش کە ئاگای لە مەبەستی من نەبوو گوتی: "ڕەنگە بۆیە بۆینباخێکی وای لە ملی کردبێ پێی وابووە کەڕەو، خەڵکی هەر چییەك دەربارەی بۆینباخەکەی بڵێن نایژنەوی". ڕەنگە ئەمە وەڵامێکی پڕ بە پێستی ئۆسکار وایلد بێ، وانییە؟..

***- زۆر حەزدەکەم بزانم وەڵامی دۆستەکەی ئۆسکار وایلد چ بوو؟.***

- بەڵێ. منیش. بەڵام تا ئێستا تووشی بابەتێك نەبووم کە بەم ئەندازەیە بە شتێکی دیو پێچەوانەی خۆیەوە وەربگیرێ، ئەوپەڕی گەوجێتییە کە بنیادەم شتێك بە شتێکی دی تێبگات. هەڵبەتە قسەکەی ئۆسکار وایلدش تا رادەیەك چەند لایەنەیە، چونکە لە زمانی ئەسپانیو هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا بە ڕەنگی تۆخ دەڵێن "ڕەنگی بەرز". هەڵبەتە ڕەنگی بەرز زاراوەی باوەو بە مانای تۆخە. بەڵام ئەم جۆرە بەد گوزارشتە زۆرجار لە ئەدەبیاتدا روو دەدات. بەڕای من گەلێك لەو بابەتانەی کە بنیادەم لە ئەدەبیاتدا دەیانخاتە روو هەموو وەکو یەکن. گرینگ ئەوەیە تۆ چۆن مەبەستی خۆت دەردەبڕی. بۆ وێنە خواستن تەمەشا بکە: کاتێ کە گەنج بووم هەمیشە وێڵی دوای خواستنێن تازە بووم. پاشان بۆم دەرکەوت کە هەموو خواستنە بەهادارەکان بە زۆری وەکو یەکن. بۆ نموونە خواستنی جادە بۆ زەمان، بەکارهێنانی خەو یا مەرگ، خەون بۆ ژیان لەبەرچاو بگرە. ئەمانە گرنگترین خواستنن کە لە ئەدەبیاتدا بەکار هاتووە. بایەخەکەشیان لەبەر ئەمەیە کە دەلالەت لە بابەتێن سەرەکی دەکەن. ئەگەر خواستنێکی تازە لە خۆتەوە دابهێنی دەبێ لە هەوەڵەوەو زۆر خێرا سەرنجی خوێنەر رابکێشێت. لێ ئەو خواستنانەی کە باسکران ئەم خەسڵەتەیان نییە. ئەگەر ژیان وەکو خەونێك حیساب بکەی ئەمە شتێکی سواو و کۆنە، واقیعییە. بەلای کەمەوە ئەمە لەلای زۆربەی خەڵکی کۆنە. وانیە؟ "خۆ زۆر خواستن-ش هەن کە بە سواو دێنە بەرچاو بەڵام تا ئێستا کەس بە باشی نەیخستوونەتە روو". بەڕای من پیاو بکەوێتە سۆراغی ئەو جۆرە خواستنەو دووبارەو بە دیدێکی تازەوە بەکاریان بێنێ گەلێك باشترە لەوەی لە خۆیەوە خواستنی سەیرو سەمەرە دروست بکاتو بیەوێ پەیوەندییەکی دەستکرد لە نێوان بابەتگەلێکدا چێبکات کە پێشتر هیچ پەیوەندیو نزیکایەتییەکیان لە نێواندا نەبووە، چونکە هیچ پەیوەندێکی واقیعی لە بەینی هیچ شتێکدا نییە. هەر هەموو ئەدەبیات جۆرە تەڕدەستیو چاپوکییەکە.

***– تەنیا تەڕدەستی و چاپوکی وشەیە؟***

– بەڵێ تەنیا چاپوکی و تەڕدەستی وشەیە. من گەلێك لەم خواستنانەی کە لە ئەدەبیاتدا بەکار دەهێنرێن، بە خواستنیان نازانم، چونکە لە خواستنی واقیعی و دروستدا دەبێ گونجان و پەیوەندی و لێکچوون لە نێوان هەردوو بەشەکەیدا هەبێ. من تا نهوو تەنیا یەك ریز پەڕم لەم وارەدا دیتووە: خواستنێکی غەریب و جوان لە شیعرێکی نەرویجی کۆندا هەیە کە هەم جوان وتازەیەو هەم نەبانی لە نێوان هەردوو بەشەکەیدا هەیە. لە شیعری ئینگلیزی کۆندا بۆ شەڕگە خواستنی "جێگەی نواندنی شمشێران" یان "مەیدانی رووبەڕوو بوونەوەی سەرەنێزان" یان بەکار دێنا، بەڵام لە ئەدەبیاتی نەرویجی کۆنداو وا بزانم لە شیعری (سیلتی)دا لە زمانی خواستندا "استعارە" بە مەیدانی شەڕ دەڵێن "بەرگی بەشەر" خواستنێکی سەیرە، وانییە؟ ئەم خوازەیە بۆیە بۆ مەیدانی شەڕ بەکار دەهێنرێ چونکە شەڕ وەکو جل و بەرگ بوونی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت و دەبێتە باعیسی چنینی تانوپۆی بوونی، پێم وایە لە شەڕەکانی سەدەکانی ناڤیندا جەنگاوەران لە بری زرێ جۆرە گەوچنێکیان لەبەر دەکرد تا لە شمشێرو سەرەنێزان بیانپارێزێ. جا بۆیە تۆ لێرەدا سەروکارت دەگەڵ جۆرە خواستنێکی تازەدایە، خواستنێك کە تەنیا لە خەوندا قابیلی گێڕانەوەو دیتنە. وانییە؟ خواستنی "جامەی بەشەر" ئەگەرچی تەنیا خواستنەو بەس، بەڵام ماکی لە مرۆڤو شتێن زیندوو وجوڵەدار دایە. هەم دەلالەت لە پۆشاکی شەڕو هەم لە مەیدانی شەڕ دەکات و هەم خواستنە. شتێکی سەیرە. وانییە؟

***– جگە لە هەندێ لایەن. ئەم خواستنە زۆر لەو خواستنە دەچێت کە (جورج ئیلیوت) لە کتێبی "میدل مارچ"دا بەکاری بردووە. ئیلیوت دەڵێت کۆمەڵگە وەکو پۆشاکێکە پێکەوە چنراوەو ئەگەر کەسێك بیەوێ تاڵێك لەم پۆشاکە دەربێنێ ئەوا هەمووی هەڵدەوەشێتەوە.***

– (بە تاسەوە) گوتت ئەمە قسەی کێیە؟

***– قسەی جۆرج ئیلیوتە، لە میدل مارچ دا.***

– ئا، میدل مارچ! بەڵێ، ئەو کتێبە! مەبەستتان ئەمەیە کە هەموو بەشەکانی جیهان هەڤبەندن، هەموو شتێك پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە. دیارە یەکێك لەو هۆیانەی کە وایکردبوو فەیلەسووفانی رەواقی ئەوەندە باوەڕیان بە بەخت و شانس بێ، ئەم هەڤبەندییەی بەشەکانی جیهان بووە لەگەڵ یەکدیدا. وتارێکی زۆر جوانی "دیکوئینسی" هەیە دەربارەی خورافات لە سەردەمی تازەدا کە وەکو زۆربەی کارەکانی جوانەو شایستەی خوێندنەوەیە. دیکوئینسی لەم وتارەدا باسی تیۆری رەواقییەکان دەکات و دەیخاتە بەر لێکۆڵینەوەو راڤەو شرۆڤە. هەموو باسێکی ئەوان ئەمەیە کە مادامێکی هەموو جیهان وەکو بوونەوەرێکی زیندووە، بۆیە لە نێوان هەموو شتێکدا، تەنانەت لە نێو ئەو شتانەشدا کەوا دێنە بەرچاو چ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە، جۆرە خزمایەتییەك هەیە. بۆ نموونە ئەگەر سێزدە کەس پێکەوە نان بخۆن بێ چەندو چوون یەکێکیان لەو ساڵەدا دەمرێت. هەڵبەتە پێت وانەبێ کە ئەم خورافەیە پەیوەندی بە مەسەلەکەی حەزرەتی عیساو "دوا شام"ەوە هەبێ و لەوەوە هەڵێنجرابێ، بەڵکو لەو بۆچوونە بنەڕەتییەی رەواقییەکانەوە هەڵقوڵاوە کە پێی وایە هەموو شتەکان هەڤبەندن و پەیوەندییان لە

نێواندا هەیە. دیکوئینسی دەڵێت – هەڵبەتە ئەمە دەقی رستەکەی ئەو نییە، بەڵکو مانای رستەکەی ئەوە– هەر شتێکی ئەم جیهانە ئاوێنەی شاراوەی جیهانە.

***– تۆ زۆر جار باسی کەسانی وەکو دیکوئینسی–ت کردووە کە لە ژێر کاریگەرییاندا بوویت.***

– بەڵێ، دیکوئینسی کارێکی زۆری کردە سەر من. بەڵێ. راستە. جگە لەو "شوپنهاوەر"ی ئەڵمانیش کاری تێکردووم. بەڵێ، لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا شەیدای "کارلایل" بووم: ئەو کارلایل–ەی کە ئێستا خۆشم نەگەرەکە، چونکە پێموایە ئەو نازیسمی هێنایە ئاراوە. بە هەر حاڵ کارلایل کارێکی وای کرد کە حەز لە ئەدەبیاتی ئەڵمان بکەمو پاشان روو بکەمە کانت. هەڵبەتە منیش وەکو زۆربەی خەڵکی، لەوانە خودی ئەڵمانەکان، لەم وارەدا شکستم هێنا. پاشان بە خۆم گوت: "دەچمە سۆراخی شیعریان. شیعر بە حوکمی کورتبڕییەکەی ئاسانتر دەبێ." دیوانە شیعرێکی "هاینە"م بەناوی " نێوان پەردەی لیرکی" کڕیو پاشان فەرهەنگێکی ئەڵمانی –ئینگیزی–م بە دەست هێناو دەست بەکار بووم. کە 2–3 هەیڤ بوری سەیرم کرد ئیدی پێویستم بە فەرهەنگ نییەو زۆر بە ئاسانی دەتوانم شیعرەکانی هاینە بخوێنمەوە. بیرم دێت یەکەم رۆمانی ئینگلیزی کە لە هەوەڵەوە تاکۆتایی خوێندمەوە رۆمانێکی ئیسکاتلەندی بوو بە ناوی "ماڵێك بە پشتدەری کەسکەوە".

***– ئەم رۆمانە بەرهەمی کێ بوو؟***

– "دۆگلاس" ناوێك نووسیبووی. پاشان بابایەك بەناوی "کرونین" بابەتی ئەسڵی ئەم رۆمانەی دزیو رۆمانێکی لێوە هەڵێنجا بەناوی "کۆشکی هیتیر". دۆگلاس لە رۆمانەکەیدا سوودی لە دیالێکتی سکۆتلەندی وەرگرتووە. بۆ نموونە قارەمانانی چیرۆکەکە لە جیاتی (money) دەڵێن (baubees) یان لە جیاتی (children) وشەی (Bairns) بەکار دەبەن. شایانی باسە کە لە ئینگلیزی کۆنو نەرویجی کۆنیشدا هەمان ئەو وشانەیان بەکاردەبرد. هەر وشەی (nich) یان بۆ (night) بەکار دەبرد: ئەم وشەیەش ئینگلیزییەکی کۆنە.

***– لە چەندساڵیدا ئەم رۆمانەت خوێندەوە؟***

– دەبێ نزیکەی 10–15 ساڵ بووبم، واتە لە تەمەنێکدا بووبم کە هێشتا سەرم لە زۆر شتان دەرنەدەکرد، هەڵبەتە بەر لەم رۆمانە "کتێبێن جەنگەڵ" و "دورگەی گەنجی"ی "ستیڤنسون"م خوێندبووەوە کە بەراستی کتێبی باش بوو. بەڵام یەکەمین رۆمانی تەواو، کە بە تەواوی خوێندبێتمەوە ئەو رۆمانەی دۆگلاس بوو. کە لە خوێندنەوەی بوومەوە پڕ بەدڵ حەزم دەکرد سکوتلەندی بووایەم. کە ئەم حەزەم بۆ دایە گەورەم گێڕایەوە پێی ناخۆش بوو و بە بێ تاقەتییەوە گوتی: "شوکری خوا بکە کە سکوتلەندی نیت." بەڕای من قسەکەی داپیرە دروست نەبوو. نەنکم لە دوورترین شوێنی باکووری ئینگلستان لە دایك بوو بوو، دەبوایە بە تەبیعەت ماکێکی سکۆتلەندی لە خوێندا هەبووایە. تەنانەت دەبوایە تۆزێ لە دانیمارکییەکانیش بچووایە.

***– باشە بەو هەموو خۆشەویستییەتەوە کە دەربارەی زمانی ئینگلیزی هەتان بوو بەو شەیداییە زۆرەتانەوە...***

– گوێ بگره. من خەریکم لەگەڵ کەسێکی ئەمریکاییدا دەدوێم، ناکرێ دەربارەی ئەو کتێبە قسەی لەگەڵدا نەکەم، ئەو کتێبەی چەندی پێدا هەڵبڵێی، دێنێ: ناوی کتێبەکە "هاکلبری فین"ـە. من حەز لە "تۆم سایر" ناکەم. بەڕای من تۆم سایر دوا فەسڵی ڕۆمانی هاکلبری فینی شێواندووە. مەبەستم لەو قۆڕیاتە بێتامانەیە کە لە دوا فەسڵدا بە دووی یەکدیا ڕیز کراون. نوکتەی بێ سەرو بەرە. پێموایە لەبەر ئەوەی کە مارك توەین بە ئەرکی خۆی دەزانی کە هەمیشە تەنز بەکار بێنێ، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە تاقەتی نییە. تەنز وەکو هەر شتێکی دی دەبێ بە تەواوەتی جێی خۆی بگرێ. جۆرج مۆر قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێت: "ئینگلیزەکان پێیان وایە نوکتەیەکی خراپ باشترە لە بێ نوکتەیی". بەڕای من مارك توەین یەکێك بوو لە نووسەرە گەورەکانی سەردەمی ئێمە، بەڵام بێ ئاگا بوو لەم ڕاستییەی کە تەنز کەش و هەواو هاماجی تایبەتی خۆی هەیە. دیارە ئەمەش هەیە کە تۆ بتەوێ بەرهەمێکی گەورە بخوڵقێنی دەبێ لە هەندێ حەقیقەت و ڕێسایان بێئاگا بی. تۆ دەتوانی عەرەق بە دیار بەرهەمەکەتەوە بڕێژی و کاری لەسەر بکەیت، لە بری سیفەتێك سیفەتانی دیکە دابنەی، بەڵام لەوەیە ئەگەر دەستکاری بەرهەمەکەت نەکەیت و نەتەوێ هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە کارەکەت باشتر دەربچێت. برناردشۆ دەربارەی شێوەی نووسین قسەیەکی هەیە: دەڵێت شێوازی نووسەر ئەو متمانەیەیە کە بە خۆی و بە کارەکەی خۆیی هەبێ، بێ کەم و بێ زیاد. شۆ باوەڕی وابوو کە گەمەی شێواز تەواو بێ مەعنایە. بۆ نموونە شۆ "بونین"ی بە نووسەرێکی گەورە دەزانی چونکە پێی وابوو بونین متمانەی بەوە هەبوو کە دەیگوت. ئەگەر نووسەرێك باوەڕی بەوە نەبێ کە دەیڵێ، نابێ زۆریش بە تەمای ئەوە بێ کە خوێنەران باوەڕی پێبکەن. هەڵبەتە لەم وڵاتەدا مەسەلەکە فەرق دەکات، ڕەوشێك هەس کە هەر جۆرە نووسینێك، بە تایبەتی شیعر، لەسەر بنەماو پێوانەی "گەمەی شێواز" هەڵدەسەنگێنن. من شاعیرانێکی زۆری ئەم وڵاتە دەناسم کە شیعری باشیان گوتووە – شیعری زۆر باش– و شیعری ئەوان حاڵ و فەزایەکی چاکی هەیە. لێ کە بنیادەم دەیاندوێنێ یان حیکایەتەکانی ئەلفیە شلفیەی بۆ دەگێڕنەوە یان لێکدا لێکدا سیاسەتوێژی دەکەن، ئەویش سیاسەتی عەوام پەسندو بازاڕی. لەبەر ئەم ناکۆکییە نووسینەکانیان لە هەمبەر کەسایەتی واقیعیاندا حاڵەتی لاوەکی پەیدا دەکەن.نووسین بەلای ئەوانەوە وەکو شەترەنج فێر بوونە. بە باوەڕی من ئەوانە شاعیران و نووسەرانی واقیعی نین. ئەوانە کۆمەڵێك تەڕەدەستی و کەڵەك فێر بوون. بە ڕێکەوت کارەکەیانش بەچاکترین شێوە فێر بوون. ئەوانە هەموو شتێکیان لە دەستدایە. بەڵام وێڕای زاڵیان بەسەر تەکنیکدا ئەوانە –جگە لە 4–5 کەسیان– شتێکی شاعیرانە یان ڕەمزدار لە ژیاندا نابینن. هەموو شتێکیان بە لاوە ڕوون و پێشوەختە دیارە. تاقە شتێك کە دەیزانن ئەمەیە کە لە کاتی نووسیندا لە پڕ تۆنێکی غەمگین یان تانە ئامێز بگرنە خۆ.

***– یانی قیافەی شاعیری بگرنەخۆ؟***

– بەڵێ، قیافەی شاعیری بگرنە خۆ، بۆ چەند ساتێك خۆ بخەنە حاڵ و فەزایەکی شیعرییەوەو شیعر بنووسن. کە کارەکەیان تەواو بوو، دووبارە دەچنەوە سەر هەمان قسەو قسەلۆك و

سیاسەتی رۆژی خۆیان (سوزانا کوینتروس وەژوور دەکەوێ): ببورن. ئاغا کمپیل چاوەڕوانە. وا خەریکە دێن.

***- کە چیرۆکێك دەنووسیت زۆری دەستکاری دەکەیت؟***

– لە هەوەڵەوە زۆرم دەگۆڕی. پاشان بۆم دەرکەوت کە بنیادەم دەگاتە تەمەنێکی تایبەتی ئیدی زمانی خۆی دۆزیوەتەوە. ئێستا تەنیا هەوڵدەدەم بە خێرایی بەو بەرهەمەدا بچمەوە کە تەواوم کردووە، من بۆ هەر چیرۆکێك دوو هەفتە یان کەمێ زیاتر تەرخان دەکەم. دووبارە خوێندنەوەو پێداچوونەوەی بەرهەم پێویستە. چونکە لەوەیە هەندێ مەبەست بە خۆڕایی دووبارە ببێتەوە یان هەندێ شت پەڕی بێ، ئەم کارە ئەگەر چی پێویستە، بەڵام نابێ زیاد لە پێویست پێوەی خەریك بی. ئەوەی لەم سەردەمەدا دەینووسم بەڕای خۆم هەمان ئەو شتەیە کە ویستوومە. چونکە ئەگەر زۆرتر کاری لەسەر بکەم نە زۆر باشتر دەبیّو نە زۆر خراپتر دەبێ . بۆیە لە کاتی نووسیندا جگە لە نووسینەکە بیر لە هیچ شتێکی دی ناکەمەوەو رێگە خۆشدەکەم کە چیرۆکەکە رێگەی بنەڕەتی خۆی بگرێتە بەر. دوا کتێب کە خەریکی نووسینی بووم کتێبێکی شیعرە بە ناوی "تانگۆکان" کە چەندین تەرانەیە دەربارەی میلۆنگاکان.

***- بەڵێ، منیش بەرگێکم دیتووە، کتێبێکی جوانە؟***

– بەڵێ، رستەی Paraseiscuerda لە زمانی ئەسپانییدا بە مانای گیتارە. کە منداڵە بووم گیتارسازێکی مەنشوور هەبوو. دەتروانییە هەر گۆشەو کەنارێکی شەقامەکان خەڵکانێکت دەبینی کە مژولی گیتار ژەندن بوون. هەڵبەتە گیتار ژەندنێکی زۆر چاك نا. هەندێ لە باشترین ئەو پارچە مۆسیقایانەی کە بۆ تانگۆ دانرا بوون، خەڵکانێك دایان نابوو کە چ خوێنەواری و نووسینێکمان لە بارەی مۆسیقاوە نەبوو. هەڵبەتە هەوێنو جەوهەری مۆسیقایان لە روحدا بوو و زۆر بەچاکی لە مۆسیقا حاڵی دەبوون. پێموایە شەکسپیرش رستەیەکی بەو نێوەڕۆکە گوتووە. بە هەر حاڵ ئەم مۆسیقازانە گەرۆکانە بەرهەمەکانیان دەبردە لای نۆتەنووسانو بەم جۆرە بەرهەمەکانیان تەنانەت بە پیانۆش لێدەدا. کە ئەم نۆتانە بڵاودەبوونەوە خەڵکی خوێنەواریش دەیانتوانی سوودیان لێوەربگرن، بیرم دێ جارێك یەکێك لەم تانگۆ سازانەم بینی، کە ناوی "ئارنستو پونسیو" بوو و پارچە تانگویەکی دانابوو بە ناوی "دون جوان" واتە باشترین تانگو بەر لەوەی کە ئیتالیاییەکان بەمجۆرە تانگو وێران بکەنو قۆریاتی وەکو "لابوکا" بسازن. مەبەستم قۆناغێکە کە قەڵەمڕەوی ئەسڵی تانگو وڵاتانی ئەمریکای لاتین بوو و هێشتا نەکەوتبووە ژێر کاریگەری تانگۆی ئیتالیاییەوە. لەو دیدارەدا ئەرنست پونسیو هەڵیدایێ و گوتی: "ئاغای بورخیس من چەندین جار کەوتوومەتە زیندان، بەڵام هەمیشە تاوانەکەم پیاو کوژی بووە. "مەبەستی ئەمە بوو کە ئەو هەرگیز دز یان گەواد نەبووە.

***- لە کتێبی (کەشکۆڵی شەخسی)دا...***

– تەمەشاکە، سەباەت بەو کتێبە حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە پڕ بوو لە هەڵەی چاپ، چاوم زۆر کزەو دەبووایە کەسێکی دیکە هەڵەچنییەکەیم بۆ بکات نەك خۆم.

***- حاڵی هەم، لێ هەڵەی چاپی لایەنێکە، وانییە؟***

– بەڵێ، خۆم دەزانم، لێ هەڵەی چاپیش دەبنە مایەی نیگەرانی نووسەر نەك خوێنەر، خوێنەر هەموو شتێ قبوڵ دەكات وانییە؟ تەنانەت نا جدیترین شتیش.

*– پێوانەو معیارم ئەمە بوو كە پێم وابوو ئەو چیرۆكانەی لەم كتێبەدا كۆم كردنەوە، نووسینگەلێك بوون كە شایستەی بلاوكردنەوە بوون... لێ پێشتر بلاوم نەكردبوونەوە. هەڵبەتە ئەگەر بنیادەمێكی زرینگ بوایەم ئەم چیرۆكانەم چاپ نەدەكردو لە دوای مەرگم كەسێك دەیدۆزینەوەو بۆی دەردەكەوت كە شتگەلێكی باشن‌و بلاوی دەكردەوە، ئەمە باشترین كارێك بوو كە دەبووایە بمكردایە، وا نییە؟ مەبەستم ئەمەیە كە وا چاكە مرۆڤ هەوەڵجار لاوازترین كاری خۆی بلاو بكاتەوەو باشترین كاری خۆی هەڵگرێ تا پاشان كەسێكی دیكە بلاویان بكاتەوە.

***– تۆ زۆرت حەز لە نوكتەیە، وانییە؟***

– با، حەزم لێیەتی.

***– لێ كاراكتەرانی ناو بەرهەمەكانت، بە تایبەتی قارەمانانی چیرۆكەكانتان...***

– نە، نە، ئەوانە لە ڕادەبەدەر جددین.

***– لێ هەندێجار وا ڕێكدەكەوێ كە هەندێكیان سوعبەتچی‌و حەنەكچی دەردەچن.***

– سوعبەتچێتیان بە ئانقەستە. لەم ڕۆژانەدا كتێبێك دەردەچێت بەناوی "ڕووداوانی ڕێكەوتی ئیچ بوستوس دومك" ئەم كتێبە من‌و "ئەدولفوبیویی كاسارس"ی دۆستم بە شەریكی نووسیومانە.. كتێبەكە دەربارەی شاعیران‌و ڕۆماننوسان، پەیكەرسازان‌و هونەرمەندانی لەو بابەتەیە. هەر هەموو كەسایەتییەكانی ناو ئەم كتێبە خەیاڵین‌و هەموویان خەڵكانی نوێئاوەرو نوێخوازن. لەم بەرهەمەدا نووسەرو قارەنامانی چیرۆك خۆیان زۆر جددی گرتووە، بەلام هەرچییەك هەن خویانن‌و لاسایی كەسی دی ناكەنەوە. لەم بەرهەمەدا ویستوومانە هەندێ شت بخولقێنین كە دەرەقەتی هاتووین، تەنیا ئەمەو هیچی دی. لێ گەلێك لەو نووسەرانەی كە ئەم بەرهەمەیان خوێندووەتەوە لێیان پرسیووم: "دەخوازین بزانین پەیامتان لەم بەرهەمەدا چ بوە". ئێمە هیچ پەیامێكمان نەبوو. كە من دەست بۆ قەڵەم دەبەم بۆیە دەنووسم تا شتێك دابێنم. بەڕای من نووسەر نابێ لە ڕادەبەدەر دەستكاری بەرهەمەكەی بكات، دەبێ ڕێگە بە بەرهەمەكە بدات خۆ بەخۆ پێشڤە بچێت، وانییە؟

***– تۆ لە شوێنێكدا گوتووتە نووسەر نابێ لە ڕوانگەی بیرو باوەڕی خۆیەوە داوەری بكات.***

– بەڵێ، پێم وانییە بیروباوەڕو ئایدولۆژیای نووسەر زۆر گرنگ بێ.

***– باشە ئەدی بە چ میعارێ بێتە هەڵسەنەگاندن؟***

– لە ڕوانگەی ئەو لەزەت‌و هەستانەوە كە لەلای خوێنەر دروستی دەكات. بەڕای من باوەڕی نووسەر زۆریش گرینگ نییە. گرینگ نییە كە نووسەر ئەم باوەڕی سیاسی هەبێ یان ئەو باوەڕ، چونكە بەرهەمی نووسەر بەدەر لە باوەڕی تایبەتی نووسەر دێتە ئاراوە، بۆ نموونە كتێبی "كیم"ی كیپلینگ وەربگرە. گریمان ڕای تۆ ئەمەیە كە ناوەڕۆكی ئەم كتێبە لەسەر ئیمپراتۆرییەتی ئینگلستان‌و ڕژێمی پاشایەتییە. باشە. ئەمە یەك بۆچوونە. لێ بەڕای من لەم ڕۆمانەدا مرۆڤ پتر لە سایەی كاریگەریی كاراكتەرانێكە كە هیندین نەك ئینگلیزی، واتە

موسڵمانانی هیندی، بەڕای من بە بەراورد لەگەڵ ئینگلیزاندا ئەمانە پتر دەچنە دڵەوە. پتر دەچنە دڵەوە چونکە خوێنەر جۆرە هاوبیرییەکی لەگەڵیاندا هەیە- نە، نە، هاوبیری وشەیەکی باش نییە، چاکترو وایە بڵێم خوێنەر پتر هەستیان پێدەکات.

***- باشە دەربارەی باوەڕی میتافیزیکی چ دەڵێیت؟***

- ئم، باوەڕی میتافیزکی. بەڵێ دەتوانرێ لە قاڵبی خوازەو خواستندا یان لە قاڵبی فۆرمی لەو بابەتەدا بهێنرێتەوە.

***- خوێنەران زیاتر چیرۆکەکانت بە رەمزی دەزانن. ئایا بەم وەسفە رازیت؟***

- نە، نە، بە هیچ جۆرێ نەمویستووە بەرهەمێکی رەمزی بنووسم. مەبەستم ئەمەیە کە ئەگەر رەمزی دەرچووبن...(هەڵوەستەیەکی درێژ)...ئەگەر بە رەمزییان دەبینی، ئەمەیان رێکەوت بووە، دەنا من نیازی واهیم نەبووە.

***- کەواتە بەپێی ئەم قسەیە رەمزەکانی تۆ هیچ لێکچوونێکیان لەگەڵ کارو رەمزەکانی کافکادا نییە.***

- زانیاریمان دەربارەی کافکا زۆر کەمە. تەنیا ئەوەندە دەزانین کە لە بەرهەمەکانی رازی نەبووە، هەڵبەتە کاتێ کافکا داوا لە (ماکس برود)ی دۆستی دەکات کە بەرهەمەکانی بسووتێنێ، وەکو فیرجیل کە بەرهەمەکانیان سوتاند، پێموایە دەیزانی کە دۆستەکەی ئەم کارە ناکات. ئەگەر کەسێ بیەوێ بەرهەمەکانی لە نێو بەرێ، زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بیانخاتە ئاگرەوەو بیانسووتێنێ. بەڵام کە دێت و بە نزیکترین دۆستی دەڵێت: "دەمەوێ هەموو دەستنووسەکانم لە بەین بەری" ئەوا بێگومان دەزانێت دۆستەکەی ئەم کارە ناکات و دۆستەکەشی دەزانێت کە مەبەستی راستەقینەی دۆستەکەی چییەو نووسەرەکەش دەزانێ کە دۆستەکەی پەی بەمە دەبات و ئیدی بەمجۆرە.

***- ئەمانە لێکچوونێکی سەیریان لەگەڵ چیرۆکەکانی "هنری جیمز"دا هەیە.***

- بەڵێ، بە بۆچوونی من ئەو دنیایەی کە کافکا خوڵقاندوویەتی بەشێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر لە چیرۆکەکانی هنری جیمزدا دەبینرێ. بە باوەڕی من هەردووکیان بە دیدیك دەیانڕوانییە دنیا کە هەم ئاڵۆزەو هەم بێ مانا.

***- بێ مانا؟***

- تۆ بۆچوونێکی دیکەت هەیە؟

***- بەڵێ، بۆ نموونە دەربارەی جیمز.***

- بەڵام دەربارەی جیمز.. دەربارەی ئەو هەر تەواو دروستە. بەڕای من بەلای ئەوەوە جیهان هیچ ئامانجێکی نەبوو. پێموایە ئەو باوەڕی بە خوا نەبوو. هەموو شتێکی لەم دنیایەدا دەبینی. نامەیەکی بۆ (ویلیام جیمز)ی برای، کە دەروونزان بوو، هەیە. لەو نامەیەدا دەڵێت کە جیهان لە مۆزەخانەیەك دەچێت کە پڕە لە ئەڵماس. دەتوانرێ بگوترێ کەشکۆڵێکە لە شتێن سەیرو غەریب و ناتەباو گونجاو. وا نییە؟ بە بۆچوونی من مەبەستێکی تایبەتی لەو ڕستەیەدا هەبووە جا با بگەڕێینەوە سەر کافکا. بەڕای من ئەو عەودالی دۆزینەوەی شتێك بوو.

*\- عەودالّی دۆزینەوەی مانایەك بۆ ئەم دنیایە؟*

\- بەڵێ، عەودالّی دۆزینەوەی چەمکێك بۆ ئەم دنیایەو لەوەشە نەدۆزینەوەی هیچ مانایەك، بە رای من هەردوو نووسەر لە دنیایەکی پڕ لە سەرەگێژکێ و سەرگەردانیدا دەژیان، وانییە؟.

*\- لەگەڵ ئەم بۆچوونەی تۆدام. بۆ نموونە چیرۆکی "سەرچاوەی پیرۆز"ی جیمز بێنە بەرچاو.*

\- بەڵێ ئەم بۆچوونە دەربارەی چیرۆکی سەرچاوەی پیرۆز و گەلێك لە چیرۆکە کورتەکانی دروستە. بۆ نموونە چیرۆکی "بوغزاندنی نورت موران" بێنە بەرچاو. سەراپای ئەم چیرۆکە دەربارەی تۆڵەساندنێکی سەرنج ڕاکێشە. لێ خوێنەر تا کۆتایی چیرۆکەکە نازانێ ئەم تۆڵەسەندنە سەر دەگرێت یان نا. ژنە قارەمانی چیرۆکەکە باوەڕی تەواوی بەوە هەیە کە بەرهەمێن مێردەکەی، ئەو بەرهەمانەی نە کەس دەیانخوێنێتەوەو نە کەس بایەخیان دەداتێ، زۆر لە نووسینی دۆستەکەی، کە نووسەرێکی ناودارە، باشترن. لێ لەوەیە بۆچوونی ژنەکە دروست نەبێ، ڕەنگە بۆچوونی ژنەکە زادەی خۆشەویستی ژنەکە بێ بۆ مێردەکەی. خوێنەر ناتوانێ لەوە حاڵی بێ کە ئەگەر ئەو نامانە، گریمان بڵاوببنەوە، شتێك روون دەکەنەوە یان نا. هەڵبەتە یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم ئاڵۆزیو تەمومژە ئەمەیە کە جیمز ویستوویەتی 2-3 چیرۆك پێکەوە بنووسێت. هەر بۆیەش کەمتر روونکردنەوەو شرۆڤە لە چیرۆکەکانیدا بەدی دەکرێت. روونکردنەوە دەبێتە مایەی لاوازی چیرۆك. هەڵبەتە جیمز بۆچوونێکی دیکەی هەیە. دەڵێت: "زۆر نیگەران نەبن " تەنگی ئەهریمەنی "چیرۆکی زۆر چاكو جددی نەبوو. بۆ پارەم نووسی" بەڕای من جیمز هەرچەندە ئەو قسەیەشی کردووە ،بەڵام حەقیقەتی نەگوتووە. چونکە لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: "ئەگەر لە چیرۆکەکانمدا روون کردنەوەی زیاتر بدەم چیرۆکەکە لاواز دەبێو ئەو خەیاڵو وێنا کردنانەی کە لەوەیە لە زەینی خوێنەردا دەربارەی چیرۆکەکە چێ ببێ، بە فیڕۆدەچێت.". بەڕای من لەبەر ئەمەیە کە بە ئانقەست چیرۆکەکانی بە ئاڵۆزی نووسیون.

*\- لەگەڵتدام، خوێنەر نابێ زۆر دەربارەی شتەکان بزانێ.*

\- نەك هەر خوێنەر نابێ بزانێ ، بەڵکو خودی نووسەریش نازانێ کە حەقیقەتی کارەکە چییە!

*\- حەزدەکەی تۆش هاماجێکی وامی بۆ خوێنەر بخوڵقێنی؟*

\- هەڵبەتە حەزدەکەم. بەڵام بەڕای من کورتە چیرۆکەکانی هنری جیمز پەیوەندییان بە رۆمانەکانییەوە نییەو زۆر لە رۆمانەکانی باڵاترن. ئەوەی لە چیرۆکەکانی هنری جیمزدا گرینگە ئەو حاڵو هاماجەیە کە دەیخولقێنێ. نەك کاراکتەرەکان. بۆ نموونە "سەرچاوەی پیرۆز" بەرهەمێکی زۆر باشتر دەبوو ئەگەر خوێنەر بیتوانیایە کاراکتەرێك لە کاراکتەرێکی دیکە جیا بکاتەوە. بۆ نموونە خوێنەر بۆ ئەوەی بزانێ ماشووقی خانم فلانی کێ بووە دەبێ سێسەدو چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکە ئەم دیوو و ئەو دیوو بکات تا لە ئەنجامدا بە مەزەندە بزانێ کە فلانە ئاغا بووە نەك فیسارە کەس، خوێنەر ناتوانێ بە ڕەحەتی قارەمانەکانی (کاراکتەر) لێکدی جیا بکاتەوە. هەر هەموویان چوونیەك قسە دەکەنو کەسایەتی تایبەتیو واقیعی خۆیان نییە، تەنیا قارەمانانی ئەمریکایی بەرهەمەکانی کەسایەتی تایبەتی خۆیان هەیە. بەڵام ئەگەر تەمەشای

دیکنــز بکــەی بــۆت دەردەکــەوێ کــە ئەگــەر چــی قارەمانــانی بەرهەمــەکانی بەرجەســتەییەکی تایبەتییان نییە، بەڵام لە چاو سکیچی چیرۆکەکانیا پایەیەکی گرنگتریان هەیە.

***- بەم بۆچوونە رازیت کە بڵێین ئەوەی لە چیرۆکەکانی تۆدا گرینگە هاماجە نەك قارەمانانی چیرۆك؟***

- رازیم. هاماج گرینگە. هەڵبەتە بابەتی "ئازایەتی" کە جێگەیەکی تایبەتی لەلای من هەیە، لەم رێسایە بەدەرە. رەنگە ئەم تایبەتمەندییە لەوەوە هەڵقوڵابێ کە من بۆ خۆم بنیادەمێکی ئازا نیم.

***- کەواتە لەبەر ئەمەیە کە چیرۆکەکانت پڕن لە چەقۆ، شمشێرو تفەنگ؟***

- دوور نییە، رەنگە وابێ. بەڕای خۆم دوو هۆ هەن بۆ ئەم هەموو چەقۆو شمشێرە: یەکەم لە رێگەی بابە گەورەمو خەڵکانی وەکو ئەوەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم هەموو شمشێرەدا پەیدا کردووە، بەمنداڵی چەقۆو شمشێرم بە دەستی ئەوانەوە دیتووە. دووەم من لە گەڕەکی (پالیرمو) کە شوێنێکی پیس و قەرەباڵغ بوو، بووم... خەڵکی ئەم گەڕەکە هەمیشە خۆیان لە خەڵکی گەڕەکەکانی دی بە زیاتر دەزانی - هەڵبەتە من نامەوێ بڵێم ئەمە راست بوو، بەڵکو تەنیا باوەڕی ئەوان دەگێڕمەوە- پێموانییە رەشیدییەکی تایبەتیان هەبووبێ، بە هەرحاڵ ئەگەر بە کەسێکت بگوتبا ترسنۆك، یان بەلای کەمەوە وات بە زەینا هاتبا کە کەسێکی ترسنۆکە، زۆری لەبەر گران دەبوو و نەیدەتوانی ئەم خوارییە قەبوڵ بکات. بابایەکم دەناسی کە لە باشووری شارەوە هاتبوو تا لەگەڵ چەقۆکێشێکی باکووری شاردا، کە لە چەقۆکێشیدا بەناوبانگ بوو، خۆی تاقی بکاتەوەو گیانی خۆی بکات بە قوربانی ئەم بڕیارەی خۆی. هیچ هۆیەك بۆ شەڕکردنی ئەمانە نەبوو: نە پێشتر یەکتریان دیتبوو، نە مەسەلەی پارەو پولیان لە نێواندا بوو، نە ژنێك هەبوو کە بیانکات بە گژ یەکتردا. یانی چ شتێك لە گۆڕێ نەبوو. پێموایە ئەم شتانە لە رۆژاوای ئەمریکاشدا بووە. تاقە جیاوازی ئەمەیە کە لە ئەرجەنتین لە جیاتی دەمانچە چەقۆیان بەکار دێنا.

***- بەکارهێنانی چەقۆ دابێکی کۆنی ریشەدارە؟***

- بەڵێ، دابێکی کۆنە. نیشانەی ئازایەتی و دلێریشە. چونکە تۆ دەتوانی تیرەندازێکی باش بی بەڵام پیاوێکی ئازا نەبی. بەڵام کە دەتەوێ بە چەقۆوە بچیتە شەڕی کەسێك و رێك بەرامبەری بوەستێ و چەقۆتان پێ بێ... بیرم دێ جارێ پیاوێکم بینی پیاوێکی تری بۆ شەرە چەقۆ بانگ دەکرد. پیاوی دووەم ترسا و نەهاتە مەیدان. بەڵام پێموایە ترسەکەی لەبەر ئەو فێڵ و کەڵەکە بوو کە پیاوی یەکەم کردبووی. رووداوەکە بەمجۆرە بوو: یەکێکیان پیاوێکی دنیادیدەو هەفتا ساڵان بوو. هەرکە ویستیان رووبەڕووی یەکدی ببنەوە ، پیرەمێردەکە بۆ چەند ساتێك مەعزەرەتی خواست و رۆیی. زۆری پێنەچوو کە بە دوو قەمەوە گەڕایەوە کە یەکێکیان بستێك لەوی تر درێژتر بوو. پیرەمێردەکە هەڵیدایێ و گوتی: "ئێستا یەکێك لەم دوو قەمەیە هەڵبژێرە". پیرەمێردەکە بەرواڵەت هەلومەرجێکی هێنابووە ئاراوە کە ئەگەر حەریفەکەی حەزدەکات با قەمە درێژەکە هەڵبژێرێ و لە هەڵوێستێکی باڵاترا بێ. هەڵبەتە ئەم کارەی دەشیا ئەو مانایەش بگەیەنێ کە ئەو هێندەی متمانە بە خۆ هەیە کە پێویستی بە هیچ شتێك نییە. ئەم کەڵەکەی

کابرای پیر، کاری خۆی کردو چەقۆکێشە گەنجەکە نەهاتە مەیدان و ڕۆیی. هەروەها بیرم دێت کە هەرزەکار بووم و لە هەمان گەڕەکی میللی و قەرەباڵغدا دەژیام، پیاوێکی ملهوڕ هەبوو زۆربەی کات قەمەیەکی کورتی پێبوو لێرەی خۆی دەبەست (ئاماژە بۆ بنهەنگڵی دەکات). گوایە دەیویست تەیارو ئامادە بێ و هەر کاتێ بیەوێ بە زوویی قەمەکەی دەربێنێ، هەڵبەتە وشەی ملهوڕ یان شەقاوەو چەقۆکێش یان ئاسن و پۆڵا ماناو باری سۆزداری تایبەتی نییە. هەڵبەتە ئێستا ئەو وشەو زاراوانە لە بیر چوونەتەوەو مایەی شەرمەزارین...

***– وەکو ئەو عەسابانەی کە لە پڕێکدا هەڵدەکێشنە دەمانچە؟***

– دەقاو دەق لەگەڵ ئەم جیاوازییەدا کە عەسابەکان دەمانچەکانیان لەلای چەپەوە دەبەستن بۆ ئەوەی هەر کاتێ بیانەوێ هەڵیکێشن بە ئاسانی بێتە دەرێ. جا ئێستا وشەی elvaiven لە بەرچاو بگرە. ئەگەر چی ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا هاوتای "دەڕوات و دێت"ـە، بەڵام لە زمانی شەقاوەگەریی کۆندا بە مانای چەقۆ بوو و هەمووان ئەم وشەیەیان بە چەقۆ بەکار دێنا. لە بەرانبەردا "elfierro" بارێکی سۆزداری ئەوتۆی نییەو سەرنج راکێش نییە. چونکە وشەیەك ئەگەر مانای ئاسن یان پۆڵا بدات جەزبەیەکی تایبەتی نییە لە کاتێکدا وشەی elvaiven حاڵەتێکی دیکەی هەیە. (سوزانا کوینتروس دووبارە دێتە ژوورەوە): ئاغای کمپبل هێشتا هەر چاوەڕوانی ئێوەیە).

– بەڵێ، بەڵێ، خۆمان دەزانین کمپبل-ەکان وا دێن!

***– دەمەوێ دەربارەی "جویس" و "ئیلیوت" پرسیارت لێبکەم. تۆ لە هەوەڵین خوێنەرانی جویس بوویتەو تەنانەت بەشێکت لە ڕۆمانی "یولیسیس"ش کردووە بە ئەسپانی، وایە؟.***

– بەڵێ، وایە. بەداخەوەم کە دوا لاپەڕەی وەرگێڕانەکەم هەڵە دەرچوو. بەڵام دەربارەی ئیلیوت: لە سەرەتای ئاشنا بوونم بە بەرهەمەکانی ئیلیوت رام وابوو کە رەخنەکانی لەچاو شیعرەکانیدا، زۆر باشترن. ئێستا پێموایە کە هەندێ لە شیعرەکانی بەڕاستی پرشنگدارن، بەڵام ئەوەی کە ئەوی بەرجەستە کردووەو دەریخستووە رەخنەکانییەتی. ئەگەر رەخنەگرانی گەورە وەربگری وەك (ئەمەرسون) یان (کولریج) و رەخنەکانیان بخوێنێتەوە هەستدەکەیت کە ئەو بەرهەمی نووسەرێکی خوێندۆتەوەو رەخنەکەی خۆی لە خودی بەرهەمەکەو خوێندنەوەکەی خۆیەوە هەڵهێنجاوە. بەڵام مەسەلەکە لەلای ئیلیوت شتێکی دییە یان بە جۆرێکی دییە، پیاو کە رەخنەکانی دەخوێنێتەوە وا هەست دەکات – بەلای کەمەوە هەستی من وایە کە ئەو (ئیلیوت) لە بری ئەوەی رای خۆی دەربارەی نووسەرێك دەربڕێ، بە زۆری رای ئەم و ئەو سەبارەت بەو بەرهەمە دەخاتە بەر رەخنەگرتن: لەگەڵ رای ئەم پرۆفیسۆرەدایەو تا رادەیەك لەگەڵ ئەویتر دایەو... هتد. واتە لە دوا ئەنجامدا رەخنەکانی ئیلیەت داهێنانێکی ئەوتۆیان تیدا نییە. ئیلیوت کەسێکی زانیارەو دەتوانێ داوەری لە نێوان بۆچوونە جیاوازەکاندا بکات و بەڕای من بە چاکی دەرەقەتی ئەم کارە دێت. جا ئێستا ئەوسەری مەسەلەکە وەربگرە: بۆ نموونە ئەو رەخنەیەی کە کولریج لەسەر شەکسپیری نووسیوە، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە دەربارەی کەسایەتی هەملێتە ئینسان بە خوێندنەوەی ئەم رەخنەیە هەستدەکات کە کولریج هەملێتێکی تازەی خوڵقاندووە.

هـەروەها ئـەو ڕەخنانـەی کـە ئەمرسـۆن دەربـارەی (مـونتنی)و نووسـەرانی دیکـەی نووسـیون لـە هـەمان ئاستدان. لـە ڕەخنـەکانی ئیلیوتـدا ئـەم چەشـنە داهێنـان و ئەفراندنـە بـەدی ناکرێت. پیـاو هەسـتدەکات ئیلیـوت تـەنیا دەربـارەی بابەتـە ڕەخنـەلێگیراوەکان کتـێبی زۆری خوێندوەتـەوەو بـەردەوام رای ئـەمی بـەدڵ نییـەو رای فلانـی بەدڵـە، خـۆ هەنـدێجار ڕای زۆر سـەرپێی و تونـدش دەردەبڕێ وا نییە؟

***– زۆری پێنا چێت کە لە قسەکەی خۆی ژێوان دەبێتەوە.***

– بەڵێ، بەڵێ، پاشـان لـە قسـەکەی خـۆی پەشـیمان دەبێتـەوە. هەڵبەتـە زۆربـەی ئـەو قسـانەی کـە ناچار بوو لێیـان ژێـوان ببێتـەوە، بۆچوونەکانی سـەردەمی لاویـی خـۆی بـوون. ئـەو شـتانەی کـە ئەمڕۆ پێیان دەڵێن (جەوانی سـۆزەوەری عاسـی). هەڵبەتـە دەبـێ ئـەوەش بگـوترێ کـە ئیلیـوت لـە ئاخرو ئۆخری تەمەنیدا ڕای خۆی گـۆڕی و خـۆی بـە پـەیڕەوکاری قوتابخانـەی کلاسـیزم دەزانـی و ئاساییە کە بگاتە ئەم ئەنجامەی کە دەبـێ سـەبارەت بـە شـاعیرانی دیکـەی هـاو قوتابخانـەی خـۆی ڕێزو حورمەتی هـەبێ. پێمـوایە هـەر ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە پەشـیمان ببێتـەوە لـەوەی کـە پێشتر دەربارەی میلتون و تەنانەت هـەموو ئـەو شـتانەی کـە دژی شەکسـپیری نووسـی بـوو. ئاخر وێڕای هەموو شتێك ئیلیوت وای بیر دەکردەوە کـە لەوانەیـە لەگـەڵ شـاعیرانی وەکـو میلتـون یـان شەکسپیردا جیاوازی و ناکۆکی هەبێ، لێ هەموویان پەیڕەوکاری یەك قوتابخانەی شیعرین.

***– بەرهەمی ئیلیوت، شیعرەکانی، کاریان لە بەرهەمەکانت کردووە؟***

– نه ء ، پێموانییە کاریگەرییان هەبووبێ.

***– من هەنـدێ لێکچوون لـە نێوان قەسیدەی (وێرانـە خـاك)و چیرۆکی (زوال ناپزیر– هـەرمان) دەبینم.***

– ڕەنگە هەندێ لێکچوونان هەبێ، بەڵام ئەمە کـاری ڕێکەوتـەو بـە شـێوەیەکی نـا ئاگایانـەو تـەواو نائاگایانە دروستبووە، چوونکە ئیلیوت لەو شاعیرانەیە کە من بە دڵم نین. من (ییتـز) زۆر لـەو بـە گـەورەتر دەزانم. بەڕاسـتی، ئەگـەر ئـەم بۆچـوونەی مـن بـەلای تـۆوە لەنگییـەکی تێـدا نـەبێ (فرۆسـت)ش بـە شـاعیرێکی باشـتر لـە ئیلیـوت دەزانم. جا لەلایـەکی تـرەوە پێمـوایە ئیلیـوت بـە بەراورد لەگەڵ هەردوو شاعیری ناوبراودا کەسێکی زانیارترو هوشیار تر بووە، و بـە هـەرحاڵ خـۆ شیعریش کارێکی زۆری بە زانستەوە نییە. شیعر ماکی لە شتێکدایە کـە لـە زانسـت قووڵترە، لـەو دیـوی زانسـتەوەیە لەوەیـە زۆریـش پەیوەنـدی بـە مەعریفەتـەوە نـەبێ، شـیعر وتەیـەك یـان زاراوەیەکی تایبەتە بەخودی خۆیەوەو، سروشتی تایبەتی خۆی هەیە. شتێکە پێناسـە ناپـەزێر، لە دەرێی پێناسەدایە. بیرم دێت ، هەڵبەتە ئەو دەمە هـەرزەکار بووم، کاتێ ئیلیـوت بـە سـووکی دەربـارەی (کـارل سـاند بـورگ 1878– 1967) قسـەی کـرد زۆر تـوڕە بووم. بیرم دێ کـە ئیلیـوت گوتی قوتابخانەی کلاسیك باشە چونکە مرۆڤ وا لێدەکات پەیوەندەی لەگەڵ کەسانی وەکو ئاغای ساند بورگدا پەیدا بکات و لێی تێبگات – هەڵبەتە ئەمە دەقی گوتەکەی ئەو نییە، بەڵام نـاوەڕۆکی گوتەکـەی وەهـا بـوو– کـاتێ کەسـێك شـاعیرێك بـە (ئاغـا) نـاو دەبـات (پێکـەنین) بـە غـروورو لووتبەرزییەوە بە سووکی باسی دەکات. بە ژنەوتنی ئەم ڕستەیە مرۆڤ یەکسـەر هەستدەکات کە

ئەم پیاوە دەیەوێ بڵێ ئاغای فلانی بە خۆڕایی خۆی ڕەپێش خستووەو خۆی بەگەڵ شاعیراندا داوەو چ شوێنێکی لە جیهانی شیعردا نییەو بەو دنیایە غەریبو نامۆیە. لە زمانی ئەسپانیاییدا باری سۆزداری مەسەلەکە زۆر توندترە. چونکە کاتێ دەمانەوێ بە تەوسەوە باسی شاعیرێك بکەین دەڵێین: (دکتۆر فلانی). ئەم نازناوە تەواو ونی دەکاتو نەنگییە بۆ ئەو.

***- کەواتە بەم پێیە تۆ حەز لە ساندبورگ دەکەی؟***

- بەڵێ، حەزی لێدەکەم، هەڵبەتە پێموایە کە (ویتمن) زۆر لە ساند بورگ گرنگترە. دیارە ئەمەش هەیە کە کاتێ مرۆڤ شیعری (ویتمن) دەخوێنێتەوە ئەدیبێکی دێتە بەرچاو، هەڵبەتە ئەدیبێك کە ڕەنگە توانایەکی ئەوتۆی بەسەر ئەدەبیاتدا نەبێ، کە خەریکە زۆر لە خۆی دەکات بە زمانی عامیانە شیعر بڵێو شیعرەکانی پڕن لە زاراوەی عامیانە. لە شیعری ساند بورگدا زمانو زاراوەی عەوامی خەڵك بە شێوەیەکی ئاساییو خۆ بە خۆ بەکاربراوە، هەڵبەتە لە دنیای شیعردا ئێمە سەرو سەختمان لەگەڵ دوو (ساند بورگ) دایە: یەکێکیان ساند بورگێك کە زمانێکی زبرو درشتی هەیەو ئەویتریان ساند بورگێکە کە زمانی ناسكو ڕۆمانتیکیە، بەتایبەتی کاتێ کە دەیەوێ ئاسۆیەکی سروشتی وەسفبکات. کە دێتە سەر وەسفی دیمەنێك، بۆ نموونە دیمەنێکی تەمومژ، تابلۆو نیگارانی چینی وەبیر دێنێتەوە. لە بەرانبەر ئەم شیعرە ناسکانەدا، دەستەی یەکەمی شیعرەکانی دەوەستنەوە، شیعرگەلێك کە پڕن لە عەسابەو شەقاوەو زۆرداران و ئەو جۆرە بنیادەمانە. بە باوەڕی من ساندبورگ دەرەقەتی هەردوو جۆرە شیعرەکە هاتووە و بە ڕاستگۆییو دڵسۆزی بەیانی کردوون، مەبەستم ئەو دەورو زەمانەیە کە هەرچییەکی لە توانادا بوو بەکاری دێنا تا ببێ بە شاعیری شیکاگۆ و هەردوو دەستە شیعرەکەی پێکەوە دەجەڕیاند ئەوەی کە لە ساندبورگ دا بینیمو پێم غەریب بوو ئەمە بوو کە لە حاڵێکا شیعری ویتمن - هەڵبەتە کە بە باوکی ساند بورگ دێتە ژماردن تەژی ئومێدە، شیعری ساندبورگ هەستێك لای مرۆڤ دەخوڵقێنێ کە مرۆڤ تەنیا 2-3 سەدەی ئایندە ئەو شتانە دەبینێ کە ئەو خەریکە شیعریان دەربارە دەڵێتو یان زەمانێ دەربارەی لەشکریانی ڕەوانەکراوی ئەمریکایی، ئیمپراتۆری، جەنگو ئەو شتانە، شت دەنووسێت بە جۆرێ دەشیعرێنێ وەکو ئەوەی ئەمانە مردبنو لە لاپەڕەی ڕۆژگاردا سڕابنەوە.

***- لە شیعرەکانی ساندبورگدا خەیاڵ ڕەگەزێکی بنەڕەتییەو ئەمە هۆیەکە کە من باسەکە بەلای ئەم بابەتەدا دابکێشمو ڕاتان لەو بارەیەوە بپرسم. لە بەرهەمەکانتدا زۆر سوودت لەم وشەیە وەرگرتووەو لە بیرمە، بۆ نموونە، تۆ (ڤیلا سەوزەکان)ت لە ڕۆمانێکدا بە خەیاڵی زانیوە.***

- ئێ، وایە.

***- کەواتە دەبێ بپرسم کە پێناسەی تۆ بۆ (خەیاڵی) چیە؟***

- نازانم، تۆ بە خۆت دەتوانی پێناسەی بکەیت؟ بەڕای من پێناسەیەکی گشتی نییەو ئەمە بەندە بەگۆشەنیگای نووسەرەوە. ئەمە باسێکی کونرادم وەبیر دێنێتەوە. کونراد یەکێکە لەو نووسەرانەی بە دڵی منە. پێموایە ئەم باسە لە پێشەکی کتێبێکی دایە بە ناوی (هێڵی ڕەش)...

***- (هێڵی خەیاڵی)؟***

– بەڵێ، هێڵی خەیاڵی. لەو پێشەکییەدا گوتوویەتی کە هەندێ وا تەسەوردەکەن کە ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی خەیاڵییە ،چونکە روحی کەشتیوانەکە بووەتە باعیسی وەستانی کەشتییەکەی. کونراد لەسەری رۆییوە، ئەم رستەیەی بە شێوەیەکی سەیر کاری تێکردووم، چونکە من خۆم چیرۆکی خەیاڵی دەنووسم کە ئەگەر نووسەرێك بە ئانقەست شێوازی خەیاڵی بۆ چیرۆکەکانی هەڵبژارد بەو مانایە نییە کە هەموو جیهان بە خەیاڵ ئەنگێزو رەمزدارو نهێنی ئامێز دەبینێ. هەڵبەتە ئەم قسەیە ناکاتە ئەوەی کە هیچکەس ناتوانێ دابنیشێتو بە ئانقەست چیرۆکی خەیاڵی بنووسێت، تەنانەت گەر بشیەوێ بە شێوازی ڕیالیستی بینووسێت، هەر خەیاڵی دەردەچێت، چونکە جیهان بۆ خۆی خەیاڵ ئەنگێزو قووڵو مەنگو رەمزدارو نهێنی ئامێزە.

***– تۆ لەگەڵ بۆچوونەکەی کونرادی؟***

– بەڵێ، بۆم دەرکەوتووە کە بۆچوونەکەی دروستبووە. لەم بارەیەوە لەگەڵ بیوئی کارسارسن دا قسەم کرد ئەویش چیرۆکی خەیاڵی دەنووسێت، جا چیرۆکی زۆر زۆر چاك، گوتی: (پێموایە هەق بە کونراد بێ، بەڕاستی کەس نازانێ ئایا ئەم جیهانە خەیاڵییە یان واقیعی. کەس نازانێ ئەم جیهانە رەوتێکی ئاسایی هەیە یان لە خەونێك زیاتر نییە. خەونێك کە مرۆڤ لەوەیە خەڵکانی دی تیا بە شەریك بزانێ یان نەزانێ.)

***– تۆ زۆرجار لەگەڵ بیوئی کارسارس دا هاوکاریت کردووە، وانییە؟***

– بەڵێ، من زۆرجار هاوکاریم کردووە. هەموو شەوێك لە ماڵی ئەو شیوم دەخوارد، پاش شیو خواردن مژولی نووسین دەبووین.

***– دەکرێ پێمان بڵێی چۆن بە هاوکاری یەکتر شتتان دەنووسی؟***

– ئێ، کارەکەمان هەندێ سەیر دێتە بەرچاو، کە پێکەوە شتێك دەنووسین بەرهەمەکان بە ناوی نووسەرێکی خەیاڵی ئا. چ. بوستوس دومك بڵاو دەکەینەوە، بوستوس ناوی یەکێك بووە لە باپیرەکانی منو دومك ناوی یەکێك بووە لە باپیرەکانی بیوئی. سەیر ئەمەیە کە پێکەوە شت دەنووسین، زیاتر شتێن تەنزئامێز دەنووسین . تەنانەت ئەگەر چیرۆکەکانمان تراجیدیش بن هەر بە شێوەی تەنز باسی دەکەین و ئەگەر لە ونزیش سوود نەبینین بە جۆرێ چیرۆکەکە شەرح دەکەین وەك بڵێی خودی گێڕەوەی چیرۆکەکەش بە زەحمەت بزانێ کە باسی چیدەکات. کاتێ پێکەوە دەنووسین تەمەشای ئەنجامی کارەکەمان دەکەین، ئەگەر سەرکەوتوو بووین. هەندێ جاریش سەرکەوتووین، جا بۆنە؟ لەمە بە دواوە من باسی خۆم ناکەم، بەڵکو باسی هەردووکمان دەکەم، وانا؟ ئەنجامی کارەکانمان شتێکی تەواو جیاوازە لە نووسینەکانی بیوئی کاسارس یان لە بەرهەمەکانی من. تەنانەت نوکتەکانیش جیاوازن لە نوکتە ئاساییەکانی هەردووکمان. بۆیە کارە هاوبەشەکانمان کەسێکی سێیەمی خوڵقاندووە کە تەواو جیاوازە لە هەردووکمان.

***– نووسەرێکی خەیاڵییە؟***

– بەڵێ نووسەرێکی خەیاڵییە کە سەلیقەی تایبەتی خۆیو شێوەی نووسینی تایبەت بە خۆی هەیە. شێوە نووسینێك کە هەمیشە ماکێکی پێکەنیناوی بە نووسینەکانی دەدات. تەنانەت ئەگەر من بمەوێ کەسایەتییەکی پێکەنیناوی بخوڵقێنم کارەکەم لە کاری ئەو جیاواز دەبێ. شێوازەکەی

تایبەتە بە خۆیەوە. بەڕای من ئەمە تاقە ڕێگەی کاری هاوبەشی نووسەرایەتییە لە نێوان دوو کەسدا. جا ڕەوتی کارکردنی هاوبەش لە نێوان ئێمەدا بەم جۆرەیە: بەر لەوەی دەست بدەینە قەڵەم یان قەڵەم بخەینە سەر کاغەز، بابەتی چیرۆکەکە پێکەوە باس دەکەین جا لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ تایپ بکەم چونکە ئەو هەیەتی، پێکەوە باسی چوارچێوەی گشتی چیرۆکەکە دەکەین، ئەوجا دێینە سەر وردەکارییەکان، دەیانگۆڕین، هەڵبەتە خاڵی دەستپێکی چیرۆکەکە دیاری دەکەین، پاشان ئەوەمان بە بیردا دێ کە لەوەیە سەرەتاو دەستپێکەکە ببێ بە کۆتایی چیرۆکەکە، یان ئەگەر فلان قارەمان لە سەرانسەری چیرۆکەکەدا هیچ نەڵێ و هەر بێدەنگ بێ ڕەنگە باشترو سەرنجراکێش تر بێ یان ئەگەر قسەی زۆر بێ سەرو بەر بکات باشتر بێ. کە چیرۆکەکە تەواو ببێ، ئەگەر کەسێك لێمان بپرسێت فلان سیفەت یان ئەو ڕستە تایبەتییە کاممان گوتوویەتی خۆشمان نازانین.

***– ئەو ڕستەیەی کەسی سێیەم گوتوویەتی؟***

– بەڵێ، بەڕای من ئەمە تاقە ڕێگەی کاری هاوبەشی نووسینە لە نێوان نووسەراندا، چونکە من هەمان ئەزموونم لەگەڵ خەڵکانی دیکەشدا هەیە. هەندێجار کاری باش بەرهەم دێ و هەندێ جاریش پیاو هەست دەکات کە لە کارەکەیدا جۆرە هەڤرکییەك هەیە. یان ئەگەر ئەم جۆرە هەستەش لەلای مرۆڤ پەیدا نەبێ ئەوا گرفتێکی دیکەت بۆ دروست دەبێ، عەینی مەسەلەی هاوکارییەکەی من لەگەڵ (ڕوبیرتۆ پیرۆ)دا. جارێکیان کارێکی هاوبەشمان دەست پێکرد، بەڵام ئەو بنیادەمێکی شەرمن و زۆر خاکی بوو. لە خەڵکە زۆر بە ئەدەبەکان بوو. ئەگەر شتێکی بگوتبووایەو تۆ لەگەڵیدا نەبووایەی ناڕەحەت دەبوو و لە قسەکەی خۆی ژێوان دەبووەوەو دەیگوت: (ئم. هەڵبەتە، هەڵبەتە، بەڵێ. من تەواو هەڵە بووم. هەڵەیەکی گەورە بوو) یان ئەگەر پێشنیازێکت دەربارەی بابەتێك بکردبا هەڵیدەدایی و دەیگوت: (ئم. کە پێشنیازێکی باشە!) بە کورتییەکەی کاری هاوبەش بەو جۆرە ناکرێ. بەڵام کاتێ کە من و کاسارس پێکەوە کارمان دەکرد ، مەسەلەکە بە جۆرێکی دیکە بوو. هەستمان بە ڕکابەری نەدەکرد، ئەو هەستەی کە دوو شەترنجباز لە بەرانبەر یەکدی هەیانە. لە نێوان ئێمەدا هەستی بردنەوەو دۆڕان نەبوو. تاقە شتێك کە بیرمان لێدەکردەوە خودی چیرۆکەکە بوو و بەس.

***– بەداخەوەم، من ئەو نووسەری دووەمەی کە تۆ ناوت برد نا ناسم.***

– پیرو، بە لاسیایی کردنەوەی (چیسترتون 1874– 1926) دەستی بە چیرۆکنووسین کرد. چیرۆکی پۆلیسی دەنووسی. چیرۆکەکانی خراپ نەبوون. تەنانەت دەگەیینە ئاستی کارەکانی خودی چیسترتونش. بەڵام ئێستا ڕێچکەیەکی لە ڕۆماننوسیندا هێناوەتە ئاراوە کە مەبەستی ئەمەیە، ئەوە نیشان بدات ئەم مەملەکەتە لە زەمانی پرون دا چۆن بووەو چۆن لە دوای ڕوخانی ئەو هەموو شتێك ڕووەو هەڵکشان چووە. من زۆر دەربەستی ئەو بابەتە نووسینانە نیم. بەڕای من ڕۆمانەکانی باشن، بەڵام تەنیا لە ڕووی مێژوویی و ڕۆژنامەوانییەوە مایەی سەرنج و بایەخدارن. ئەو دەمانەی کە تازە هەوەڵی کاری بوو و لاسایی چیسترتونی دەکردەوە توانی چیرۆکی باش بنووسێت. تەنانەت یەکێك لەو چیرۆکانەی منی خستە گریان. ڕەنگە لەبەر ئەوە

گریاندبێتمی چونکە روداوێن چیرۆکەکە لەو گەڕەکەدا بوون کە من تەمەنی منداڵی خۆمم تیا گوزەراند، واتە گەرەکی پالیرمۆ. چیرۆکەکەی دەربارەی شەقاوەو چەقۆکێشانی زەمانی منداڵی من بوو. ناوی کتێبەکەی (تاریکی دووبارە دەبێتەوە) بوو. لەم کۆمەڵە چیرۆکەدا، چیرۆکانی زۆر، زۆر چاك دەربارەی شەقاوەو رێگران هەبوو. ئەم مەسەلانە هی چ زەمانێکە؟ بەڵێ، هی دەوروبەری سەرەتای سەدەی بیستەمە. ئێستا رەوتێکی جیاوازی وەرگرتووە. دەیەوێ ئەوە نیشان بدات کە ئەم مەملەکەتە لە زەمانی پرون‌و پاش ئەو زەمانە چ وەزع‌و حاڵێکی هەبووە.

***– رۆمانەکانی، کەم تا زۆر، شەقڵی ناوچەییان پێوەیە؟***

– بەڵێ، شەقڵی ناوچەیی‌و سیاسەتی خۆماڵی هەیە. هەر بۆیەش قارەمانانی چیرۆکەکانی ئەوەندە رمووەدەی دزی، تالاّن کردن، و پارەکێشانەوەن، وەکو چۆن من کەمتر پەیوەندیم بەم بابەتانەوە هەیە. رەنگە تەخسیرەکە لە منەوە بێ نەك لەوەوە. بە هەرحاڵ من کارە هەوەڵینەکانیم پێ باشە. سەرباری ئەمەش من هەمیشە ئەوم بە نووسەرێکی گەورە زانیوە، نووسەرێکی گرینگ. هەروەها بە یەکێك لە دۆستانی کۆنی خۆمم زانیوە.

***– تۆ گوتووتە کە لە سەرەتادا، لە نووسینەکانی سەرەتاتدا، بۆ دەربڕینی چیرۆکەکانت سوودت لە رێبازی (دەربڕینی ئاشکرا) وەرگرتووەو پاشان گەیشتوویتە زمانی کینایی.***

– بەڵێ، وایە.

***– مەبەستت لە کینایە چییە؟***

– تۆ تەمەشا، مەبەستم ئەمە بووە: کاتێ تازە دەستم دابووەو کاری نووسین پێموابوو کە نووسەر دەبێ بۆ هەر شتێك پێناسەیەکی هەبێ‌و روونی بکاتەوە. بۆ نموونە قەدەغەیە نووسەرێك تەنیا بڵێ (مانگ). دەبێ سفەتێ، ناوێ، شتێکی لەگەڵدا بەکار بێنێ، (هەڵبەتە مەسەلەکە سەدی سەدیش بەم شێوەیە نەبوو کە من دەیڵێم. چونکە گەلەك جاران لە چیرۆك‌و شیعرەکانمدا زۆر ئاسایی گوتوومە (مانگ). لێ بە هەرحاڵ لەو سەرووبەندەدا رێبازی گشتی کارم ئەمە بوو کە راستەوخۆ و بە راشکاوی شت نەنووسم). بە هەرحاڵ باسی ئەوەم دەکرد کە لە سەرەتای کارکردنمدا وام بیردەکردەوە کە دەبێ بۆ هەرشتێك پێناسەیەك بە دەستەوە بدەم‌و نابێ هیچ کاتێ ڕستەیەکی ئاسایی‌و راستەو راست لە چیرۆکەکانمدا بە کاربێنم. بۆ نموونە هیچ کاتێ رستەیەکی لەم بابەتەم لە چیرۆکەکانمدا بەکار نەدەهێنا: (فلان کەس هات‌و دانیشت) وامدەزانی نابێ رستەی لەو بابەتە بەکار بهێنرێ، چونکە هەم زۆر سادەو ئاساییەو هەم زۆر رەحەتفامە. وامدەزانی کە دەبێ هەمان رستە زۆر بە ئالۆزی دەربڕم. بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتووە کە ئەم رەوت‌و رێچکەو شێوازە دەبێتە مایە ئازاری خوێنەرو بەس. هۆی بنەڕەتی ئەم ئالۆزنووسییە لەوێوە سەرهەڵدەدا کە کاتێ مرۆڤ نووسەرێکی منالکاری تازە کوورەیە تا رادەیەك هەست دەکات کە ئەوەی لە زەینی دایەو دەیەوێت دەری بڕێ زۆر گەوجانەو ئاسایی‌و روونەو لە ئەنجامدا حەز دەکات رستە ئاساییەکان لە ژێر ئارایشێن عەجیب‌و غەریبدا (وەشێرێ) بەردەوام رستەی نووسەرانی سەدەی هەڤدە دێنێتەوە. ئەگەر ئەم کارە نەکات، و بۆ وێنە حەز بکات خۆی بە نوێئاوەرو نوێخوانز نیشان بدات، بەردەوام وشەێن مودرین لە خۆیەوە دروست دەکات: هەندێ

وشەیەلی کە بەشێوەیەك جۆرە پەیوەندییەکی بەفڕۆکە، قیتار، یان تەلەگراف و تەلەفۆنەوە هەبێ. چونکە هەر شتێکی لە دەست بێ دەیکات تەنیا بۆ ئەوەی خۆی بە نوێخواز نیشان بدات. کە بنیادەم هەندێ پێ بنێتە ناو ساڵەوە بەرە بەرە مەسەلەکەی لەلا دەگۆڕێ. ئیدی هەستدەکات دەبێ بیروباوەڕەکانی، چاك بن یان خراپ، بە ئاسانترین شێوە دەربڕێ. چونکە ئەگەر مرۆڤ قسەیەکی پێ بێ و بیەوێ بە خوێنەری بگەیەنێ دەبێ هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە تەرخان بکات کە ئەو قسەیە، ئەو هەستە یان ئەو حاڵ و هاماجەی مەبەستێتی بە باشترین شێوە بگەیەنێتە خوێنەر، ئەگەر نووسەر بیەوێ لە جیاتی هەر شتێك لە پڕێکدا خۆی بکات بە (سیرتوماس براون) یان (عەزرا پاوەند). ئەوا ئاشکرایە کە شتی وا نابێ، لەبەر ئەمە بەڕای من نووسەران لە سەرەتای کاریاندا زۆر ئاڵۆز دەنووسن: دەیەوێ لە یەك کاتدا چەند رۆڵێك بدینێ: هەم حەز دەکات گەیەنەری حاڵ و فەزایەکی تایبەتی بێ، و هەم دەبێ لە زەمانی خۆی دوا نەکەوێ. ئاخر ئەگەر لە زەمان دوا بکەوێ و نوێخواز نەبێ ئەوا نووسەرێکی کۆنەپەرست و کلاسیکە، ئێ، ئێستا با بزانین پەیوەندی نووسەری لاو لەگەڵ وشەدا چۆنە. یەکەم شتێك کە نووسەری تازەکار، بەلای کەمەوە لەم وڵاتەدا، دەبێ نیشانی بدات ئەمەیە کە کابرا خودانی فەرهەنگێکی زمانەوانی دەوڵەمەندە و هەموو وشەکان و هاو واتاکانیان دەزانێ. لە ئەنجامدا وا دەکەوێتەوە کە ئێمە لە یەك دێڕی نووسینەکەیدا یەکەم جار رووبەڕووی وشەی (red) سوور پاش ئەو وشەی (Scarlet) سوور دەبینەوە و چەند وشەیەك لەولاترەوە تووشی وشەیەك دەبین کە کەم و زۆر هەمان مانای دوو وشەکەی پێشووتر دەگەیەنێ (purple) ئەرخەوانی.

***– کەواتە بەم حیسابە بێ، هەمیشە عەودالی ئەمە بوویت کە بە پەخشانیکی سادەو ناسك و پاك و ڕەوان بنووسیت؟***

– بەڵێ، هێشتاش هەموو هەوڵ و کۆششێکی خۆم لەم پێناوەدا بەکار دێنم، هەرکاتێ کە لە نووسینەکانمدا تووشی وشەیەکی تەرککراو دەبم، وشەیەك کە لەوەیە کلاسیکەکانی زمانی ئەسپانیایی بەکاریان بردبێ و ئێستا دەوری نەمابێ، یان وشەیەکی ناباو کە لە ئاغەڵ و شکەفتەکانی بوینس ئایرس بەکار هاتبێ، خێرا خەتی پێدا دێنم و لە بری ئەوە وشەیەکی ئاسایی دادەنێم. ئەستیونسون گوتویەتی نووسینێك باشە کە هەموو وشەکانی یەکدەست بێنە بەرچاو و هیچ وشەیەکی تیا نەبێ کە لە زەوق بدات. ئەگەر لە نووسینتدا وشەیەکی نا هەموار، و کۆن بەکار ببەی ئەم یاسایەت پێشێلکردووە. و لەمەش خراپتر ئەوەیە کە دەبیتە مایەی ئەوەی هەموو حەواسی خوێنەر ئاڕاستەی ئەو وشە نا باوە ببێ. خوێنەر دەبێ بتوانێ زۆر بە ئاسانی دەقێك بخوێنێتەوە ئەگەر ئەو دەقە دەربارەی میتافیزیك یان فەلسەفەش بێ.

***– دکتۆر (جانسون)ش شتێکی لەو بابەتەی گوتووە.***

– بەڵێ، دەبێ شتی وای گوتبێ. بە هەرحاڵ دەبێ بەم گوتەیە قاییل بێ، تۆ تەماشا، ئینگلیزییەکەی خۆیشی زۆر ئاڵۆز و ناڕەحەتە. پیاو کە بەرهەمەکانی دەخوێنێتەوە یەکسەر ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە ئینگلیزییەکی ئاڵۆز و ناباوی هەیە. ئاڵۆزییەکەی لەوەدایە کە ئەو هەموو وشە لاتینییە لە نووسینەکانیدا بەکار دێنێ، بەڵام ئەگەر مرۆڤ چەند جارێك نووسینەکانی

بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە لە پشت ئەو ڕستە داخراوانەوە، هەمیشە مانایەك پەنهانە، چەمکێك کە بە گشتی..

***– چەمکێك کە تایبەت بە خودی ئەوە؟***

– بەڵێ، قسەکانی تایبەت بە خودی خۆین، بۆیە هەرچەندە بە شێوازی لاتینی شتی دەنووسی، بەڕای من لە نووسەرە ئینگلیزی نووسەکانی دیکە باڵاترە. بەڕای من... هەڵبەتە دەزانم کە ئەم قسەیەی دەمەوێ بیڵێم کوفر ئامێزە، بەڵام کە قاڤ کوفر گوتن هات بۆچی بنیادەم نەیڵێ؟... بەڕای من جانسون نووسەرێکی زۆر ئینگلیزی نووستر بووە لە شەکسپیر. ئاخر یەکێك لە تایبەتمەندیو خەسڵەتەکانی ئینگلیزان ئەوەیە کە هەموو شتێك بەلای کەمەوە دەگرن. دەربارەی شەکسپیر ئەم خەسڵەتە ڕاست نییە. بە پێچەوانەوە ئەو زیاد لە پێویست سکاڵا لە دەستی ڕەخنەکان دەکاتو بە شێوەیەکی موبالەغە ئامێز گەورەیان دەکاتەوەو دەیاننوێنێ. پێم وایە ئەمریکاییەکانیش قسەیەکی وەهایان دەربارە کردووە. بەڕای من جانسون کە لە نووسینەکانیدا بەردەوام وشەی لاتینی بەکاردێنێو (وردس ورس ) کە زیاتر وشەی ساکسونی لە رستەکانیدا بەکاردێنێو نووسەرێکی دیکە کە ناویم نایەتەوە یاد، با وای دابنەین کیپلینگە، لە شەکسپیر ئینگلیزتر بوون. نازانم بۆچی هەمیشە وا هەستدەکەم شەکسپیر ئیتاڵیایی بووە. تەنانەت هەندێجار وا بیردەکەمەوە جولەکەیە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بێ کە ئینگلیزەکان ئەوەندە ڕێزی شەکسپیر دەگرن. چونکە لە خۆیان جیاوازە.

***– بۆچی فەرەنسەییەکان ئەوەندە رقیان لێیەتی؟ ڕەنگە لەبەر ئەمە بێ کە تا ئەم ئەندازەیە دڵنیایە؟***

– بەڵێ، شاعیرێکی زۆر بە تەنتەنەو سەنسەنە بوو. بەمەدا (فیلمێکم) بیردێتەوە کە چەند رۆژێك لەمەوبەر بینیم. فیلمێکی زۆر باش نەبوو فیلمی (دارلینگ)، لەم فیلمەدا چەند شیعرێکی شەکسپیر بەکار هاتبوو. هەڵبەتە کاتێ لە فیلمەکەدا ئەم شیعرانەیان دەخوێندەوە زۆر بەلەزەت تر بوون لەوەی کە پیاو خۆی بیانخوێنێتەوە. قارەمانی فیلمەکە دەیویست وەسفێك بۆ خاکی ئینگلستان بدۆزێتەوە. بۆ نموونە یەکێك لە وەسفەکانی ئەم ڕستەیەی شەکسپیر بوو: (ئەم عەدنە ئیدی نیمچە فیردەوس... ئەم دوڕە گرانبەهایە کە لە نێو دەریایەکی زیودا هەڵژاوە)و گەلێك وەسفی دیکەی لەو بابەتەو لە کۆتاییدا وەسفەکانی بە ڕستەیەکی تەقریبەن وەکو ئەمە تەواو دەکات: (ئەم قەڵەمڕەوە، ئەم ئینگلیستانە). کە قسەکەی شەکسپیر تەواو دەبێ ئیدی زەین ناچێتە پێشترو دەوەستێ. بەڵام کاتێ مرۆڤ شیعری خودی شەکسپیر دەخوێنێتەوە مەسەلەکە شتێکی دییەو خۆبەخۆ بەدوی شیعرەکەدا دەڕواتو هەموو چەمکی ئەسڵی شیعرەکەش لە نێو دەچێتو گوم دەبێ. هەموو هەواڵێکی ئەم فیلمە بۆ ئەوەیە کە کەسێك وەسف بکات کە هەموو فیکرو زیکری لای ئینگلیستانەو دەیەوێ پێناسەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەم کەسە ئاشقی ئینگلیستانەو لە ئەنجامدا بۆی بەدیاردەکەوێت کە باشترین وەسفو پێناسە ئەمەیە کە تەنیا بڵێ: (ئینگلیستان). ڕێك وەکو ئەوەی تۆ بڵێی (ئەمریکا). ئەمەو بەس. لێ بە پێچەوانەی فیلمەکەوە، شەکسپیر ئینگلیستانی لە کۆتاییەوە نەهێناوە. شەکسپیر وا دەڵێت: (ئەم قەڵەمڕەوە،

ئەم سەر زەمینە، ئەم ئینگلیستانە).و ڕێك پاش وشەی ئینگلیستان درێژە بەرستەکەی دەدات: (ئەم نیمچە فیردەوسە)... هتد.. و بەم کارە چەمکی ئەسڵی شیعرەکەی شەکسپیر گوم دەبێ، چونکە ئینگلیستان کە مەبەستی بنەڕەتی شیعرەکەیە، دەبێ لە کۆتاییدا بێ نەك لە ناوەڕاستەوە.

بەڕای من شەکسپیر بە زۆری پەلەی دەکرد، وەکو چۆن خۆیشی ئەم بابەتەی بە ((بن جانسون) گوتووە. ئاخر مرۆڤ لە ناو ئەم هەموو ڕستەیەدا گوم دەبێ و ناتوانێ لەوە حاڵی ببێ کە بنەڕەتی ترین وشەی ئەم شیعرە وشەی ئینگلیستانە. ئەم وشەیە لە ناو ئەوانی دیدا گوم بووە. دەڵێی شەکسپیر دەیەوێ بڵێ: (من لە هەوڵی ئەوەدا بووم لە نەشیاو، شیاو دروست بکەم). وشەکسپیر بەم کارە شیعرەکەی زایە دەکات. لێ ئەو هەقی بەسەر ئەم کارانەوە نەبوو. ئەو خەریکی ڕەمزو شیعری ئاهەنگداری خۆی بوو و بەس، چونکە شاعیرێکی بە تەنتەنە بوو و تەنانەت لە ڕستەیەکی مەنشوری دوا وشەی هەملێتدا: (باقی بێدەنگییە) ئەم حاڵەتە دەستکرد دێتە بەرچاو. شەکسپیر دەیویست کەسێك بەم ڕستەیە کاریگەری بخاتە سەر خوێنەر. بەڵام من ئەمە بە دەستکرد دەزانم و پێموانییە کەسێك ڕستەیەکی واهی بەکاربێنێ.

****- لە شانۆنامەی هاملێتدا من زیاتر حەزم لەو بەشەیە کە دیمەنی پاڕانەوەی کلادیوس کۆتایی دێت و هاملێت دەچێتە نووستنگەکەی دایکی و دەڵێت: (ئێ دایکە، ئیدی چ باسە؟).***

- بەڵێ، (ئیدی چ باسە)؟ هەڤدژی (باقی یەکەی بێدەنگییە). بەلای کەمەوە بۆ من ڕستەی (باقی بێدەنگییە) پوچ و دەستکرد دێتە بەرچاو. مرۆڤ وا هەستدەکات کە شەکسپیر خەریکە بە خۆی دەڵێت: (ئێ، هاملێت، شازادەی دانیمارك خەریکە دەمرێت دەبێ ڕستەیەکی دڵڕفێن بڵێی).و ئەمەیە کە ڕستەی (باقی یەکەی بێدەنگییە) لە دەقەکەدا.. لەوەیە ڕستەکەی هاملێت جوان یان دڵڕفێن بێ، بەڵام ناحەقیقییە! شەکسپیر لە دنیای خۆیدا بووە نەك لە خەمی خوڵقاندنی هاملێتێکی واقیعی و دیاردا، هاملێتێك کە شازادەو جێنشینی دانیمارکە.

****- کاتێ دەنووسیت، ئەگەر بیر لە خوێنەرێکی تایبەتی بکەیەوە، کام خوێنەرە لە زەینتدا بەرجەستە دەبێ؟ خوێنەری ئایدیالی تۆ کێیە؟***

- لەوەیە بیر لە چەند هاوڕێیەکی نزیکی خۆم بکەمەوە. هەڵبەتە قەت بیر لە خۆم ناکەمەوە، چونکە ئەوەی دەینووسم هەرگیز دووبارە نایخوێنمەوە. هێندە لەوەی کە نووسیوومە دەترسم، ئیدی دەبێ بڵێم شەرمەزاری لە کوێی.

****- بە تەما هەی هەموو ئەو کەسانەی کە بەرهەمەکانت دەخوێننەوە پەی بەو کینایەو هێمایانە بەرن کە بەکاریان دێنی؟***

- نە، زۆربەی ئەو کینایەو ئاماژانە حوکمی نوکتەیەکی تایبەتیان هەیە.

****- نوکتەی تایبەتی؟***

- نوکتەیەك کە بنیادەم ناتوانێ بۆ کەسانی دیکەی بگێڕێتەوەو تەنیا بۆ خۆیەتی. ئێ، ئەگەر پیاو بۆ کەسێکی گێڕایەوەو لێی حاڵی بوو ئەوا باشتر، لێ ئەگەر حاڵی نەبوو گرینگ نییە.

***- بەم پێیە  مەبەستی تۆ لە بەکارهێنانی کینایە جیاوازە لە نووسەرانی گریمانەیی وەکو ئیلیوت لە چامەی وێرانە خاکدا.***

- بەڕای من ئیلیوتو جویس دەیانویست بە تەواوەتی خوێنەرانی خۆیان گێژو وڕ بکەنو بە زەحمەت ڕازی بەرهەمەکانیان هەڵبێننو لە مەبەستیان حاڵی بن.

***- وا دێتە بەرچاو ئەوەندەی شیعرو چیرۆکت خوێندووەتەوە، ئەگەر بابەتی غەیرەز چیرۆکو لێکۆڵینەوەت زیاتر نەخوێندبێتەوە ،بەلای کەمەوە بە هەمان ئەندازەت خوێندوەتەوەو موتالاَت کردووە؟ دروستە؟ بۆ نموونە وادیارە ئارەزوویەکی تایبەتی خوێندنەوەی ئەنسکلو پیدیات هەیە.***

- بەڵێ، زۆرم حەز لێیە. ئەو زەمانەم بیردەکەوێتەوە کە دەهاتمە ئەم کتێبخانەیە تا بخوێنمەوە. زۆر منداڵ بووم و ئەوەندە شەرمن بووم کە ڕووم نەدەهات داوای کتێبێ بکەم. لەو زەمانەدا ئەگەرچی ناکرێ بڵێم هەژار بووم، لێ پارەیەکی وەهاشم نەبوو. ئەوەبوو کردبووم بە عادەتو هەموو شەویك دەهاتمە ئێرەو بەرگێکی (ئەنسکلوپیدیای بریتانیکا)م هەڵدەبژارد، هەڵبەتە چاپی کۆنی، ودەستم بە خوێندنەوەی دەکرد.

***- چاپی یازدەیەم؟***

- یازدەیەم یان دوازدەیەم بووبێ، ئەو چاپە زۆر جیاواز بوو لەو چاپانەی ئەمڕۆ. ئەو زەمانە ئەنسکلوپیدیایان بۆ ئەوە دادەنا کە بنیادەم وەکو کتێب بیخوێنێتەوە. بەلاَم ئێستا زیاتر حوکمی سەرچاوەی هەیە. بۆ نموونە لە چاپی یازدەیەمو دوازدەیەمینی ئینسکلوپیدیای بریتانیکادا پیاو دەیتوانی وتاری دوورو درێژ لەمەڕ (تۆماس ماکاولای)، کولریج، هەڵەم کرد، کولریج نا....

***- دو کوینسی؟***

- بەڵێ، دوکوینسیو خەڵکانی وەکو ئەوان. بەڵێ، عادەتم وابوو کە لە ڕەفەی کتێبەکاندا بەرگێکی ئەنسکلوپیدیا دەربێنمو ،چونکە ئەمانە بەشێك بوون لە کتێبانی سەرچاوەیی بە خۆم بۆم هەبوو لە ڕەفەکان دەریان بێنمو پێویستی بە کۆمەکی بەرپرسی کتێبخانەکە نەدەکرد، گوتاری دڵخوازی خۆم بدۆزمەوەو مژولی خوێندنەوە بم. بۆ نموونە وتارێك دەربارەی (مورمونەکان) (مورمون تایفەیەکی مەسیحیەتە کە لە ساڵی 1830 لەلایەن جوزیف ئیسمیت وە لە ئەمریکا دروستکرا) یان ژیاننامەی نووسەرێکی تایبەتی. دادەنیشتمو بە تاسوقەوە دەمخوێندەوە، چونکە هەر گوتارێك بۆ خۆی کتێبێك یان نامیلکەیەك بوو. هەمان ڕەفتارم لەگەڵ ئانسکلوپیدیای ئاڵمانی (بروکهاوس) یان (میرس) دەکرد. کاتێ کە چاپێکی تازەی بروکهاوس-م کڕی هەوەڵجار وامزانی لە بری دەقی تەواوی ئینسکلوپیدیاکە (بروکهاوسی کورتکراوە) یان ناردووە. بەلاَم وا دەرنەچوو.

کە پرسیارم کرد گوتیان چونکە خەڵکی لە چاو جاراندا لە ماڵی بچووکتردا دەژین ئیدی شوێنیان بۆ کتێبێکی سی بەرگی نییە، بۆیە دەبێ کورت بێ. ئەنسکلوپیدیا خراپ زەربەیان خواردووە. بە خۆرتی پەستێوارنەتە ناو یەك.

***- سوزانا کوینترس (قسەکەمان دەبڕێ): ببوورن. ئاغای کمپبل هێشتا هەر چاوەڕوانە.***

– ئا، بێزەحمەت پێی بڵێ تەنیا دەقیقەیەکی دی سەبر بکات. ئەم کمپیل–انە دەست بەردار نابن و هەردێن.

***– دەکرێ تەنیا چەند پرسیارێکی دیکە بکەم؟***

– بەڵێ، بێگومان، فەرموون.

***– هەندێ لە خوێنەران، چیرۆکەکانی تۆ بە ساردو بێ گیان دەزانن، زیاتر لە چیرۆکێن نووسەرانی تازەی فەرەنسەیی دەچن، بەڕای خۆتیش وایە؟***

– نە. (بە دەنگێکی غەمگین) ئەگەر هەستیان بە شتێکی وا کردبێ، ئەمەیان خەتای بێ ئەزموونی من بووە. چونکە من ئەوەی دەینووسم بە قوڵی هەستم پێکردوووە. ئەم شتانە بەڕادەیەك کاریان لە من کردووە کە وتوومنەتەوەو بۆ گوتنەوەشیان لە قاڵبی ڕەمزیدا دامڕشتونەتەوە تا خەڵکی نەحەسن کە ئەو شتانە کەم و زۆر قسەی دەروونی من بوون. ئەو چیرۆکانەی کە نووسیوومن دەربارەی خۆم و ئەزموونە شەخسییەکانم بووە. پێموایە متمانە بە خۆ نەبوونی تایبەتیی ئینگلیزەکانیش دەوری هەبووەو بووەتە مایەی ئەوەی چیرۆکەکانم لە قاڵبی ڕەمزدا دەربڕم وا نییە؟

***– کەواتە بۆ کەسێك کە بیەوێ زیاتر دەربارەی تۆو بەرهەمەکانت بزانێ، کتێبێکی بچووك هەیە بەناوی (هەمیشەیی) شتێکی باشە؟***

– بەڵێ، وا بزانم کتێبێکی باشە، ئەمە جگە لەوەی کە نووسەری کتێبەکە (خاتو ماریا ئیستراواسکوئیز) یەکێکە لە دۆستە نزیکەکانی من. من خۆم پێشنیازی ئەو عینوانەم بۆ کردو ئەم وشەیەم لە (فەرهەنگی روجیت) دۆزییەوە. پاشان بۆم دەرکەوت کە ئەم وشەیە دەبێ (قەشە و یلکینز) بە خۆی دایناب‌ێ، هەمان ئەو ویلکینزەی کە زمانێکی دەستکردی لەخۆیەوە داهێنا بوو.

***– تۆش بابەتێکت دەربارەی نووسیوە.***

– بەڵێ، نووسیومە. ویلکینز جگە لەوەی کە زمانێکی دەستکردی لە خۆیەوە داهێنا، دانەری یەك وشەی سەیریشە. وشەیەك کە بە شێوەیەکی سەیر هیچ شاعیرێکی ئینگلیزی زمان بە کاری نەهێناوە. وشەیەکی سامناك و ترسێنەر: (هەمیشەیی). بەڕای من (هەمیشەیی) لە وشەی (ئەبەدییەت) باشترە. چونکە وشەی دووەم (ئەبەدییەت) لە ڕادەبەدەر سواوە. (هەمیشەیی) تەنانەت لە هاوتا ئەڵمانییەکەشی (ewignheit) باشترە. قەشە ویلکینز وشەیەکی جوانیشی داناوە، وشەیەك کە مانایەکی شیعری لە خۆگرتووەو پڕە لە نائومێدی، لە غەم و هیجران: وشەی (هیچ کاتێ nevevness) وشەیەکی جوانە، وانیە؟ نازانم بۆچی شاعیر ان ئەم وشەیەیان بە دەقی خۆیەوە جێهێڵاوەو لە شیعرەکانیاندا بەکاریان نەهێنا.

***– تۆ هەمیشە کاردانەوەی زۆر باشت سەبارەت بە زمانی ئینگلیزی هەبووە، و ئەو زمانەت زۆر خۆش ویستووە، بۆچی ئەوەندە کەم بەم زمانەت نووسیوە؟***

– بۆچی ؟ ئاشکرایە بۆچی، چونکە دەترسم. هۆیەکەی ترسە. لێ ساڵی ئاییندە، ئەو محازەرانەی دەیان لێمەوە، بە ئینگلیزی دەیاننووسم، نامەم بۆ زانستگەی هارڤەردش نووسیوە.

***– ساڵی ئاییندە دێی بۆ هارڤەرد؟***

- بەڵێ، بە تەمام وانەیەك دەربارەی شیعر بڵێمەوە. جا لەو روانگەیەوە كە باوەڕم وایە شیعر نایەتە وەرگێڕان و هەروەها لەو روانگەیەشەوە كە پێموایە ئەدەبیاتی ئینگلیزی كە ئەمریكاش دەگرێتەوە دەوڵەمەندترین ئەدەبیاتی دنیایە، بۆیە زۆربەی نموونەكانم بۆ ئەو دەرس و محازەرانە لە شیعری ئینگلیزی هەڵدەبژێرم.

جا بەو حوكمەی كە (ئینگلیزی كۆن) بۆم بووە بە جۆرە سەرگەرمییەك، بە تەمام كەمێك دەربارەی ئەو زمانەش قسە بكەم. هەڵبەتە ئینگلیزی كۆنیش بەشێكە لە زمانی ئینگلیزی! جا بە رێكەوت، بە پێی باوەڕی هەندێ لە خوێندكارەكانم، (ئینگلیزی كۆن) زۆر ئینگلیزی ترە لە ئینگلیزی (چەوسەر).

***- با دووبارە بگەڕێینەوە سەر كارەكانی خۆت، هەمیشە ئەم پرسیارەم لە خەیاڵدا بووە كە چۆن (جەنگی شەخسی)ت بەرهەم هێناوە. هەڵبەتە پێوەرتان ریزبەندی مێژووی نووسینی نەبووە، ئایا لێكچوونی بابەت پێوەری هەڵبژاردنەكەت نەبووە؟***

- نە، تەرتیب و ریزبەندی مێژوویی پێوەرم نەبووە. بەڵام هەندێجار هەستم كردووە كە رەمز یان چیرۆكێكم دوو جاران نووسیوە. یان دوو چیرۆكی جیاواز، یەك بابەتیان هەبووە. لەبەر ئەمەیە كە هەوڵمدا ئەوانەی كە لێكدی چوون، لە پاڵ یەكتردا دابنەم. ئەمە تاقە پێوەرو عەیار بوو. ئاخر جارێك بە رێكەوت شیعرێكم گوت، شیعرێكی زۆر باش نەبوو، و چەند ساڵێك پاشتر هەمان شیعرم دووبارە كردەوە، ئیدی هەندێ لە دۆستەكانم هەڵیاندایە و گوتیان: (ئێ، ئەمە هەمان ئەو شیعرەیە كە پێنج ساڵ لەمەوبەر بڵاوت كردبووەوە). منیش وەڵامم دانەوەو گوتم: (ئێ، ئەمەیە كە هەیە). لێ باوەڕبكە بە هیچ جۆرێ ئاگام لەوە نەبوو كەی پێشتر ئەم شیعرەم گوتووە. لەمە بترازێ، **بەڕای من شاعیر ئەوپەڕەكەی دەتوانێ 5-6 شیعر بڵێ نەك زیاتر. پاش ئەوە ئیدی هەمان شیعرەكانی خۆی لە گۆشەنیگای جیاوازەوەو لەوەیە بە تەرحی جیاوازو لە ساڵانی جیاوازو بە كەسایەتی جیاوازەوە دووبارە دەڵێتەوە. لێ خودی شیعرەكانی لە رووی تیمەو كرۆكەوە هاوبەشن و چوونیەكن.**

***- تۆ بابەتی زۆرت لە شێوەی گوتاری رۆژنامەیی یان لێكۆڵینەوەی بەرهەماندا نووسیوە.***

- بەڵێ، ناچار بووم بنووسم.

***- ئەو كتێبانەی كە دەتانویست رەخنەیان دەربارە بنووسیت بە خۆتان هەڵتان دەبژاردن؟***

- بەڵێ، عادەتەن خۆم هەڵمدەبژاردن.

***- بەم پێیە هەڵبژاردنی كتێبەكە نیشانەی سەلیقەی خۆتانە؟***

- بەڵێ، بەڵێ خۆم هەڵیدەبژێرم. بۆ نموونە جارێ یەكێك داوای لێكردم كە رەخنە دەربارەی فلان كتێبی ئەدەبیات بنووسم. پاش ئەوەی كتێبەكەم خوێندەوە سەیرم كرد یارۆ زۆر خراپی كردووەو شتێكی نووسیوە كە مایەی پێكەنینە. جا لەبەر ئەوەی نووسەری كتێبەكەم بە شاعیر دەزانی و رێزم بۆی هەبوو گوتم: (نە، نامەوێ رەخنە دەربارەی ئەم كتێبە بنووسم ،چونكە ئەگەر قەرار بێ لەسەری بنووسم دەبێ بە خراپی لەسەری بنووسم). حەزناكەم هێرش بكەمە سەر كەس. بە تایبەتی ئێستا - كە گەنج بووم حەزم دەكرد لەسەر خەڵكان بنووسم، لێ كە بنیادەم

پێ بنێته ناو ساڵەوە تێدەگات کە ئەمە کارێکی باش نییە. کاتێ کەسێك دژی کەسێك یان بە قازانجی کەسێك ڕەخنە بنووسێت، زەحمەتە بتوانێ دەردی ئەو دەوا بکات یان بیڕەنجێنێ. بەڕای من تاقە شتێك دادی مرۆۋ بدات یان زیانی پێبگەیەنێ ئەو شتەیە کە خۆی ئەنجامی دەدات، نەك قسەی ئەمو ئەو. لەبەر ئەمەیە کە ئەگەر تۆ لافو گەزاف خۆڕایی بە کارەکانتەوە لێ بیدەیو خەڵکیش باوەڕیان وابێ کە تۆ بلیمەتی، ئەنجام دەستت دەکەوێتە ڕوو، و بەلای کەمەوە خۆت دەزانی چیتو چ کارەیت.

***– شێوازێکی تایبەتی خۆت هەیە بۆ ناونانی قارەمانەکانت؟***

– دوو شێوازم هەن: یەکێکیان ئەمەیە کە بەدوی ناوی باپیرە گەورەکانو داپیرە گەورەکانمو خەڵکانی لە بابەتی ئەواندا دەگەڕێم. دەمەوێ بەم کارە دووبارە زندوویان بکەمەوە. هەڵبەتە نامەوێ بڵێم کە نەمریان دەکەم، بەڵکو ئەمە تەنیا شێوازێکە لە شێوازەکانی هەڵبژاردنی ناوی قارەمانەکانم. شێوازی دووەم بریتییە لە سوود وەرگرتن لەو ناوانەی کە کاریگەرییان بەسەرمەوە هەبووە. بۆ نموونە لە یەکێك لە چیرۆکەکانمدا یەکێك لە قارەمانەکان کە بەردەوام سەرو کەللەی پەیدا دەبێو دووبارە ون دەبێ، ناوی (یار مولینسکی)یە، ئەم ناوە جەزبەیەکی تایبەتی لەلام هەیە وشەیەکی غەریبە، نا؟ ناوێکی دیکە کە لە ژێر کاریگەریدا بووم (ردشارلاخ)ـە، شارلاخ لە زمانی ئەڵمانیادا بە مانای قرمزە. چونکە لە چیرۆکەکەدا ئەم قارەمانە پیاوکوژە، هەر بە بیستنی ناوی، پیاو هەستدەکات کە پیاوکوژێکی بێ ڕەزایە. وانییە؟ ردشارلاخ: قرمزی تۆخ.

***– دەربارەی پرنس کە ناوێکی جوانی هەیەو لە دوو چیرۆکتدا هاتووە چ دەڵێیت؟.***

– (فوسیگنی لوسینگ) ئەمە ناوی یەکێك بوو لە دۆستە هەرە دڵسۆزەکانم.ناوی خانمێکی ئارجەنتینییە کە شووی بە شازادەیەکی فەڕەنسایی کردووە. ناوی وەکو ناوی زۆربەی فەرەنسییەکان جوانە. بە تایبەتی ئەگەر چاوپۆشی لە نیوە بچووکەکەی بکەیو تەنیا بە (لوسینگ) گازی بکەی. ڕێك وەکو خودی ئەو کە لە هەموو شوێنێك بەو ناوەوە خۆی دەناسێنێ. ناوی خۆی ناوە (پرنسس لوسینگ) وشەیەکی جوانە.

***– وشەیەلی وەکو (تلون)و (ئوکبار) چ پەیوەندییەکیان بە ناوەڕۆکیانەوە هەیە؟***

– پەیوەندییەکی تایبەتیان نییە. تەنیا ویستوومە ناوی سەیرو تەرککراوبن.

***– تا ڕادەیەکیش قابیلی درکاندن نەبن؟***

– بەڵێ، تا ڕادەیەك لەسەر زمان قورسە. ئەمە جگە لەوەی لە وشەی tlon (تلون)دا پێکهاتەی tl زۆر نا ئاساییە. وانا؟ پاش o,tl هاتووە. دەنگی ئەو ڕێك وەکو ئەو دەنگەیە لە دەستەواژەی لاتینی orbostertiusدا. پیاو کە دەیەوێ ئەم دەستەواژەیە بڵێ، دەڵێی سەرەگێژکێی پێ دەکەوێ، وانییە؟ لەوەیە کاتێ وشەی tlonـ بە بیردا هات لە بیری وشەی traumبوو بم کە لە زمانی ئینگلیزی کۆندا بە مانای خەونە. لێ ئەگەر ئەم دەربڕینە دروست بێ دەبوایە وشەی tromeـم کە خوێنەر دەخاتە بیری قیتار، هێنابا نەك (تلون). بەڵێ t-I پێکهاتەیەکی غەریبە، لەو زەمانەدا کە لە حاڵو هەوای ئەم وشانەدا بووم دەمویست ناوێك بۆ شتێکی خەیاڵی کە بە بیرم دا هاتبوو، پەیدابکەم. ئەنجام ناوم نا (هرون) . پاشان کە دەستم بە فێر بوونی (ئینگلیزی کۆن)

کرد ،بۆم دەرکەوت کە هرون یەکێك بووە لە ناوەکانی نەهەنگ. لە (ئینگلیزی کۆندا) نەهەنگ دوو ناوی جیای هەیە: (وال)و (هرون)، بەم پێیە لە شیعری (ئینگلیزی کۆن) (هرون رود) بە مانای (جادەی نەهەنگە) کە رەمزی دەریا بووە.

***– بەم پێیە ئەو وشەیەی کە تۆ لە خۆتەوە داتهێناوە، بێئەوەی کە بە خۆت بزانی لە دنیای دەرەوە بوونی هەبووە و بەر لە تۆش لەلایەن خەڵکانی دییەوە داهێنراوەو دەلالەتی لە بوونەوەرێك بە ناوی (هرون) دەکرد؟***

*– بەڵێ، بەڵێ. بە نائاگایی بە بیرما هاتووە. حەزدەکەم وا تەسەور بکەم کە باپیرانم کە لە دە سەدەی رابردوودا دەژیان ئەم وشەیەیان خستۆتە زەینمەوە. ئەمەش بۆ خۆی دەکرێ جۆرە تەعبیرێك بێ. وانییە؟

***– ئایا قاییل دەبی بەوەی کە چیرۆکەکانت پێکهاتەیەکن لە کورتە چیرۆك و لە وتار؟***

– بەڵێ، قاییل دەبم. لێ ئەمە کارێکی عەمدیو بە ئانقەستە. یەکەمجار کاسارس ئەوەی پێگوتم. گوتی ئەو کورتە چیرۆکانەی کە نووسیوتن لە ڕاستیدا قۆناغێکە لە نێوان وتارو چیرۆك دا.

***– ئایا هۆیەکەی تا ڕادەیەك ئەمە نەبووە کە تۆ لەوە ترساویت بە شێوەی ڕاستەوخۆ چیرۆك بنووسیت؟***

– بۆ نە ء ... دەشێت ئەمە هۆیەکەی بووبێ، بەڵێ دەشێت، چونکە لەم رۆژانەدا دەستم کردووە بە نووسینی کورتە چیرۆکانێك کە دەربارەی شەقاوەکانی بوینس ئایرسەو رێچکە نووسینی راستەوخۆی چیرۆکم بۆ هەڵبژاردون. لەم چیرۆکانەدا ئیدی چ هەواڵێك لە وتارو تەنانەت لە شیعر نییە. چیرۆکەکان بە شێوەی راستەوخۆ دەگێڕێتەوەو دەتوانرێ بگوترێ کە چیرۆکی غەماوەرو تەنانەت هەندێکیان ترسناکن، چیرۆکی ئاڵۆزن. گوتیاری (ڕاوی) ئەم چیرۆکانە خودی شەقاوەکانن‌و، پیاو بە زەحمەت دەتوانێ دەرکیان بکات، لەوانەیە ئەم چیرۆکانە بە چیرۆکی تراژیدی بێنە بەرچاو. بەڵام لە روانگەی خودی گوتیارانی چیرۆکەکانەوە تراجیدی مانایەکی نییە. گوتیاران تەنیا چیرۆکەکە دەگێڕنەوەو بەڕای من لەم جۆرە گێڕانەوەیەدا خوێنەر وا هەست دەکات کە چیرۆکەکە تەنانەت لە خودی ئەو حیکایەتەش قوڵترە کە چیرۆکەکە دەریدەبڕێ. ئەم چیرۆکانە هیچ قسەیەك دەربارەی هەستەکانی قارەمانانی چیرۆکەکە ناکەن. من ئەم تیمەو بابەتەم لە ئەدەبیاتی (نەرویجی کۆن)ەوە وەرگرتووە. ئەمەی کە بنیادەم دەبێ قارەمانێك لە رێگەی وشەو رەفتارەکانییەوە بناسێت، نەك لە رێگەی هەستەکانییەوە. نووسەر نابێ بچێتە ناو کاسەی سەری کەسێکەوەو پێمان بڵێ چ شتێك بە مێشکیدا دەڕوات.

***– بەم پێیە ئەم چیرۆکانە ئەگەرچی بە نەبوونی قارەمانی سەرەکیو تایبەتی دەناسرێنەوە، لە هەمان کاتیش چیرۆکی (ناسایکۆلۆژین)؟***

– بەڵێ، لێ جۆرە سایکولۆژیەتێك لە پشت چیرۆکەکانەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئەمە نەبووایە قارەمانانی چیرۆك لە کۆمەڵە بوکەڵەیەك بەولاوە چیتر نەدەبوون.

***– راتان دەربارەی (قەباڵە) (سۆفیگەری جولەکە) چییە؟ یەکەمجار چۆن خووتان دایێ؟***

– وابزانم یەکەمجار لە ڕێگەی دوکوئینسییەوە ئەم بۆ چوونە عیرفانییەم ناسی. دوکوئینسی باوەڕی وابوو کە جیهان کۆمەڵێك تەسەورو خەیاڵی جیاوازەو هەر شتێك جگە لە مانای خۆی مانایەکی دیکەشی هەیە. ئەم باوەڕەی دوکوئینسی زۆری کارتێکردم. پاش ئەوە کاتێ لە جنیف دەژیام دوو دۆستی زۆر دڵسۆزو نزیکم هەبوو، یەکێکیان پۆڵەندیو ئەویتریان جولەکە بوو. ناویان (موریس ئارامویکس)و (سیمور جیچلینسکی) بوو.

به ناوەکانیاندا زۆر جوان دیارە کە لە چ قەومێكو کوێندەرین. کە لە سویسرا بووم زۆرم پێ خۆش بوو و ڕێزێکی تایبەتیم بۆ ئەو وڵاتەو خەڵکەکەی هەبوو. نەك هەر شارەکانو دیمەنێن دەوروبەر ساردو سەهۆڵبەندان بوو، بەڵکو خودی سویسرییەکانیش خەڵکانێکی ساردو گۆشەگیر دەهاتنە بەرچاو. پیاو زۆر بەزەحمەت دەتوانێ هەڤاڵێکی سویسری پەیدا بکات. ڕەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سویسرییەکان تا ڕادەیەکی زۆر چاویان لە دەستی بێگانانو گەشتیاران بووەو بەڕای من لەبەر ئەمە ڕقیان لێیان دەبێتەوە. دیارە هەمان بابەت دەربارەی مەکزیکییەکانیش ڕاستە. ژیانی مەکزیکییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بەندە بە ئەمریکاییەکانەوە. بەندە بە گەشتیارانی ئەمریکاییەوە. بەڕای من هیچکەسێك حەزناکات ڕۆڵی ئوتێلدار بدینێ، ئەگەرچی من هیچ عەیبێك لەمەدا نابینم. لی ئەگەر لە ژیاندا ناچار بی ڕۆڵی ئوتێلدار بدینیو بەردەوام پێشوازی لە خەڵکی وڵاتانی جیاواز بکەی بەڕای من بەرە بەرە هەست بەوە دەکەیت کە بێگانان جیاوازن لە تۆ، و لەوەیە پاش ماوەیەکی زۆر ڕقت لێیان ببێتەوە.

***– ئایا تا ئێستا هەوڵت داوە چیرۆکێك بە شێوازی قەبالەکانی (عارفان)ی جولەکە بنووسیت؟***

– بەڵێ هەندێجار هەوڵمداوە.

***– ڕاستەوخۆ سوودت لە تەفسرێن عیرفانی جولەکە وەرگرتووە؟***

– نە، کتێبێکم خوێندەوە بە ناوی (ڕێبازە سەرەکییەکانی سۆفیگەری جولەکەیی).

***– کتێبەکەی (شولم) دەڵێی؟***

– بەڵێ، کتێبەکەی شولم و هەروەها کتێبێکی دیکەش کە دەربارەی خورافاتی جولەکەیەو نووسەرەکەی ناوی (تراچتنبرگ)ە. پاش ئەوە هەرچی کتێبێکم دەربارەی عیرفانی جولەکە دەستکەوتبا دەمخوێندەوە. هەروەها هەر گوتارێکم لە ئەنسگلوپیدیا جیاوازەکاندا دەست بکەوتبوایە موتالام دەکرد. بە کورتییەکەی هەرچییەکەم لەو بارەیەوە خوێندبێتەوە ناڕاستەوخۆ بووە ،چونکە خۆم هیچ نزیکییەکم لە نەژادی سامییەوە نییە. لەوەیە هەندێ لە باپیرانم جولەکە بووبن. نازانم. ناوی دایکم (ئاسودو)ە. دەشێت (ئاسودو) ناوێکی پرتوغالی جولەکە بێ. لێ ئەگەر ناوی کەسێك ئیبراهیم بێ بەڕای من ئیدی چ گومانێك نامێنێ. بەڵام لەبەر ئەوەی جولەکەکان ناوی ئیتاڵیایی، پورتوغالییان لە خۆ ناوە، ئیدی دیاریکردنی ناسنامەی قەومییان زەحمەتەو پیاو ناتوانێ بزانێ کە ئەوانە جولەکەن. هەڵبەتە وشەی (ئاسودو) مانای درەختێکەو خودی وشەکە هیچ تایبەتمەندییەکی جولەکانەی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر جولەکە هەن کە ناویان (ئاسودو)ە. نازانم. حەزم دەکرد باوباپیرانم جولەکە بووایەن.

***– لە شوێنێکدا نووسیوتە کە مەردم لە ڕووی تەبیعەتەوە یا ئەفلاتونین یان ئەرستۆیین.***

– من وام نەگوتووە. ئەمە قسەی کولریجە.

*– *بەڵام تۆ رستەکەی ئەوت نەقڵ کردووە.*

– بەڵێ، تەنیا نەقڵم کردووە.

*– *خۆت کامیانی؟*

– لەوە دەچێت کە تەبیعەتی ئەرستۆییم هەبێ، لێ کاشکێ ئەفلاتونی بووایەم. پێموایە ئەم دەمارە ئینگلیزییەی کە هەمە هۆی ئەوە بێ کە هەندێ شتان یان کەسان بە واقیعی بزانم، نەك بە پێچەوانەوە ئایدیا گشتییەکان بە واقیعی حیساب بکەم، بەڵام جگە لە هەموو ئەمانە، بمبورە چونکە کمپبلەکان واهاتن.

*– *بەر لەوەی لێرە برۆم، دەشێت کتێبی (هەزار توێ)یەکانم بۆ ئیمزا بکەی؟*

– بە خۆشحاڵییەوە. بەڵێ، ئەم کتێبەم دیوەو دەیناسم. وێنەکەشیان چاپکردووم. بەڵام بەڕاستی من واهیم؟ حەز لەم وێنەیە ناکەم. ئەوەندەش گرژو مۆن نیم؟ ئەوەندە سیسەڵەو چرچەڵەم؟

*– *پێت وانییە زۆر لە فکران ڕاچوویت؟*

– با، رەنگە. بەڵام بۆ ئەوەندە تاریك؟ خەواڵوو؟ برۆکانم.. بە هەر حاڵ.

*– *یانی بە شێوەیەکی گشتی چاپ و وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەت بەدڵە؟*

– وەرگێڕانێکی باشە، وانییە؟ تەنیا ئەوە نەبێ کە وشەی لاتینی زۆر بەکار هێناوە. بۆ نموونە من لە دەقە ئەسپانیاییەکەدا نووسی بووم (habitacionoscura) ئاشکرایە کە من رستەی وەهام نەنووسیوە بەڵکو تەنیا گوتوومە (cuartooscuro) لەوە بوو کەسێك بکەوێتە هەڵەوەو habitacion بە (ماوا) تەرجەمە بکات. وشەیەکە کە لە ئەسڵی ئەوەوە زۆر nabitation نزیکە. وشەی مەبەستی من cuarto بووە نەك habitation. ئینگلیزی زمانێکی جوانە، بەڵام فۆرمە کونترەکانی جوانتر بوون. فۆرمەکۆنەکان دەنگدار بوون. ئینگلیزی مودێرن تا رادەیەك شێواوە. تاقە ئومێدی من بە زمانی ئینگلیزی ئەمریکاییە. ئەمریکاییەکان بە روونی قسە دەکەن. ئێستا کە دەچمە سینەما شتێکی ئەوتۆم دەستگیرنابێ. بەڵام کە فیلمەکە ئەمریکایی بێ لە هەموو وشەکان دەگەم. زۆر لە فیلمی ئینگلیزی حاڵی نابم. تۆ وانیت.؟

*– *هەندێجار. بە تایبەتی ئەگەر فیلمەکە کۆمیدی بێ. وا دێتە بەرچاو کە ئەکتەرە ئینگلیزەکان زۆر خێراو بە پەلە قسە دەکەن.*

– دەقاو دەق وایە! هەم خێرا قسە دەکەن و هەم وشەکان بە نیوەچڵی دەڵێن. ریتم و ئاهەنگی وشەکان لە ناو دەبەن. وشەکان بە ناتەواوی دەدرکێنن. وانییە؟ ئەمریکاییەکان دەبێ زمانی ئینگلیزی رزگاربکەن. دەزانی بەڕای من زمانی ئەسپانیاییش لەم حاڵەتە بەدەر نییە. من زمانی ئەسپانیایی ئەمریکایی باشوورم لە هەموو شێوە زارە ئەسپانیاییەکانی دی پێ باشترە. پێموایە ئەمڕۆکە لە ئەمریکادا ئیدی کەسێك بەرهەمێن (رینگ لاردنر) یان (برت هارت) ناخوێنێتەوە؟

*– *با، دەیخوێننەوە، بەڵام زیاتر لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا.*

– ئەدی بەرهەمەکانی ئۆهنری؟

*– *بەرهەمەکانی ئەویش پتر لە ئامادەییەکاندا بە دەرس دەوترێنەوە.*

– پێموایە زیاتر لەبەر تەکنیکی بەرهەمەکانیەتی و لەبەر ئەوەیە کە چیرۆکەکانی کوت وپڕ کۆتاییان دێ، من حەزم لەم تەکنیکی کۆتاییە کوتوپڕانە نییە. ئەدی تۆ، هەڵبەتە لە رووی تیۆرییەوە ئەم تەکنیکە پەسندە، بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە فەرق دەکات، ئەگەر پیاو چیرۆکی تەنیا لەبەر کوتوپڕییەکەی بویّ، مانای وایە بە کەڵکی تەنیا یەکجار خوێندنەوە دێت. بێگومان بیرتە کە (سویفت) چی گوتووە: (هونەری رۆچوونە ناو ناخ). لە چیرۆکی پۆلیسیدا مەسەلەکە بە جۆرێکی دیە: جگە لە رەگەزی کوتوپڕ بوون، قارەمان سازیو حاڵو هاماجیش هەیە، ئەو رەگەزانەی کە دەتوانن قاییل بوونی ئێمە فەراهەم بکات. لێ ئێستا هەر بیرم لای کمپبلەکانە. کمپبلەکان وا دێن. بە جۆرێ باسیان دەکەم دەڵێی قەبیلەیەکی کێوین. کوا لە کوێن؟

***سەرچاوە:***

***کار نویسندە***

***ت/ احمد اخوت***

***چاپ اول 1271 نشر فردا***

# گوتو بێژێك لەگەڵ
# میلان کوندیرا
## سازدانی: کریستین سالمون

ئەم گفتوگۆیە بەرەنجامی چەند دانیشتنێکە لەگەڵ میلان کوندیرادا، کە لە پایزی ساڵی 1983دا لە پاریس ئەنجامدراوە. ئەم دانیشتنانە لە نووسینگە چکۆلەکەی میلان کۆندیرادا، لە ژوورێکی تاق ئاساییدا، لە نزیکی مونتپارناس ئەنجام دراون. رەفەکانی ژوورەکەی کوندیرا پڕ بوون لە کتێبی فەلسەفی و مۆسیقی. کۆنە تایپێکیش لەسەر مێزی نووسینەکەی بوو. نووسینگەی کارکردنەکەی پتر لە ژووری خوێندکارێکی زانکۆیی دەچوو تا لە ژووری گەورەترین

ڕۆماننووسی هاوچەرخ. دوو وێنەی لە چوار چێوە گیراو بە تەنیشت یەکەوە بە دیواری ژوورەکەیەوە هەڵواسرا بوون، یەکێکیان وێنەی باوکی بوو کە پیانۆژەنێکی ناودار بووە،و ئەویتریان وێنەی (لیوش یانا چیك)ی ئاهەنگ سازی گەورەی چیك بوو کە میلان کۆندێرا زۆری خۆشدەویست.

ئەم گفتوگۆیەی ئێمە بە زمانی فەرەنسی بوو: زۆر بە ڕەحەتیو بێ چ گرفتێك پێکەوە قسەمان کرد. لە بری ڕێکۆردەر سوودمان لە تایپو مقەستو چەسپ وەرگرت. هەوەڵجار گفتۆگۆیەکەمان تایپ کرد. پاشان ئەو بەشانەمان لابرد کەی بە زیادمان دەزانیو ئەوجا بەشەکانی دیکەمان بە چەسپ پێکەوە چەسپاند، ئەنجام پاش پێداچوونەوەیەکی زۆر ئەم دەقەی ئێستای لێکەوتەوە.

کۆندیرا حەزناکات باسی خۆی بکات. کە هەندێ لە ڕۆژنامەڤانان دەربارەی ژیانی پرسیاری لێدەکەن، هەمان شتە کۆنەکانیان بۆ دووبارە دەکاتەوە: لە ساڵی 1929دا لە شاری (برمو)ی چیکۆسلۆفاکیا هاتۆتە دنیاوە. کە ڕژێمی کۆمۆنیستی لە ساڵی 1948دا دەسەڵاتی گرتۆتە دەست ئەو قوتابی زانکۆ بووە. بەر لەوەی ژیانی، وەقفی ئەدەبیاتو فیلم بکات بە کرێکاریو نەواژەنی جاز ژیانی خۆی بەڕێوە دەبرد. پاشان لە قوتابخانەی نیشتمانی فیلمی براگ ،دەرس دەڵێتەوە. زۆربەی خوێنکارانی ئەم قوتابخانەیە فیلمسازانی گەنجان "شەپۆلی نوێ" دادەمەزرێنن. یەکەمین ڕۆمانی (شۆخی) بوو کە ڕۆمانێکی یەکجار سەرکەوتوو بوو و خەڵاتی یەکێتیی نووسەرانی چیکی ساڵی 968ی پێوەرگرت.

بەڵام هەر لەو ساڵەدا (1968) چیکۆسلۆفاکیا لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە داگیرکرا. کۆندیرا لەم ساڵەدا کاری دەرس گوتنەوەکەی لە دەست داو ئیدی نەیتوانی کارێکی تازە پەیدا بکات. هەموو کتێبەکانی قەدەغە کرانو لە کتێبخانەکاندا کۆکرانەوە. ئەگەرچی ئەم قۆناغە بەلای کەمەوە لە ڕوانگەی کوندیراوە، بە یەکێك لە ڕەشترین قۆناغەکانی مێژووی چیکۆسلۆفاکیا دێتە ژماردنو پەیوەندی ئەو لەگەڵ ژیانی گشتیو خەڵکیدا دەبڕێ، لێ بە ڕێکەوت بە قۆناغێکی پڕ بەرو بەرهەم بۆ ئەو دێتە حەساو کردن: دوو ڕۆمانی تازە دەنووسێت: "ژیان لە شوێنێکی دییە"و "مەجلیسی بەڕێکردن". لەو زەمانەوە کە کتێبەکانی لە چیکۆسلۆفاکیا قەدەغە دەکرێن، سەرەتا دەکرێن بە فەرەنسی. لە ساڵی 1975 لێدەبڕێ پەنا بۆ فەرەنسا بەرێت. زانکۆی (رین) پێشنیازی ئەوە دەکەن کە لەلای ئەوان ببێ بە مامۆستای ئەدەبیاتو ئەویش پێشنیازەکە قەبووڵ دەکات. کە (کتێبی خەندەو فەرامۆش)ی بڵاوکردەوە دەوڵەتی چیکۆسلۆفاکیا مافی هاووڵاتیەتی لێ سەندەوەو پاش چەند ساڵێك مافی هاووڵاتیەتی لە دەوڵەتی فەڕەنسا وەرگرت. دوا بەرهەمی کۆندیرا (ناڕەحەتی لە تاقەت بەدەری بوون) پێشوازییەکی میللی گەورەی لێکراو لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا گەرمترین بازاڕی پەیدا کرد و بوو بە یەکێك لە (پڕ فرۆشترین) بەرهەم، حاڵی حازر کۆندیرا یەکێکە لە نووسەرە هەرە دیارەکانی فەڕەنسا، هەڵبەتە شۆرەتو ناوبانگ سەریەشەیەکی زۆری بۆ ناوەتەوەو لەم ڕووەوە بێزارە. دەشێت ئەم ڕستەیەی (مالکوم لوری) زمانحاڵی کۆندیرا بێ کە دەڵێت: "سەرکەوتن بەڵایەکی مەترسیدارە، تەنانەت لە ئاگر گرتنیماڵیش خراپترە. شۆرەت خانەی بوون دەخواتو لە بناغەوە هەڵیدەتەکێنێو وێرانی دەکات".

جارێکیان دەربارەی ئەو کەم‌و کوڕییانەی کە دەکەونە بەرهەمەکانی پرسیارم لێکرد لە وەڵامدا گوتی:

***"تا ئێستا لە رادەبەدەر باسی خۆمم کردووە"!***

پێدەچێت ئەم دوورە پەرێزییەی کۆندیرا لە باسکردنی خۆی، بە شێوەیەکی نا ئاگایانە کاردانەوە بێ بەرانبەر بەوەی کە زۆربەی رەخنەگران لە بری هەڵسەنگاندنی بەرهەمی نووسەر، دەکەونە سۆراخ‌و تاقیبکردنی ژیانی تایبەتی‌و کەسایەتی نووسەرو، روانگەی سیاسی نووسەر. کۆندیرا بەخۆی لەم بارەیەوە بە پەیامنێری رۆژنامەی (نوڤل ئوبزرڤاتور)ی گوتووە:

***"رۆماننووسان لە باسکردنی خۆیان بێزارن. زۆر وێژی‌و خۆ هەڵکێشان زیاتر بەهرەیەکی شاعیرانەیە، هەڵبەتە شاعیرانی غەزەلبێژ!"***.

جا هونەرمەندێك کە حەزناکات باسی خۆی بکات بەو مانایەیە کە دەخوازێ تەنیا روو لە هونەرو داهێنانی ئەو بکرێ‌و بەس. دەیەوێ خودی رۆمانەکە مایەی سەرنج بێ. جا منیش لەم پێودانگەوە تەنیا بەرهەمەکانی کۆندیرام داونەتە بەر باس‌و لێداون.

****- لە شوێنێکدا گوتووتە کە لە ئەدەبیاتی تازەدا هەستدەکەیت زیاتر لە رۆماننووسانی ڤێنایی وەك (روبرت موزیل)و (هیرمان بروخ)ەوە نزیکی وەکو لەوانی دیکە. بروخ، وەکو خۆتان، باوەڕی وابوو کە سەردەمی رۆمانێن سایکۆلۆژی‌و دەروونی بەسەر چووە. ئەو باوەڕی بە رۆمانێن مێژوویی بوو: رۆمانێن "فرە دەنگ‌و رەهەندی مێژوویی"***.

- موزیل و بروخ هەردووکیان پێیان وابوو کە رۆمان ئەرکی فرەی هەس. ئەوان وەکو زاراوەو دەستەواژەیەکی رۆشنبیرانەو ئەقڵانیانە دەیانڕوانییە رۆمان: زاراوەیەك کە مرۆڤ دەتوانێ لە رێگەیەوە جیهان وەکو یەك یەکە بخاتە بەر پرسیار. ئەوان بە راستی باوەڕیان وابوو کە رۆمان توانای فرەی هەس: دەتوانێ چەندین زاراوەو دەستەواژەی جیاواز لێکبدات‌و یەك یەکەی لێدروست بکات. بە گوتەیەکی دیکە رۆماننووس دەتوانێ سوود لە شیعر، فانتازی، فەلسەفە، پەندو قسەی نەستەق، و گوتار وەربگرێ‌و رۆمانیان لێ بخوڵقێنێ. لەو نامانەدا کە لە پاش بروخ بەجێ ماون ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردووەو بە چاکی تاوتوێی کردووەو بە باشی وردی کردۆتەوە. هەڵبەتە دەبێ لێرەدا ئەم خاڵە لەبەرچاو بگیرێت کە زاراوەی رۆمانی (فرە دەنگ‌و ڕەهەندی مێژوویی) بروخ تا ڕادەیەك تەمو مژاوی و نادیارەو نەیتوانیوە مەبەستی خۆی دەربارەی ئەم زاراوەیە بە وردی دەرببڕێ‌و پەیوەندی ئەو زاراوەیە بە رۆمانەکانی خۆیەوە نیشان بدات یان رۆمانێکی مێژوویی نایاب بخوڵقێنێ. بەڵام هاووڵاتییەکی دیکەی بروخ، (ئادالبرت ستیفتر) کە یەکێکە لە سەرامەدانی ئەدەبیاتی نەمسا، کە لە ساڵی 1857 دا رۆمانی (پایزە چکۆلە)ی بڵاو کردەوە، توانی بەو کارەی رۆمانێکی فرە دەنگ‌و رەهەندی مێژوویی پرشنگدار بخوڵقێنێ. (پایزە چکۆلە) رۆمانێکی بەناوبانگە، نیتشە ئەو رۆمانەی بە یەکێك لە چوار رۆمانی درەخشانی ئەدەبیاتی ئەڵمانیا لە قەڵەم داوە. هەڵبەتە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو رۆمانە بە ئاسانی ناخوێنرێتەوە. چونکە سەرانسەری رۆمانەکە پڕە لە بابەتێن زەویناسی، گیاناسی، زیندەوەرناسی، پیشەو هونەر، نیگارکێشی‌و تەلارسازی. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا لەم

ئەنسکلوپیدیا مەزن و قەبەیەدا ناتوانی تاقە وشەیەك دەربارەی خودی مرۆڤ و پێگەی مرۆڤ بدۆزێتەوە، بۆچی؟ چونکە ئەمە رۆمانێکی مێژوویی و چەند رەهەندەو پێدەچێت رۆمانی مێژوویی نابێ هەقی بەسەر مرۆڤەوە هەبێ! (پایزە چکۆلە) بە شێوەیەکی گشتی کەمتر تایبەتمەندی رۆمانی لە خۆ گرتووە. هەڵبەتە لە جیاتی ئەمە لە رۆمانەکانی بروخ دا رەگەزی حیکایەتەوانی یان چیرۆکەوانی بە باشی دەبینرێ. هەر هەموو هەوڵی بروخ بۆ ئەمەیە کە بەرهەمەکانی شتێك کەشفبکەن کە "تەنیا رۆمان دەرەقەتی بێ و بەس". بە بۆچوونی بروخ ئامانجی بنەڕەتی ئەوەی کە ئەو حەزدەکات ناوی بنێ (زانیاری رۆمانەوانی) مامەڵە کردنە لەگەڵ (بوون)دا. بەڕای من زاراوەی "فرە دەنگ و ڕەهەندی مێژوویی" دەبێ بەم شێوەیە پێناسە بکرێ: ***"رۆمانێکە کە سوود لە هەر هەموو ئەو ئەوزارو فۆرمانەی کە هەن وەردەگرێ تا تیشکێك بخاتە سەر بوونی مرۆڤ و باشتری بناسێ و بیناسێنێ"***. بەڵێ من هەستدەکەم کە لەم جۆرو رەوت و رێبازەوە نزیکم.

***- ئەو وتارە درێژەی کە لە گۆڤاری (نوڤل ئۆبزر ڤاتوردا) دەربارەی بروخ بڵاوت کردەوە، بووە باعیسی ئەوەی کە فەرەنسییەکان دووبارەو بە چاوێکی تازەوە روو بکەنە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بروخ. لەو گوتارەدا گەرچی تەواو ستایشی بروخت کردووە ، بەڵام شتێکت بۆ رەخنەش هێشتووەتەوە. بۆ نموونە وتارەکەی خۆت بەم رستەیە بڕانووەتەوە: "هەموو بەرهەمێکی گەورە - تەنیا لەبەر ئەم هۆیەی کە گەورەو پرشنگدارە- کێماسی خۆی هەیە."***

- بەڕای من بەرهەمەکانی بروخ تەنیا لەم رووەوە بایەخدار نین کە گەیوونەتە دەستکەوتی تایبەتی خۆیان، بەڵکو کەم و کوڕی بەرهەمەکانی پڕن لە پەندو عیبرەتی بەسوود: ئەو مەبەست و ئامانجەی کە هەیبووەو بە هەموو هەوڵ و تەقەلایەکییەوە نەیتوانیوە بیگاتێ، بەڕای من لە میانەی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەوەوە دەتوانین بگەینە ئەو قەناعەتەی کە ئەدەبیات پێویستی بە فۆرم و رێچکەو شێوازی هونەری تازەیە، وەك:

1- دوورە پەرێزی لە درێژدادڕی (هەڵبەتە دوورە پەرێزی لە درێژدادڕی نابێ زەرەر لە یەکپارچەیی بەرهەمەکە بدات. ئاڵۆزی و هەزار تویێی ژیان لەم سەردەمەدا دەبێ بە چاکترین شێوە نیشان بدرێ).

2- کۆنتەر پووانی چیرۆکڤانی (ئاوێتەکردن و لێکدان) دەکرێت بە کۆمەکی ئەم شێوازە، فەلسەفە، حیکایەت، و خەون تێکەڵ بکرێ و وەکو پارچە موسیقایەکی کۆنتەرپوان بەکاربێت.

3- رۆمان وەکو گوتارێك لەبەرچاو بگیرێت (بە گوتەیەکی دی رۆماننووس لە جیاتی ئەوەی حەقیقەتەکان بەڕاست بزانێ و وەکو خۆی وەری بگرێت دەبێ بە حەقیقەتی گریمانەییان وەربگرێت و بە شێوەیەکی زندووی شۆخیامێز، تانەئامێزو توانج پۆشانە بە خوێنەری نیشان بدات).

***- پێدەچێت ئەو سێ خاڵەی کە ژماردنت لە هەموو بەرهەمەکانتدا لە بەرچاو نەگیرابن یان رەنگیان نەدابێتەوە***

– ئەگەر بمانەوێ لە ڕۆمانێکی فرە ڕەهەندی مێژوویيدا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ و تێکڕای بوونی مرۆڤدا بکەین، دەبێ خۆمان فێری تەکنیك و سنعەتی کەمبێژیو هونەری کۆتبڕی بکەین، ئەگینا دەکەوینە داوی درێژدادڕی و درێژنووسییەوە. ئەو ڕۆمانەی موزیل (پیاوی بێ خەسێت) یەکێکە لەو دوو – سێ ڕۆمانەی بە دڵی منەو زۆرم خۆشگەرەکە. تاقە عەیبی ئەو ڕۆمانە درێژییەکەیەتی. درێژنووسی نابەجێ! وەك ئەوەیە لە زەینی خۆتدا کۆشکێکی سەر بە فەلەك بەرجەستە بکەیت، کۆشکێك کە نەتوانی بە یەك نیگا هەمووی بدینی. و یان پارچە مۆسیقایەك بەرجەستە بکەیت کە سێ سەعاتان بخایەنێ. (پیاوی بێ خەسێت)ی موزیل–ش بەو جۆرەیە. دەبێ سنووداری مرۆڤ لە بەرچاو بگیرێ – سنوورە مرۆڤانییەکان– یەکێك لە سنووردارییەکان، سنوورداری هزرو زەینە. خوێنەر کاتێ ڕۆمانێك تەواودەکات دەبێ هەواڵەکەی لە بیر مابێ، ئەگەر وا نەبێ ئەوا ڕۆمانەکە یەکییەتیو یەکپارچەیی خۆی لە زەینی خوێنەردا لە دەست دەدا. بینای بەرهەمەکە ڕوونی خۆی لە دەست دەداتو دەبێ بەشتێکی ئاڵۆزو نا مەفهوم.

***– (کتێبی خەندەو فەرامۆشی) لە حەوت بەش پێکهاتووە، ئەگەر ئەوەندە پابەندی کەم بێژی یان کورتبڕی نەبووایەی دەتتوانی لە بری ڕۆمانێك بیکەی بە حەوت ڕۆمان.***

– بەڵام ئەگەر ئەم کارەم نەکردبایە، ئەوا گرنگترین خاڵم فەرامۆش دەکرد: نەمدەتوانی ئاڵۆزییەکانی ژیانی بەشەری ئەمڕۆ لە یەك ڕۆماندا نیشان بدەم. بەڕای من یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەم کارە ئەوەیە کە نووسەر ڕاستەوخۆ خۆی لە بابەتەکە بداتو گیروگرفتە سەرەکییەکان بخاتە ڕوو. لەم ڕووەوە زۆرجار ئاهەنگسازی گەورەی چیك: لیوش یاناچیك–م بیر دەکەوێتەوە. ئەو مۆسیقاوانەی کە هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستییەکی تایبەتیم بۆی هەبوو. یەکێکە لە مامۆستایانی مۆسیقای تازە. دەیویست مۆسیقا لە هەموو زیادییەك بژاربکاتو بگاتە جەوهەرو کرۆکی مۆسیقا. تیۆرییەکانی ئەو کودەتایەك بوو لە مۆسیقادا. بۆ دانانی پارچە مۆسیقایەك دەتوانرێ سوود لە تەکنیك و سنعەتێن هەمە جۆرو جیاواز وەربگیرێت: لە بابەتی جۆراوجۆر، لە ریتمو کرۆکی جیاوازو لە دووبارە کردنەوەی یەك بابەت بە هارمۆنی، لە چەند میلۆدییەکی جیاواز، (کە بە زۆری بە شێوەی میکانیکیو بە ئامێرێن ئۆتۆماتیکی ئەنجام دەدرێ) لە زەمینە خۆشکردنی ئۆرکستەر بۆ میلۆدییەك، هەروەها لە پەردەگۆڕکێو وئەو بابەتە شتانە. ئەمڕۆکە هەر مۆسیقاوانێك یان ئاوازسازێك دەتوانێ بە کۆمەکی کۆمپیوتەر پارچە مۆسیقایەك دابنێ، لێ کۆمپیوتەری واقیعی هەمیشە لە مێشکی ئاهەنگسازدایە، ئاهەنگساز دەتوانێ بە شێوازی "سیبرنیتیك" چەندین سوناتە یەك لە دووی یەك ریز بکات. سوناتەێن وشكو ساختە کە چ شتێکی تازەیان تێدا نەبێ. جا لێرەدا ئاهەنگساز لە کۆمپیوتەرێك دەچێت کە تەنیا یاسای تەسنیف یان گۆرانی لە میمۆرییەکەیدا خەزن کرابێ. یاناچیك دەیویست ئەم جۆرە کۆمپیوتەرە فەوتوفەنا بکات! وێڕای ئەمەش ئاهەنگساز هەر گیرۆدەی چنگی یاساو ڕێساو سنووردارییەو دەبێ ملکەچیان بێ. ئاهەنگساز لە بری پەردە گۆڕکێو بازدان لە پەردەیەکەوە بۆ پەردەیەکی دیو سوود وەرگرتن لە دووبارە کردنەوەی یەك بابەت بە هارمۆنی، لە ڕیتمو کۆکی جیاواز دەبێ مل بۆ پرەنسیپی هاوسایی میلۆدییەکان بداتو هەمیشە خۆی بە جەرگەی

مەسەلەکەدا بدات. تەنیا مەسەلەێن رەسەن و بنەڕەتی دەمێننەوە. رۆمانیش تا رادەیەك هەمان وەزع و حاڵی هەس. ئەویش گێرۆدەی (سنعەتە) و دەستوپێی گرتووە. نووسەر دەبێ کاراکتەرەکان بخوڵقێنێ، ژینگەیەك وەسف بکات و رەهەندی مێژوویی بە رووداوێن چیرۆك بدات و پاشان بۆ نیشاندانی کاراکتەرەکان و بەرجەستەکردنیان سوود لە رووداوێن لاوەکی وەربگرێ، هەر گۆڕانێك لە رووداوێن چیرۆکدا، وەسفی تازە، شەرح و شرۆڤەو بە تاناچوونی تازەی گەرەکە. ئامانجی سەرەکی منیش هەمان ئارمانجی یاناچیکە: دەمەوێ رۆمان لە کۆت و بەندی دەستکردو ناڕەسەن، لە درێژدادڕی و زۆر وێژی بخەلەسێنم.

***– دووەمین خاڵێك کە ئاماژەت کردێ کۆنتەرپوانی (ئاوێتە کردن) چیرۆکڤانی بوو.***

– رۆمان وەکو زاراوەیەکی عەقلانی و رۆشنبیرانە خۆبەخۆ گرفتی (پۆلی فۆنی) فرە دەنگی لەگەڵ خۆیدا دێنێ. جا ئەمە گرفتێکە تائێستا چارەسەر نەکراوەو دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. بۆ نموونە مولاحەزەی بەشی سێیەمی رۆمانی (خەوگەڕان)ی بروخ بکە. ئەم بەشە لە پێنج رەگەزی ناهاو ئاهەنگ پێکهاتووە:

1– گێڕانەوە: ئەم بەشە تایبەتە بە سێ کاراکتەری سەرەکییەوە یان باسی سێ کاراکتەری سەرەکی دەکات: پیسنو، ئیچ، و هوگونا
2– حیکایەت یان چیرۆکی (هانا و ندلینگ).
3– وەسفی تەواوی وردە وردەی ژیان لە نەخۆشخانەیەکی سوپاییدا.
4– مەنەلۆگی کیژێك کە ئەندامی کۆمەڵەی خێرخوازی مەسیحیانە (بەشێکی بە شیعرە).
5– وتارێکی فەلسەفی (بە زمانی زانستی) دەربارەی لە نێوچوونی بەهاێن مرۆڤانی. هەر یەکێك لەم پێنج بەشە بە تەنیا بۆ خۆی پارچەیەکی جوانە. بەڵام وێڕای ئەمەش، ئەگەرچی نیازی نووسەر ئەوە بوو کە لەم رەگەزو توخمە ناکۆکانە یەکەو یەکێتییەکی هاوئاهەنگ بخوڵقێنێ، (بە وتەیەکی دی ویستوویەتی شەقڵێکی چەند دەنگی یان پولی فونیکی بداتێ) بەڵام ئەم پێنج بەشە بە تەواوەتی ئاوێتەی یەکدی نەبوون.

***– پێت وا نییە زاراوەی پولی فونیك – فرەدەنگی تەنیا بە مۆسیقاوە پەیوەستەو ناکرێ لە ئەدەبیات و رۆماندا ئەوەندە بەکار بێ؟***

– با، بەڵام دەکرێ، رۆمان بە دوو رێگا دەتوانێ بە رەگەزێن دەرەکی ڕابگات و بیانگرێتە خۆ. دۆنکیشۆت بە درێژایی گەشتەکەی خۆی تووشی خەڵکانی جۆراوجۆر دەبێت و هەر یەکێکیان چیرۆکی خۆی بۆ ئەو دەگێڕێتەوە. هەر هەموو ئەم چیرۆکە لاوەکیانە لە چوار چێوەی سەرەکی و بنەڕەتی رۆمانەکەدا یەکدی دەگرنەوە. ئەم شێوە چیرۆکنووسینە لە هەردوو سەدەی حەڤدەو هەژدەمدا زۆر باو بوو. هەڵبەتە بروخ تەکنیك و سنعەتێکی دیکە بەکار دەبات: لە جیاتی ئەوەی چیرۆکی هانا و ندلینگ ببەستێ بە تانوپۆی سەرەکی رۆمانەکەوە، واتە بە بەشی ئیچ و هوگوناوە، هەر یەکێکیان بە تەنێ و بە جیا دێنێتەوە. هەڵبەتە سارتەرو دوس پاسوس بەر لەو سوودیان لەم تەکنیك و سنعەت و شێوازە وەرگرتووەو بەکاریان هێناوە. دیارە ئارمانجیان ئەوە بووە کە چیرۆکێن بە رواڵەت جیا جیا پێکەوە بنێن. بە وتەیەکی دی دەیانویست وەکو بروخ،

ڕەگـەزو چـیرۆکێن نـاکۆکو نـا هاوئاهـەنگ بدەنـە دەم یەکـەوە یـان ئاوێتـەی بکـەنو یەکەیـەکی یەکپارچەی لێدروست بکەن. ئەم شێوازە زۆری کار لە من کردو پێم وایە شێوازێکی نەبەکام بوو و نووسـەر کـەمتر هەسـتو نەسـتو سـۆزو گـودازی خـۆی دەخسـتە نـاو ڕۆمانـەوە. بـەڕای مـن باشـترین زاراوە بـۆ ئـەم جـۆرە "سـنعەتە" شـێوازی پـۆلی فـۆنی "فـرە دەنگـی" یـان کۆنترپوانـە "ئاوێتە سازی". ڕاستیت گەرەکە زاراوەیەکی چاکتر لەم دووەم نەدۆزییەوە کە پڕ بە پێستی ئەم تەکنیکو سنعەتە یان شێوازە بێ. زاراوەێن مۆسیقایی دەکرێ زۆر بە باشـی لـە ئەدەبیاتـدا بـەکار بێت. وێڕای ئەمەش هەندێجاران هەندێ جیاوازی دەبینـرێو یەکسانی زاراوەکان زۆر ورد نییـە. بۆ نموونە یەکەم شتێك کە لە بەشی سێیەمی "خەو گەڕان"دا لـە زەوق دەداو مـن حـەزی لێناکـەم ئەمەیە کە پێنج ڕەگەزەکەی ئـەم بەشـە یەکسـان نین لەگـەڵ یەکـدا، لـە حاڵێکـدا لـە کونتـەرپوان دا درێژی میلۆدییـەکان دەبێ یەکسـان بێو ئەمـە یاسایەکەو چ سەرپێچییەك قـەبووڵ ناکـات. بـەڵام ڕۆمانەکەی بروخ وا نییە بۆ نموونە گێڕانەوەی "ئیچ" و "هوگونا" (یەکەم بەشی پێنج ڕەگەزەکە) نەك هەر لـە بەشـەکانی دیکـە گرنگترە ، بـەڵکو لـە ڕووی ژمـارەی لاپەڕەشـەوە ژمارەیـەکی زۆرتـری گرتۆتەوە. وێڕای خواستو ویستی بروخ-ش، کە دروستکردنی یەکێتیو یەکپارچەییە لە نێوان پێنج بەشەکەدا، ئەم بەشە دیارترو سـەرنج ڕاکێشـترەو بەشـەکانی دیکـە دەخاتـە ژێـرەوەو نایـەڵێ خوێنەر بە لایانا بچێ. دووەمین عـەیبی ئـەم ڕۆمانـە پەیوەسـتە بە بەشـی حیکایـەت یـان چیرۆکـی هاناوندلینگ-ە، بەڕای من ئەگەرچـی گونجـانو سـازانی نێـوان هـەر پێـنج بەشـەکە پـارێزراوەو تـا ڕادەیەك هاوتا دەنوێنن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکی هاناوندلینگو یـان بەشـە وتارئامێزەکـەی لەمەڕ لە نێوچوونی بەها مرۆڤانییەکان، دەکرێ هەر یەکێکیان بە تەنیا بە کارێکی سـەربەخۆ بێتـە حەساو کردنو پێویستییەکی ئەوتۆی بەوە نەبێ کە لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا هاوتا یـان یەکسـان بێ. ئەگەر ئەوانە بە جیاو بە شیوەی سەربەخۆ بڵاوبکەیتەوە چ شتێك لە بایەخیان کەم نابێتەوە.

بـەڕای مـن کۆنتـەرپوانی چـیرۆکڤانی یـان بـا بڵـێین ئاوێتـەکاری چـیرۆکڤانی دەبـێ ئـەم دوو تایبەتمەندییەی هەبێ:

1- دەبێ ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی هـەم لەگـەڵ یەکـدا یەکسـان بـنو هـەم لـە ڕووی بایەخـەوە یەکسان بن.

2- لە یەکدی نەیەنە جیابوونەوەو دابڕان.

ئەو ڕۆژەی کە بەشی سێیەمی کتێبی خەندەو فەرامۆشیم، واتـا "فریشـتەکان"م تـەواو کـرد زۆر چاکم لە بیرە کە زۆر لە کارەکەم ڕازی بووم. بە خۆم دەگوت ئیدی کلیلی کاری خۆم دۆزیوەتـەوەو دەزانم چۆن چەند نەقڵێکی جیاواز یان چەند ریوایەتێکی جیاواز پێکەوە بێنم. (فریشـتەکان) لـەم ڕەگەزانە پێك هاتبوو:

1- حیکایەتی دوو کیژە قوتابی زانکۆو شەرحی چۆنیەتی فڕینیان بە ئاسماندا.

2- یەك مانەلۆگ: گوتیار (ڕاوی) ژیانی خۆی لە شێوەی مەنەلۆگدا دەگێڕێتەوە.

3- وتارێکی ڕەخنەیی دەربارەی کتێبێك کە لایەنداری لە ماڤ یەکسانی ئافرەتان کردووە.

4- ئەفسانەیەك لەمەڕ یەك فریشتەو یەك ئەهریمەن.

5- خەونێك دەربارەی فڕینی پل ئەلڤارد بە ئاسمانی پراگدا.

هیچ یەکێك لەم ڕەگەزانە بەبێ ئەوانی دی بوونی دەرەکیو چەمكو مانای نابێ. واتە هەر هەموویان پێکەوە پەیوەستنو ئاوێتەنو لێکدی نایەنە جیابوونەوە. هەر یەکێکیان ئەوەی تریان بەرجەستە دەکاتو دەیژێنێتەوە. ناوەڕۆكو بابەتی ئەم پێنج ڕەگەزە یەك شتە: "فریشتە چییە".

ناوی بەشی شەشەمی ئەم ڕۆمانە، وەکو بەشی سێیەم "فریشتەکانە" بەشی شەشەم لەم ڕەگەزانە پێکهاتووە:

1- خەونێك دەربارەی "تامینا"

2- مەنەلۆگێك دەبارەی مردنی بابم.

3- هەندێك بیرۆکەو بیرکردنەوە دەربارەی مۆسیقا

4- هەندێ بیرۆکە لەمەڕ نەخۆشی هەمەگیری فەرامۆشی (بیرچوونەوە) کە سەرانسەری پراگی گرتۆتەوە. چ پەیوەندییەك لە نێوان مەرگی بابمو ئازاردانی تامینادا لەلایەن منالآنەوە، هەیە؟ پەیوەندی نێوان ئەم دووە وەکو پەیوەندی نێوان (مەکینەی خەیاتیو چەترە) هەردووکیان یەك ناوەڕۆکیان هەیە. من وێنەی مەکینەی خەیاتیو چەترم لە "لوترمون" وەرگرتووە، کە یەکێکە لە ناودارترین وێنەکانی ئەو. بەڕای من ڕەگەزی شیعر لە "پۆلی فۆنی"دا لە شێوازو سنعەتەکانی دی زیاترە. شك نابەم لە هیچ بابەتێکی ئەم جۆرە ئەدەبیاتەدا بەم چڕییە ڕەگەزی شیعر هەبێ. ڕەنگە تەنیا دوا فیلمێن (ئالن رینێ) بگاتە پای ئەم ژانرە ئەدەبیاتە چڕە شیعرە، دوا فیلمەکانی ئالن رینێ زۆریان کار لە من کردووە. شێوازو تەکنیكو سنعەتی کونتەرپوان بە شێوەیەکی پرشنگدار لە فیلمەکانی ئەودا بەکار براوە.

***- پێدەچێت لە "ناڕەحەتی لە تاقەت بە دەری بوون" دا کەمتر سوود لە شێوازی کونتەرپوان (ئاوێتەکاری) وەرگیرابێ.***

- بەڵێ، هەڵبەتە بە ئانقەست ئەوە کراوە. لێرەدا دەمویست خەون، حیکایەتو بیرکردنەوە پێکەوە دابڕژێنو ڕەوتێکی سروشتی وەربگرنو لێکدی نەیەنە جیابوونەوە.

بە باوەڕی خۆم پۆلی فۆنی "فرە دەنگی" لە بەشی شەشەمدا باش گونجاوەو خوێنەر دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەشی شەشەم لەم ڕەگەزانە پێکهاتگە:

1- حیکایەت یان چیرۆکی کوڕی ستالین.

2- چەند بیرۆکەیەك لەمەڕ خوداشناسی.

3- ڕووداوێکی سیاسی لە ئاسیادا.

4- مەرگی فرانس لە بانکوکدا.

5- ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی توماس لە بوهیما (ڕۆژاوای چیکۆسلۆفاکیا) هەر هەموو ئەم ڕەگەزو توخمانە بەدەم یەکەوەو بە یەکەوە، یەك ناوەڕۆکیان هەسو یەك پرسیار دەخەنە ڕوو: "هونەری عەوام پەسند چییە؟"

بەشی شەشەم لە راستیدا بڕبڕەی پشتی رۆمانەکەیە. رەمزو رازو نهێنی رۆمانەکە لەم بەشەدایە.

***- لە قسەکانتدا دەربارەی "خەوگەڕان" ئاماژەیەکشت بۆ "وتاری" چیرۆکڤانی" کرد: ئەو گوتارەی کە دەبارەی لە نێوچوونی بەها مرۆڤانیەکانە.***

- بەڵێ، گوتارێکی جوان و درەخشانە.

***- خوێندنەوەی من ئەوەیە کە گومانت هەیە لەوەی ئەم جۆرە وتارە بتوانێ لە رۆمانێکدا بە باشی جێی ببێتەوە. بروخ لەم جۆرە وتارانەدا زمانێکی تایبەتی هەیە: زمانێکی زانستی و داخراو. بروخ لەم چەشنە وتارەدا بە روونی و راشکاوی قسەی خۆی دەکات، بێئەوەی بیەوێ خۆی لە پشت قارەمانانی چیرۆکەکانییەوە وەشێرێ و بە شێوەیەکی نا راستەوخۆ قسەکانی خۆی بکات، بەو جۆرەی کە شێوەی باوە لەلای "مان" و "موزیل" بە ڕای تۆ دەستکەوتی بروخ لەم راشکاوی و راستەوخۆ قسەکردنەدا نییە؟***

- بۆ نەء، وایە. بە خۆیشی زۆر چاك بەم شەهامەت و توانایەی خۆی دەزانی. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کارێکی مەترسیدارە، چونکە لەوەیە خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم گوتارە وا بزانێ کە مەبەستی سەرەکی رۆمانەکە لەم گوتارەدا خەست بووەتەوەو لە بری "حەقیقەتەکان" بە رۆمانەکەی بزانێ. ئیدی لە جیاتی ئەوەی روو بکاتە خودی رۆمانەکەو پەیوەندی نێوان کاراکتەرەکان بە هەند وەربگرێ، هەموو مەبەستی رۆمانەکە لەو گوتارەدا دەبینێ: کۆمەڵێك قسەی لە دووی یەك ریز کراون، لە راستیدا لێرەدا تای تەرازووی گوتارەکە لە هەموو رۆمانەکە قورستر دەبێ و بونیادی رۆمانەکە دەکەوێتە بەر هەڕەشەی هەرەسهێنان و داڕوخانەوە.

سەیرەکە لەمەدایە کە بە پێچەوانەی خواستی نووسەرەوە، خوێنەر رۆمانەکە بە کارێکی فەلسەفی لە قەڵەم دەدات. ((بروخ بە تایبەتی لەم جۆرە رۆمانە بێزار بوو)) کەواتە چۆن دەتوانرێ لەم مەترسییە پارێز بکرێ و وتارێکی چیرۆکڤانی سەرکەوتوو بنووسرێ؟ بە ڕای من بۆ ئەم بابەتە دەبێ هەمیشە پرەنسیپێکی گرنگ لە بەرچاو بگیرێ: **هەرکە بۆچوونێك یان بیرێك دێتە ناو رۆمان و قەڵەمڕەوی رۆمانەوە، یەکسەر جەوهەرو کرۆکی ئەسڵی خۆی لە دەست دەدات و ماهییەتێکی چیرۆکڤانی وەردەگرێت، لە دەرێی قەلەمڕەوی چیرۆك ئەم بیرە ماهییەتێکی دیکەی هەیە.** هەموو شتێك بنجبڕو دیاریکراوە. هەمووان — فەیلەسوفان، سیاسەتوان، حەس حەس و قەڵاوانان— دڵنیان لەو شتەی کە دەیڵێن، لە قەڵەمڕەوی چیرۆکدا هیچ شتێك بنجبڕو دیاریکراو نییە. چیرۆك دنیای گریمانەو هونەرکارییە. لەم قەڵەمڕەوەدا هەر بیرێك بگری جەوهەرو ماهییەتی گریمانەیی و رەمزو راز ئامێزی هەیە.

***- باشە بۆ نابێ چیرۆکنووس فەلسەفەی خۆی بە شێوەیەکی بنجبڕ دەربڕێ و خۆی لەم مافە سەلماو بەڵگەنەویستە مەحروم بکات؟***

- چونکە خودانی ئەو جۆرە فەلسەفەیە نییە! خەڵکی زۆرجار باسی فەلسەفەی چیخۆف، کافکاو موزیل دەکەن. بەڕای من ئەمە دروست نییە. هەرگیز ناتوانی لە بەرهەمێن ئەم نووسەرانەدا فەلسەفەیەکی یەکدەست بدۆزییەوە، تەنانەت کاتێ کە ئەم نووسەرانە لە دەفتەری بیرەوەری

خۆشیاندا شتێك دەربارەی باوەڕێن فەلسەفی خۆیان دەنووسن، بنجبڕی فەیلەسووفێكیان نییەو بە گومان‌و دوو دڵییەوە دەڕواننە هەموو شتێك. دنیا بەلای ئەوانەوە تەژی ناكۆكییانە. بەڵام فەیلەسوفێك كە ڕۆمان دەنووسێت وەكو ئەو ڕۆماننووسەیە كە بەو چاوە دەڕوانێتە ڕۆمان كە ئەوزارێكە: ئەوزارو هۆیەك بۆ قسەكردن‌و بەس. ڤۆلتێرو كامۆ هیچیان نەیانتوانی بگەنە ئەو كەشفەی كە "ڕۆمان بە تەنیا دەرەقەتی كەشفكردنی دێت". هەڵبەتە (جاكی قەدرزان)ی دیدرو لەم یاسایە بەدەرە، موجیزەیەكی سەیرە: كاتێ فەیلەسوفێكی وشك‌و زۆر جدی پێ دەنێتە قەڵەمڕەوی چیرۆك، ببێ بە هزرڤانێكی هونەروەر! لەم بەرهەمەدا تەنانەت تاقە ڕستەیەكی جددیش نابینی. هەموو شتێك هونەریانەو دڵپەسندە. لەبەر ئەمەیە كە لە فەرەنسادا زۆر بە كەمی ئاوڕ لەم بەرهەمە دراوەتەوە. لە ڕاستیدا "جاكی قەدرزان" هەر هەموو ئەو شتانەی لە خۆ گرتووە كە فەرەنسا لە دەستی داوەو هیچ كاتێ نایەوێ دووبارە بە دەستیان بێنێتەوە. لە فەرەنسادا تەنیا بایەخ بە خەون‌و خەیاڵی بەرهەمی ئەدەبی دەدەن. خەیاڵەكەیان پێ لە خودی بەرهەمەكە گرنگترە. ناتوانرێ "جاكی قەدرزان" بە زمانی خەیاڵ‌و ئەندێشەێن فەلسەفی بێتە دەربڕین، بۆیە لە قەڵەمڕەوی خەیاڵ‌و ئەندێشاندا نایەتە دەرك كردن‌و هیچ مەعنایەكی نییە.

***– لە ڕۆمانی "شۆخی"دا یاروسلاو بۆ خۆی‌و ژیان تێوریەكی تۆمار كردووە، تێورییەكی مۆسیقایی. خوێنەر لە ڕێی ئەم تێورییەوە پەی بە كەسایەتی خانە گومانی یاروسلاو دەبات. بەڵام لە "كتێبی خەندەو فەرامۆشی"دا تێورییەكی فەلسەفی لەلایەن خودی نووسەرەوە، لەلایەن تۆوە تۆمار كراوە، منی خوێنەر چۆن بزانم ئەو تیورییەی لە پشت بەرهەمەكەوەیە ماهیەتییەكی بنجبڕو جددی هەیە یان ماهیەتێكی گریمانەیی ڕەمزوراز ئامێز؟.***

– هەموو شتێك پەیوەندی بە ریتمەوە هەیە. لە ڕێگەی ئاهەنگ‌و ریتمی هەر بەرهەمێكەوە دەكرێ پەی بە هەموو شتێك ببرێ. لە یەكەم وشەو ڕستەكانەوە دەكرێ پەی بەوە ببرێ كە من ویستوومە ئاهەنگ و ریتم‌و شەقڵی هونەركاری، تەوس‌و توانج، بزاڤ، ئەزموون‌و پرسیار بە هەموو شتێك ببەخشم. لە سەرانسەری بەشی شەشەمی (ناڕەحەتی لە تاقەت بەدەری بوون"، واتا (نمایشی مەزن) بریتییە لە وتارێك دەربارەی هونەری عەوام پەسند، هەموو وتارەكە لە یەك ڕستەدا كۆ دەبێتەوە: "هونەری عەوام پەسند ڕەتكردنەوەی ڕەهای چڕی بوونە". ئەم پێناسەیە لای من بایەخێكی تایبەتی هەیە. ئەم پێناسەیە بەرەنجامی بیركردنەوە، ئەزموون، خوێندنەوە و تەنانەت پوختەی هەستە توندەكانی منە. لەگەڵ ئەمەشدا ڕەنگ‌و شەقڵ‌و ئاهەنگ‌و ریتمەكەی جددی نییە، تەنیا سۆز بزوێنە. ئەم وتارە لە دەرێی ڕۆمانەكەدا هیچ مانایەكی نییە. بە تەواوەتی شەقڵێكی چیرۆكڤانی لە خۆ گرتووە.

***– ڕەگەزێكی دیكە كە لە پۆلی فۆنی ڕۆمانەكانتدا زۆر سوودت لێوەرگرتووە خەونە. لە هەموو بەشی دووەمی "ژیان لە جێیەكی دییە"،و بەشی شەشەمی "كتێبی خەندەو فەرامۆشی" و بەشێك لە "ناڕەحەتی تاقەتبەری بوون"، خەونی "تریزا"دا سوودت لەو ڕەگەزە دیتووە.***

– ئەو بەشانەی كە باست كردن زۆر بە ئاسانی دەتوانن خوێنەر بە هەڵەدا بەرن‌و لەوەیە بە شتی ڕەمزییان دابنەن. لە كاتێكدا خەونەكانی تریزا نە ڕەمزین‌و نە ڕەمزو رازو نهێنییەكیان تێدایە.

خەونەکانی ئەو شیعرێکە دەربارەی مەرگ، مەعناو مەبەستیان لە جوانییەکانیاندا پەنهانە، واتا هەر ئەوەی کە تریزای ئەفسوون کردووە. بە هەرحاڵ نازانم تاکو ئێستا بەوەت زانیوە کە بۆچی زۆربەی خەڵکی نازانن چۆن ڕۆمانەکانی کافکا بخوێننەوە؟ چونکە دەیانەوێ ڕەمزو رازێکی تیا کەشف بکەن لە بری ئەوەی بهێڵن خەیاڵاتی کافکا لەگەڵ خۆیدا بیانبات، بە دووی ڕەمزو نهێنیاندا دەگەڕێن. ئیدی لە ئەنجامدا کۆمەڵێك کلێشەیان دەستدەکەوێت: ژیان پوچە (ویان پوچ نییە)، خودا هەیە (یان نییە)و هتد... تۆ لە هونەردا، بە تایبەتی هونەری مۆدرێن، چ شتێك حاڵی نابێ تا نەگەیتە ئەو هەقیقەتەی کە بایەخی خەیاڵ لە ناو خەیاڵەکەدایە نەك لە دەرێی خەیاڵەکە. نوڤالیس کاتێ ستایشی خەون دەکات کە گەییوەتە ئەو هەقیقەتەو دەڵێت: "خەون ئێمە لە یەك نەوایی‌و یەك ڕۆتینەکانی ژیان ڕزگار دەکات"و "بەو هەمە جۆرییەی کە بە ژیانی ئێمەی دەبەخشێت هەندێك لە وشکی‌و جددییەتی ژیانمان کەم دەکاتەوە". نوڤالیس یەکەم کەس بوو کە هەستی بە گرنگی خەون، یان خەیاڵاتی خەوناساو گرینگی خەونی لە ڕۆماندا کرد. دەیویست بەرگی دووەمی ڕۆمانی "هابیزیش فون ئافتەر دینگن" بە شێوەیەك بنووسێت کە خەون‌و واقیع بە ڕادەیەك لێکدیدا جۆشبخۆن کە خوێنەر نەتوانێ لێکدییان جیا بکاتەوە. بۆ نەگبەتی نوڤالیس نەیتوانی بە ئاواتەکەی بگات‌و بەرگی دووەمی ڕۆمانەکەی تەواو بکات، ئەوەی لە بەرگی دووەمی ڕۆمانەکەی ماوەتەوە تەنیا هەندێ سەرەقەڵەمانە کە ئەویش بریتییە لە راوبۆچوونە ئەستاتیکیەکانی نوڤالیس. کافکا سەد ساڵ دواتر ئارەزووەکەی نوڤالیسی هێنایە دی. ڕۆمانەکانی کافکا تێکەڵەیەکن لە خەون‌و واقیع. نە خەونی سەرانسەرییەو نە واقیعی رووت. شتێکە لەم دووە زیاتر. کافکا کودەتایەکی جوانیناسی بەرپا کرد: موجیزەیەك لە بواری جوانیناسیدا. هەڵبەتە هیچ نووسەرێك ناتوانێ ئەو کارەی کافکا دووبارە بکاتەوە. بەڵام منیش حەزدەکەم وەکو کافکاو نوڤالیس کە خەیاڵاتی خەونئامێز موتوربەی ڕۆمان بکەم. هەڵبەتە منیش ڕێچکەو شێوازی تایبەتی خۆم هەیە: لە جیاتی ئەوەی خەون‌و واقیع ئاوێتە بکەم، سوود لە ڕووداوێن (پۆلی فۆنیك) دەبینم. خەون ڕەگەزێکە لەم پۆلی فۆنیکە.

***– تەکنیك و سنعەت یان هونەرو شێوازی "پولی فونی" لە دوابەشی (کتێبی خەندەو فەرامۆشی)دا بەکار نەبراوە، وێڕای ئەمەش ڕەنگە ئەم بەشە لە بەشەکانی دیکە جوانتر بێ. وەکو دەزانیت ئەم بەشە لە چواردە فەسڵ پێکهاتووەو عەشقبازی‌و تەڕداوێنی پیاوێك شەرح‌و شرۆڤە دەکات.***

– دیسان دەبێ پەنا وەبەر زاراوە مۆسیقاییەکان بەرمەوە. بە زمانی مۆسیقا دەکرێ ناوی هونەرو تەکنیکی ئەم بەشە بنرێ "ریتم‌و کۆك"ی جیاواز یان دووبارە کردنەوەی یەك تیمە بە هارمۆنی. جا لێرەدا تیمە وەکو سنوورێکە کە لەو دیوییەوە شتەکان مانای خۆیان لە دەست دەدەن. ژیانی ئێمە تەنیا تا ئەم سنوورە ماناو چەمکی هەیە. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا ئێمە دەمانەوێ خۆ بخەینە مەترسییەوە، پێ بنەینە ئەودیوی ئەم سنوورە. چواردە فەسڵی ئەم بەشە ریتم‌و کۆکی یەك تیمەن، هەموویان یەك هەلومەرج دەگێڕنەوە: هەلومەرجی نێوان ماناداری‌و بێ مانایی‌و پووچی.

***- "کتێبی خەندەو فەرامۆشی"ت بە "ڕۆمانێکی ریتمی کۆك جیاواز" وەسف کرد. ئایا هێشتاش دەکرێ ئەم بەرهەمە بە ڕۆمان بزانرێ؟***

- لەم بابەتە ڕۆمانەدا یەکێتیی ڕووداو نییە، بۆیە بە ڕواڵەت شێوەو فۆرمی ڕۆمانی نییە. خەڵکی ناتوانن تەسەوربکەن کە لە نێوان بەشە جیاکانی ڕۆمانەکەدا یەکێتیی ڕۆمان نەبێ، تەنانەت ئەو ئەزموونانەی کە لە بواری ڕۆمانی نوێشدا ئەنجامدراون لە چوارچێوەی یەکێتی ڕووداو "ویا بێ ڕووداوی" بەدەر نەبووە. (استرن) و (دیدرو) ئەگەرچی ئەم یەکێتی ڕووداوەیان بە تەواوەتی لە بەین نەبردووە، بەڵام تەواو تێکیان شکاندووە. لە (جاکی قەدرزان)دا گەشت و گەڕانی جاك و ئاغاکەی تەنیا بیانوویەکەو بەس، بیانوویەکی تەنزئامێزە کە دیدرۆ دەیەوێ لە ڕێگەیەوە بۆچوونەکانی خۆی، چیرۆك و سەربوردەکانی خۆی، رازی دڵی خۆی بگێڕێتەوەو بەس. خۆ ئەگەر ئەم هێڵە چیرۆکڤانییە، ئەم بیانووەش نەبووایە چ کەسێك ئەو کارەی بە ڕۆمان نەدەزانی. ئەم هێڵە دەبێ هەبێ تا خوێنەر هەست بکات ڕۆمان دەخوێنێتەوە. جا لە (کتێبی خەندەو فەرامۆشی)دا ئەم بیانووەش نەماوە. تەنیا تیمەو ریتم و کۆکی جیاواز هەس. جا ئەم ریتم و کۆکە جیاوازو تیمە هەمە جۆرانە ڕۆمانەکە دەخوڵقێنن. دەکرێ ئەمە ناوبنرێ ڕۆمان؟ بەڵێ ڕۆمانی میانچی بوونە. نێوانچییەك کە چیرۆکی بوون بە کۆمەکی کاراکتەرانی خەیاڵی وەسف دەکات. لێرەدا نووسەر لە رووی فۆرمەوە چ سنوورێك ناناسێت و سنوور بۆ خۆی دانانێت. بە درێژایی مێژوو، ڕۆمان نەیتوانیوە سوود لە ئیماکانیاتی بێ سنووری فۆرمی خۆی وەربگرێ. دەرفەتی زۆری لە دەست داوە.

***- جگە لە "کتێبی خەندەو فەرامۆشی" لە ڕۆمانەکانی دیکەتدا یەکێتیی ڕوواو هەیە، هەڵبەتە لە (ناڕەحەتی لە تاقەت بەدەری بوون)دا ئەم یەکێتییە زۆر کزو کەم ڕەنگە. وانییە؟***

- وایە. هەڵبەتە بەڕای خۆم لەم بەرهەمانەدا شتێکی گرنگتر لە یەکێتیی ڕووداو هەیە، فاکتەرێکە یەکیاندەخات و پێکەوەیان دەبەستێ: یەکێتیی مەسەلە میتافیزیکییەکان. یەك تیمە بە ریتم و کۆکێن جیاواز (بۆ نموونە تیمەی "باوکایەتی" لە "کۆڕو مەجلیسی بەڕێکردن"دا. لە مانە بترازێ دەبێ ئەوە لەبەر چاو بیرێ کە بناغەی ئەم ڕۆمانانە بریتییە لە چەند واژەو زاراوەی کلیلی. ڕێك وەکو نۆتەکانی مۆسیقای "شونبرگ". بۆ نموونە (کتێبی خەندە وفەرامۆشی) لەسەر ئەم زاراواە ڕۆنراوە :: ( فەرامۆشی، خەندە، فریشتەکان، Litost، سنوور) بە درێژایی ڕۆمانەکە ئەم پێنج وشەیە دێنە تۆژینەوەو هەڵسەنگاندن و ناساندن و لێکۆڵینەوە. "بوون" لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێنج زاراوەیە یان وشەیە دێتە شیکردنەوە.

ڕێك وەکو ڕۆنانی خانوو لەسەر بناغەو پایەکانی. کۆڵەکانی عیمارەتی (ناڕەحەتی لە تاقەتبەدەری بوون) بریتیین لەم زاراوانە: قورسی، ناڕەحەتی، ڕوح، بەدەن، نمایشی مەزن، چڕی، هونەری عەوام پەسند، بەزەیی، سەرەگێژکێ، تواناداری، و بێ توانایی یان بێ هێزی. جا ئەم زاراوانە لەبەر تەبیعەتی موتڵەق گەرایانەی خۆیان بێ هاو واتان. ئەمە ئەو خاڵەیە کە دەبێ بەردەوام بە گوێی پاچڤەوانانی بەرهەمەکانی خۆمیا بدەم. ئاخۆ وەرگێڕەکان، لەبەر "جوانی

شێواز" حەزناکەن وشەیەك چەند جارێك دووبارە بکەنەوەو وایان پێخۆشە لەجیاتی دووبارە کردنەوەی یەك وشە، سوود لە هاو واتاکانی وەربگرن.

***– کە سەیری بونیادی رۆمانەکانت دەکەین دەبینین جگە لە یەك بەرهەمت، هەموو بەرهەمەکانی دیکەت لە حەوت بەش پێکهاتوون.***

– کە یەکەمین رۆمانم، (شۆخی) تەواو کرد بە بیری خۆشمدا نەهات کە بۆچی ئەم رۆمانە لە حەوت بەش پێکهاتووە. پاشان بە رۆمانی (ژیان لە جێیەکی دیکەیە) خەریك بووم. رۆمانەکە روو لە تەواو بوون بوو و لە شەش بەش پێکهاتبوو. کتوپڕ سەیرم کرد رۆمانەکە شتێکی کەمەو دەبێ بەشی حەوتەمی بۆ زیاد بکەم: چیرۆکێکی تازە، رووداوەکانی ئەم چیرۆکە تازەیە پەیوەستە بە سێ ساڵی پاش مەرگی قارەمانی رۆمانەکەوە. بە وتەیەکی دی ئیدی ئەم بەشە تازەیە لە زەمانبەندی (کرۆنۆلۆجی) ئەسڵی رۆمانەکە جیا بوو. ئەم بەشە تازەیەم ناونا ((پیاوی میانە ساڵ)). هەرکە ئەم بەشە زیاد کرا ئیدی بونیادی رۆمانەکە تەواو بوو. زۆری پێ نەچووهەستم کرد، بونیادی ئەم بەرهەمە بە شێوەیەکی زۆر سەیر شێوەو بونیاندی "شۆخی" وەرگرتووە. بەشی حەوتەمی (شۆخی)ش باسی کەسایەتییەکی دەرەکی دەکاتو پەنجەرەیەکی نهێنی لە دیواری رۆمانەکە دەکاتەوە. ((عەشقێن پێکەنیناوی)) لە سەرەتادا لە دە چیرۆك پێکهاتبوو. پاشان لە دوا دەقدا سێ چیرۆکیان لابران. لە رووی بونیادەوە ئەم حەوت چیرۆکە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ رۆمانەکەی پاش خۆیدا هەیە، وەك بڵێی بانگەوازێکی پێشوەختەی بونیادی ئەوە، مەبەستم کتێبی خەندەو فەرامۆشییە. لە "عەشقێن پێکەنیناوی"دا، دکتۆر "هاول" کە یەکێکە لە قارەمانانی رۆمانەکە، حیکایەتو چیرۆکی چوارەمو شەشەم پێکەوە دەبەستێت. بەشی چوارەمو شەشەمی (کتێبی خەندەو فەرامۆشی)ش لە رێگەی یەکێك لە قارەمانانی رۆمانەکەوە پێکەوە گرێ دەخۆن. "تامینا". کاتێ دەمویست دەست بە "ناڕەحەتی لە تاقەت بەدەری بوون" بکەم، سوور بووم لەسەر ئەوەی کە ئیدی دەستبەرداری ئەم بونیادە حەوت بەشییە ببم. ئاخر رۆمانەکانمان لە ڕادەبەدەر یەك بونیادیان وەرگرتبوو. بە هەرحاڵ کە "ناڕەحەتی لە تاقەت بەدەری بوون" تەواو بوو، سەیرم کرد کە رۆمانەکە لە راستیدا لە دوو بەش پێکهاتووە. وەکو پشیلەی سیامی مەگەر بە نەشتەگەرییەکی ورد بمتوانیبایە ئەو دوو بەشە لێکدی جودا بکەمەوە. هەموو ئەمانەم تەنیا بۆ ئەوە گوت کە پێت وانەبێ باوەڕم بە خورافات هەیەو باوەڕم بە توانای جادوویی ژماران هەیە، یان بە ئانقەست رۆمانەکانم کردوون بە حەوت بەشەوە. بەڕای خۆم بەشێوەیەکی نا ئاگایانە لە ژێر کاریگەری پێداویستییەکی نادیاری لە وەسف نەهاتووی لە دەرك نەهاتگ بوومە: جۆرە "وێنەیەکی ئەزەلی جیهانێك" کە لێم نابێتەوە. بەڵێ، هەموو رۆمانەکانم لە رووی بونیادەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان لە ژێر کاریگەری حەوتدا بووە.

***– ئەوەی کە ڕۆمانەکانت بەسەر حەت بەشدا دابەش دەکەیت بێگومان لەوەوە هەڵدەقوڵێت کە دەتەوێ ڕەگەزێن ناهاوئاهەنگ لەپاڵ یەکدا دابنەی‌و بدەیتە دەم یەکەوەو یەکەیەکی یەکپارچەیی گونجاوو هاوئاهەنگیان لێپێك بێنی. عادەتەن هەر بەشێك لەو حەوت بەشە ڕەنگ‌و بۆی تایبەتی خۆی هەیەو دنیایەکە تایبەت بەخۆی. هەر یەکێك لەم بەشانە بە تەواوەتی لە بەشەکانی تر جیاوازە ، چونکە فۆرمی تایبەتی خۆی نییە. بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە بە ڕۆکم دەگرێ کە بۆچی هەر بەشێك دەبێت بە چەندین فەسڵەوە.؟***

– فەسڵەکانیش دەبێ دنیای بچووکی خۆیان بخوڵقێنن، ئەوانیش پێویستە بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەربەخۆ بن. جا بۆیە من زۆرم مەبەستە کە ژمارەی فەسڵەکان بە تەواوەتی دیار بێ‌و هەمیشە داوا لە بڵاوەکارانی خۆم دەکەم کە بە وردی‌و بەتەواوەتی فەسڵبەندی بەرهەمەکانم ڕەچاو بکەن. فەسڵەکان لەو نیشانانە دەچن کە لە مۆسیقادا درێژی هەر پارچەیەك دەست نیشان دەکەن. هەندێ لەم نیشانەو پێوانانە (فەسڵەکان) درێژەو هەندێکیان کورتە. هەندێجاریش درێژییان پابەندی یاسا نییە. دەشێت هەر فەسڵێك لەم فەسڵانە بە هەنگاوێك یان پەیژەیەکی مۆسیقا بشوبهێنین: هەنگاوی مامناوەندی، هەنگاوی هێواش،هەنگاوی توندوخێراو... هتد. بەشی شەشەمی (ژیان لە جێیەکی دیکەیە) هەنگاوی ئارام‌و هێواشە. بە هەنگاوی زۆر هێواش‌و حاڵەتێکی مالیخولیایی باسی مامەڵەی پیاوێکی کورتە باڵای میانە ساڵ‌و کیژێکی لاو دەکات کە تازە لە زندان ئازاد بووە. دوا بەشی ئەم ڕۆمانە هەنگاوی بلەزو خێرایە: فەسڵەکانی ئەم بەشە کورتن. لەم فەسڵانەدا بەخێرایی بە (جارومیل)ی لە حاڵەتی گیانەڵلاو بە "رامبو"، "لیرمانتۆف" و دوا جار بە پوشکیندا تێدەپەڕین. لە کاتی نووسینی "ناڕەحەتی لە تاقەتبەدەری بوون"دا دەمویست فۆرمێکی موسیقایی بدەمێ. بەلای کەمەوە پێشوەختە دەمزانی کە دوا هەنگاوی ئەو کتێبە دەبێ هێدی‌و ئارام بێ. ئەم بەشە تا ڕادەیەك کورتەو چ ڕووداوێکی تیا ڕوو نادات. هەموو ڕووداوەکان، ئەگەر بتوانرێ ناوی ڕووداوی لێبنرێ، لە یەك شوێندا ڕوو دەدا. ئەم بەشە یەجگار ئارام‌و گونجاوە. هەروەها دەشمزانی کە دەبێ هەنگاوی بەشی دواتر توند و خێرابێ: مەبەستم هەمان بەشە کە ناوی نمایشی مەزن"ە.

***– لە نێو بەرهەمەکانتدا تەنیا یەك بەرهەمت لەخەت دەرچووەو لە حەوت بەش پێك نەهاتووە. کۆڕی بەرێکردن" لە پێنج بەش پێکهاتووە.***

– "کۆڕی بەرێکردن" لەسەر بناغەی فۆرمێکی دیکەی "وێنەێن جۆری ئەزەلی" ڕۆنراوە. ئەمە بەرهەمێکی تەواو یەکگرتووە کە تەنیا یەك تیمەو بابەتی لە خۆگرتووە. هەر هەموو بەرهەمەکە بە یەك هەنگاو دەگێردرێتەوەو فۆرمێکی زۆر نمایشی گرتۆتە خۆ. لەم بەرهەمەدا بایەخێکی تایبەتی بە شێواز دراوە. لە ڕووی فۆرمەوە لە ژێر کاریگەری نمایشی "ڕەشبازی"دا بوومە. ئەشقێن پێکەنیناوی"ش، سەبارەت بە بەشی "سمپوزیوم"، تەواو لەسەر بنەمای فۆرمی نمایشێن ڕەشبازی نووسراوە. ڕەشبازییەك لە پێنج پەردەدا.

***– مەبەستتان لە "ڕەشبازی" چییە؟***

– مەبەستم نمایشێکە کە جەختێکی زۆر لەسەر زەمینەسازیو نەخشە دەکات. لەم جۆرە نمایشەدا زەمینەسازیو نەخشە، نێوەڕۆكو ماهییەتێکی چاوەنۆڕ نەکراوو ڕێکەوتامێزو غافڵگیرانەی هەیە. زەمینەسازیو پلۆتو نەخشە لە ڕۆمانی ئەمڕۆدا بووە بە تیشکی گومان لێکراو، مایەی پێکەنین، کۆپیەکی بێ تامو بێ لەزەت، لە فلۆبیر بەم لاوە ڕۆماننووسان هەوڵیانداوە خۆیان لە شەڕی زەمینە سازیو پلۆت نەجاتبدەنو کەمتر ئاوڕ لەم بابەتە دراوەتەوە. لە ئەنجامدا ڕۆمان بووە بە شتێکی خەمگینتر لە خودی ژیان.

بەڕای من تاقە چارەسەرێك کە هەم ڕۆماننووس بتوانێ خۆی لە شەڕی بابەتو زەمینەسازی تەقلیدی بخەڵەسێنێو هەم بیپارێزێ، ئەمەیە خۆی لە ڕووداوێن گریمانەیی و ئەگەرەوانی "احتمالی" بپارێزێ. نووسەر دەتوانێ نەخشەو پلۆتو زەمینەسازی بەپێی ڕووداوانێ بەرێتە پێشی کە نا موحتەمەل بێ. کافکا لە ڕۆمانی "ئەمریکا"دا ڕێك ئەم شێوەیەی بەکار بردووە. لە فەسڵی یەکەمدا کۆمەڵێك ڕووداو دەبنە باعیسی دیداری "کارل" لەگەڵ مامیدا.

ڕووداوگەلێکن کە ڕوودانیان لە دنیای واقیع دا لە گوین نییە. کافکا بەو ڕووداوە لە گوین نەبووانە، ئەو ڕووداوانەی کە تێکەڵەیەکە لە خەونو واقیع، هەنگاوی یەکەم بەرەو جیهانی سوریالیستی دەنێت. کافکا بە کۆمەکی نەخشەو پلۆتی مەجازیو ڕەمزیو لە دەرگای تەنزو تەوسەوە پێدەنێتە ناو ئەم جیهانە.

***– بەڵام بۆچی فۆرمی کۆمیدیو ڕەشبازیت بۆ ڕۆمانەکانت هەڵبژاردووە کە لە بنەڕەتدا تەبیعەتێکی سوعبەتاویو سەرگەرم کارانەی هەیە؟ خۆ ڕۆمان بریتییە نییە لە سەرگەرمی؟***

– ئەزقەزا جۆرە سەرگەرمییەکە. نازانم فەرەنسییەکان بۆچی ئەوەندە سەرگەرمی بە کەم دەزانن‌و ڕقیان لێیەتی؟ ئەرێ بەڕاست فەرەنسییەکان بۆچی ئەوەندە حەساسییەتیان بە وشەی (diverssement) هەیە؟ ڕاستت دەوێ بەڕای من بەرهەمی سەرگەرمکەر زۆر لە بەرهەمی ڕۆتینی یەکنەواو تاقەتبەر باشترە. ئەو کەسانەی کە حەساسییەتیان دەرهەق بە هونەری سەرگەمکەر هەیە، ڕەنگە بکەونە داوی هونەری عەوام پەسندەوە. هونەرێکی عەوام پەسندی ڕواڵەت دڵگیری میکاج کردگ، هونەرێك کە بەو ڕواڵەتە جوانەیەوە تەنانەت هونەرمەندانی نوێخوازی وەکو "ئیلوار"ی فریوو داوە یان تازەترین فیلمی "ئیتور سکولا"، "سەما" لێی نەخەلەسیوە. بەڕای من ئەم ڕستەیە زمانحاڵی ئەم جۆرە بەرهەمەیەو دەتوانرێ بەعینوانی فەرعی بزانرێن: "مێژووی فەرەنسا وەکو هونەری عەوام پەسند". دیارە هونەری عەوام پەسند، نەك هونەری سەرگەرمکار، نەخۆشیی ڕاستەقینەی هونەرە، و هەر ڕۆماننووسێکی واقیعی بۆ هونەرێکی لەوبابەتە بێ قەرارو دڵتەنگ. لە ڕاستیدا هەموو بەرهەمێکی سەرگەرمکەری گەورە نێوەڕۆکێکی تەواو جددی هەیە. تۆ دیقەتی بەرهەمەکانی سیرڤانتس بدە! ناوەڕۆکی بنەڕەتی لە "کۆڕی بەرێکردن" ئەم پرسیارەی لە خۆگرتووە: ئایا بەشەر شایستەی ئەوەیە کە لەسەر زەوی بژی؟ ئایا بەشەر "نابێ" ئەم سەرزەمینە لەم وەزع ورەوشە دژوارەی کە خۆی تێی خستووە ڕزگار بکات؟ تاقە ئارەزووی گەورەی ژیانم ئەمە بووە کە جددیترین گرفتی بەشەری لە قاڵبی خۆشترین فۆرم دا دەربڕمو یەکێتیی لەنێوان ئەم دووەدا چێبکەم. ڕەنگیشە ئەم ئارەزووە،

ئارەزوویەکی هونەرمەندانە نەبێ. ئەگەر بابەتێکی زۆر زیندوو و جددی لە قاڵبی کۆمیکدا بێتە دەربڕین ئەوا دەستبەجێ ناوەڕۆکی ئەسڵی ئەو بابەتە ئاشکرا دەبێ و خوێنەر پەی بە پووچییەکەی دەبات. (مەبەستم هەموو گیروگرفتەکانی ژیانە: لە گرفتی سێکس و گرفتێن ناو نوێنی خەوتنەوە بیگرە تا ئەو گرفت و مەسەلانەی کە پەیوەست دەبن بە دەوری ئێمە لە شانۆی مێژوودا. "ئێمە ناڕەحەتی لە تاقەتبەدەری بوون دەجەڕبێنین.

***– بەم حەساوە بێ، دەکرێ یەکەمین بەرهەمت لەگەڵ دووا بەرهەمتدا "کۆڕی بەڕێکردن" یەک ناویان هەبێ؟***

– دەکرێ ناوی هەر یەکێک لە ڕۆمانەکانم بنرێ "ناڕەحەتی تاقەتبەری بوون"، "شۆخی"، یان "عەشقێن پێکەنیناوی". دەتوانی هەمیشە جێگۆڕکێ بە عینوانەکان بکەی. هەموو ئەم عینوان و ناونیشانانە دەربڕی کۆمەڵێک بابەت و ناوەڕۆکن کە ساڵانێکە پێیانەوە گینگڵ دەدەم، مانایان بە من بەخشیوەو بەدبەختانە دەست و پێیان گرتووم. جگە لەم چەند ناوەڕۆک و بابەتە چ پەیڤێکی دیکەم بۆ گوتن یان نووسین نییە.

***– کەواتە بە پێی قسەکانی خۆت دەتوانرێ ڕۆمانەکانت لە رووی بونیادەوە بکرێن بە دوو دەستەوە: پۆلی فۆنی: لەم جۆرە ڕۆمانەدا رەگەزێن نا هاوئاهەنگ و نا تەبا لێکدراون و یەکێتییان لە نێواندا دروستکراوە. ئەم دەستە ڕۆمانەت لە حەوت بەش پێکهاتوون. رەشبازی، کە لە رەگەزێن هاوئاهەنگ پێکهاتووە، فۆرمێکی نمایشی شانۆیی هەیەو زیاتر سوود لە رووداوی نا موحتەمەل وەردەگیرێ. ئایا کوندیرایەکی دیکە لەدەرێی ئەم دوو بونیادەدا نییە؟***

– هەمیشە بەئاواتەوە بووم کە خیانەت لەم دوو هاوسەرەی خۆم بکەم. لێ چبکەم کە هێشتا نەمتوانیوە بەسەر سروشت و تەبیعەتی دوو لایەنەی خۆمدا زاڵ بم.

***سەرچاوە: کارنویسندە/ ترجمە: احمد اخوت***
***چاپ اول 1371 نشرفردا***

**حەمە کەریم عارف**

* **کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.**

- **لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.**
- **یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.**
- **لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.**
- **سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222، گۆڤاری نەوشەفەق.**

*** جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.**

***لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.**

- **لە هەشتاکانەوە تا 2010/8/20راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.**
- **زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:**

1- **تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم 1979**
2- **کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،1988،چاپی سێیەم 2007**
3- **بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم 1988**
4- **داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم 2005**
5- **لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان**
6- **کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم 1987 شاخ**
7- **نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،1985 چاپی سێیەم 2005**

8- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ1987چاپی چوارەم 2009 وەشانخانەی سایە،سلێمانی
9- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) 1983، چاپی دووەم، 2007
10-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، 2009 خانەی وەرگێران.
11- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم 2000 دەزگای گوڵان
12 – بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم 2006
13- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دوورە وڵات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان
15- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،2006
19- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم 2006،نووسەرانی کەرکوك
20- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ1،دەزگای موکریانی
21- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ1 ،2005،نووسەرانی کەرکوك
22-دیدارو دەق و رەخنە،چ2005،1
23-دیداری چیرۆکڤانی، چ2005،1
24-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ2008،1نووسەرانی کەرکوك
25- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

26- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم 2005
27- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ19981،1
28- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم 2004
29- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006
30- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم 2011
31 –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم 1998
32- چینی کۆن، چ1(       )دەزگای موکریانی

---

33- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
34- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

35- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

36- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
37- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.
38- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ
39- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
40- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)
41- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم 2009، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی
42- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

43- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.
44- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەلماز گونای
45- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان
46- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)
47- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (23ئەفسانە)

---

48- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008
49- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
50- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ1،دەزگای سەردەم 2009

---

51- گۆڤەنـد و زنـار (فەرهـەنگی فارسـی – کـوردی) حەمـە کـەریم عـارف، چ1(2006-2008)دەزگای موکریانی
52-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ1، 2001

---

53- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
54- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
55- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
56- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
57- گوگول، نووسەری ریالیست
58- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی
59- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
60- خافروغ لە شیعر دەدویٚ، ژیان و بەرهەمی

---

61- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان
62-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(1)،2005

---

63- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم2008
64- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
65- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
66- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ2004،1،دەزگای سپیرێز
67- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ2006،1دەزگای موکریانی
68- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
69- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ2، 2006
70- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ1(2005)دەزگای موکریانی
71- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ1،یانەی قەڵەم 2006
72- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
73- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ1) 2006
74- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ2007،1
75- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ1، 2008
76- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ1، 2005نووسەرانی کەرکوك
77- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ1) دەزگای موکریانی،2009
78- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
79- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ1، 2004
80- خیانەتی حەلاڵ، حەمە کەریم عارف
81-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
82-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
83-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
84-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، حەمە کەریم عارف
85-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
86-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
87-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
88-ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمة جلال زنگابادی
89-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
90-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
91-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف
92-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی
93- نامەکانی تولستۆی

94- جەمیلە، ڕۆمان   جەنگیز ئایتماتۆف

95- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد

96- الرحیل الدامی....تقدیم وترجمە: جلال زنگابادی

97- کلأو سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن

98- ئەو پیاوەی سێبەرەکەی خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ

99- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ

100- خەیام...زانای شاعیران، شاعیری زانایان

* لە ڕاپەڕینەوە تا نەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بلأودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بلأو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...